گوزارشتی مۆسیقا

ن: د. فوئاد زەكریا و: حەمە كەریم عارف

پێشەكی

ئەمڕۆكە مشت و مڕێكی ئەدەبی دەربارەی سروشتی هونەرو ئامانجەكانی هونەر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەكانماندا دەبینرێ، كە ئاخۆ دەبێ هونەر پەیامدار بێ یا هەر هونەر لەپێناوی هونەردابێ. هەرچەندە ئەم مشت و مڕە ئاوی زۆری كێشاوەو ماوەیەكی زۆری خایاندووە، بەڵام لایەنگرانی هیچ لایەنێك لەو دوو لایەنە هەوڵیان نەداوە لەیەكدی نزیك ببنەوەو لەگۆشەنیگای یەكدی تێبگەن، كەچی ئاشكرایە كە كرۆكی ئەركی لێكۆڵەرەوە لە هەر هونەرێك لەهونەرەكان، ئەگەر بیەوێ باس و لێكۆڵینەوەكەی پابەند بێ بەكێشە فیكرییەكانی سەردەمی خۆیەوە، ئەگەر بیەوێ هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو كێشانەوە دەربڕێ و واتا جۆراجۆرەكانی بخاتە بەر وردەبینی لێكۆڵینەوەوە، ئەگەر بیەوێ لەنزیكەوە ئەو كێشانە موناقەشە بكات، ئەوا نابێ خۆی لەو مشت و مڕانە دوورەپەرێز بگرێ.

یەكەم شتێك كە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بكەم ئەوەیە كە، كێشەی هونەری پەیامدارو هونەر لەپێناوی هونەردا وای لێهاتووە لەلای زۆربەی ئەوانەی خۆیانی لێدەدەن مانای خۆی لەدەستداوە، ئەو مەسەلەیەی كە لایەنگرانی بیرۆكەی هونەر لەپێناوی هونەردا داكۆكی لێدەكەن بریتییە لەمەسەلەی خۆبەخۆیی هونەرمەند، مەبەست لەوەیە كە نابێ چ ئامانجێك لەدەرێ را بەسەر هونەرمەندا بسەپێنرێ، بەڵكو دەبێ وازی لێ بهێنرێ تا گوزارشت لەو شتە بكات كە خۆی هەستی پێدەكات.

ئەو هەڵەیەی كە زۆربەی لایەنگرانی بیرۆكەی هونەری پەیامدار (گوناحم دەگا ئەگەر بڵێم هەر هەموویان) تێی دەكەون ئەوەیە كە بەجۆرێ بانگەوازەكەیان دەخەنەڕوو وەك بڵێی ئامانجێكی دیاریكراو بەسەر هونەرمەند بسەپێنێ و دەبێ هونەرمەند هونەرەكەی بۆ خزمەتی ئەو ئامانجە تەرخان بكات، دیارە ئەم هەڵەیە گەورەترین هەڕەشە لەمەسەلەكەیان دەكات و خەنیمەكانیان لەئاسمانێ را دەیقۆزنەوەو بەقازانجی خۆیان و دژ بەوان بەكاری دەهێنن، چونكە گومان لەوەدا نییە كە ئازادی ئەفراندن و خۆبەخۆیی داهێنان مەرجێكی بنەڕەتی هەموو بەرهەمێكی هونەری بێ خەوشەو ئەگەر ئەم مەرجە نەمێنێ ئەوا كارە هونەرییەكە دەبێ بەشتێكی دەستكردو بێ گیان.هەروەهێ بانگەوازی هونەر لەپێناوی هونەریشدا خاڵێكی لاوازی ئەوەندە زەقی تێدایە لەوانەیە رێبازی لایەنگرەكانی لەبناغەوە هەڵتەكێنێ– ئەویش جلەو شۆڕكردنە بۆ بیرۆكەو ئازادی و خۆبەخۆیی تا ئەو رادەیەی واز لەهونەرمەند دێنن بەئارەزووی خۆی بەرهەم بخاتەڕوو تەنانەت ئەگەر بەرهەمەكەشی رووخێنەرو دژ بە بنەما مرۆڤایەتیەكان یا ئەو كۆمەڵە بێ كە هونەرمەندەكە

تێیدا دەژی، تەنانەت ئەگەر بەرهەمەکەشی گیانی سەرشۆڕی و داوەشین لەنێو کۆمەڵدا بڵاوبکاتـەوەو کێشـە راسـتەقینەکانی ئـەو کۆمەڵـە پشـتگوێ بخـات. بـێ چەندوچـون هونـەر مەسئولیەتێکی گەورەیـەو هەرکـە هونەرمەند رێی بەخۆیدا هونەرەکەی لەنێو خەڵکی بڵاوبکاتەوەو هـەر بەوەنـدەوە نەوەسـتا کـە هونەرەکـەی هەر بۆ خودی خۆی و سەرگەرمی خۆی تەرخان بکات، مانـای ئەوەیـە چـووەتە ژێـر بـاری ئـەم مەسئولیەتە گەورەیە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو شوێنەوارەی کە کارە هونەرییەکانی لەسەر کۆمەڵ جێ دێڵێ موحاسـەبە بکرێ.

کەواتە هەڵوێسـتی هـەردوو لایەنەکـە خـاڵی لاوازی تێـدا هەیـەو پێویسـتە بـژاربکرێن، هـەروەها هەڵوێسـتی هەردوو لایەنەکە هەڵاوێردەی (میـزە) خۆیـان هەیـەو دەبـێ بپـارێزرێن. یـانی حـاڵ و وەزعـی ئاسـایی هونـەر ئەوەیە کە ئازادو خۆبەخۆ بێ و لـە هـەمان کاتـدا فاکتـەرێك بـێ لەفاکتـەرەکانی پێشخسـتنی کۆمـەڵ بـەرەو ئایندەیەکی پرشنگدارو رووناك.

باشـە چـۆن ئـەم دوو مەرجـە بەرواڵـەت نـاکۆك و ناتەبایـە پێکـەوە بگـونجێنین؟ گومـانم لـەوەدا نیـە کـە هونەرمەندی راستەقینە ئەگەر وازی لێ بهێنـرێ و چ شـتێکی لـەدەرێ را بەسـەر نەسـەپێنرێ ئـەوا خۆبـەخۆ هونەرێکی پەیامدار بەرهەم دێنێ، بێگومان کۆمەڵێك بێتە سەر بەراورد لەنێوان هونەرمەندێکدا کە بەپێرییەوە بێ و هونەرمەندێکدا کە خۆی لەگیروگرفتەکانی ئـەو کۆمەڵـە کـەڕ بکـات و دوورە پـەرێز بوەسـتێ ئـەوا تـای هونەرمەنـدی یەکـەم دەگـرێ نـەك دووەم، بـەڵکو رەخنـەگری شـارەزاش دەبـێ تـای یەکـەم بگـرێ، چـونکە کۆڵەکەی هونەر بەر لەهەموو شتێك هەستی تێژو ناسکە، جا هونەرمەنـدێك هەسـتی جـام بـبێ و بگاتـە ئـەو رادەیـەی هەسـت بـەگیروگرفتی کۆمەڵەکـەی دەوروبـەری خـۆی نـەکات- بـۆ نموونـە هـەموو گیروگرفتـەکان لەتامەزرۆیی سێکسیدا ببینێ و لـەکاتێکا کۆمەڵگاکـەی پـڕ بـێ لـەگیروگرفتی زینـدووی ئـەوتۆ کـە چارەسـەر کردنیـان بـۆ دابینکردنـی ژیـانی رۆڵـەکانی ئـەو کۆمەڵگایـە پێویسـت بـن- دیـارە ئـەم چەشـنە هونەرمەنـدە ناوەکەشی لێ خەسارە، هەر ئەم پێوەرو عەیاری بەراوردکارییـە واتـە ناسـکی هەسـت و تیـژی سـەرنجە کـە وامان لێدەکات ئەو هونەرمەندەمان بەلاوە پەسەندتر بێ کە بەشداری گیروگرفتەکانی کۆمەڵگاکەی دەکـات و یارمـەتی دەدات لـە چارەسـەرکردنیاندا.. لـەو هونەرمەنـدەی کـەخۆی دوورەپـەرێز دەگـرێ و گیروگرفتـە زاتییەکانی خۆی دەکاتە مەزەی سەرگەرم کردنی خەڵکی.

کەواتە خۆبەخۆیی و پەیامداری هونەر بەهیچ جۆرێ ناکوك و ناتەبانین، بێگومانم لەوەی ئەگـەر مەسـەلەکە بـەمجۆرە تەماشـا بکـرێ لەگـەڵێ گفتوگـۆ و مشـتومڕی نـا پێویسـت دوورمـان دەخاتـەوە، ئـەو گفتوگـۆو مشتومڕانەی هـەر لایـەنێك لـەدوو لایەنەکـە پێـی لەسـەر دادەگـرێ بـێ ئـەوەی هـەوڵ بـدات لـەڕاو بۆچـوونی لایەنەکەی دی حاڵی ببێ، بۆچوونی دەستەی هونەر بۆ هونـەر ئەوەیـە وادەزانـن خەنیمـەکانیان هەوڵـدەدەن سنوری سەربەستی هونەرمەند تەنگ بکەنەوەو بابەتی دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنن، (ئەگەر قسەی هەندێك لەجارڕەرانی هونەری پەیامدارشی بکەینەوە دەبینین جـارڕەرانی هونـەر بـۆ هونـەر لـەم قسـەیەیاندا هەنـدێ

بیانووی خۆیان هەیە، کەچی راوبۆچوونی دەستەی هونەری پەیامدار ئەوەیە کە ئازادی و خۆبەخۆیی بێ قەیدوشەرت لەگەڵ گۆشەگیری و تاك رەویدا یەك دەگرێتەوە)، (ئەمانیش لەم بۆچوونەیاندا هەندێ بیانووی خۆیان هەیە) خۆ ئەگەر هەر دەستەیەك لەم دوو دەستەیە، هەڵوێستی دەستەکەی دی شی بکاتەوە ئەوا بەئاشکرا دەردەکەوێ کە چ ناکۆکی و ناتەباییەکیان لەنێواندا نییە! ئەگەر شیکردنەوە بێ بناغەکان لە هەردوو هەڵوێستەکەدا.لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدوورودرێژی باسی یەکێك لەو کێشانە دەکەین کە لەکۆمەڵگاکەماندا هەیەو چارەسەرکردنی بەکارێکی پێویست دەزانین، ئەویش گیروگرفت و کێشەی گوزارشتی مۆسیقایە، ئەو دوا چارەسەرەش کە لەکۆتایی کتێبەکەدا دەیخەینەڕوو بەرجەستەکردنی ئەو قسەیەیە کە گوتمان، وەزع و حاڵی کۆمەڵگا کاردەکاتە سەر هونەرمەندو شەقڵی تایبەتی خۆی دەخاتە سەرکارە هونەرییەکانی و دەبێ واز لەم رەنگدانەوەیە بهێڵرێ تا خۆ بەخۆو ئازادانە دەربکەوێ بێ ئەوەی چ هێزێکی دەرەکی بەسەر هونەرمەندیا بسەپێنێ، تەنیا بەم رێگایە هونەری مۆسیقامان دەگاتە ئەو ئاستەی کە هونەری مۆسیقای جیهانی پێی گەییوەو ئەوساکە دەتوانین بەئەرخایەنییەوە بڵێین کە مۆسیقایەکی بەپێزو دەربڕمان هەیە.

تەموزی ١٩٥٦ فوئاد زەکەریا

-١-

خەسڵەت و رەگەزەکانی هونەری مۆسیقا

تەبیعەت و هونەری مۆسیقا...

ئەو پایە بەرزو ناسکەی ئەوڕۆکە مۆسیقا هەیەتی زادەی ئەو پەرەسەندنە تازانە نییە کە ئەم هونەرە پێیدا رەتبووە. پێشینان باوەڕیان وابووە کە کاریگەری مۆسیقا لەسەر ناخ و دەروون لەکاریگەری سەرلەبەری هونەرەکانی دی پتر بووە، بەڵگەی ئەوەش ئەو چیرۆك و حەکایەت و داستانە زۆرانەیە کە توانای لەڕادە بەدەری داوەتە پاڵ مۆسیقاو گوایە کار لەسروشت دەکات، بۆ وێنە کێو دەبزوێنێ یا کار لەسەر دەروونی ئادەمیزاد دەکات و وای لێدەکات دوای ئیغرای پەریانی دەریا بکەوێ گەرچی ئەم دواکەوتنە مەرگی ئادەمیزادەکەشی لەدوایە، لەدنیای باوەڕ و ئایینیشدا مۆسیقا بایەخێکی گەورەی هەبووەو بەهەردوو باری چاکەو خراپەدا خۆی نواندووە، هەندێ لەباوەڕەکان پەنایان بردووەتە بەر مۆسیقا بۆ چەسپاندنی ئیمان لەدڵ و دەروونی خەڵکیدا، چاکترین بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە کە مۆسیقای رۆژئاوایی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە تەواوی وا بەستەی کڵێسابوو، بگرە هەندێ لە نهێنییەکانی مۆسیقا تایبەت بوو بەپیاوانی ئایینەوەو پشتاوپشت بۆیان دەمایەوەو بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان هەوڵی درکاندنی ئەو نهێنیانە بدات، خۆ هەندێ لە باوەڕەکان مۆسیقایان حەرام دەکرد یا بەحەڵاڵێکی ناحەزیان دەژماردو ئەمە خۆی لە خۆیدا دان پێدانانێکی پەنامەکی بوو بەرۆڵی مۆسیقا لەسەر دەروون، جا با ئەم رۆڵەی ئێرە بەخەتەرێکی رەوشتی زانرابێ و خۆ لێ دوور خستنەوەی پێویست بووبێ.

مێژوو لەخەرمانی بیری دێرینەدا بەرهەمێکی بۆ پارا ستووین کە رەنگە یەکەم بەڵگەنامەیەك بێ کە کێشەی کارتێکردنی رەوشتی و کۆمەڵایەتی گشت هونەرەکان بەگشتی و هونەری مۆسیقا بەتایبەتی تێدا وروژێنرابێ، مەبەستم لەکۆمارەکەی ئەفلاتوونە کە تیایدا داوای بایەخ دان بەفێربوونی مۆسیقا دەکات و بەفاکتەرێکی بنەڕەتی پەروەردەکردنی نەوەکانی دادەنێ، هەروەها داوای دوورخستنەوەی هەندێ مەقاماتی مۆسیقی دیاری کراو دەکات گوایە کاریگەری رەوشتی و دەروونی خراپیان هەیە

بەڵام ئایا هەڵوێستی شارستانیەتی نوێ دەربارەی مۆسیقا، پاش ئەوەی شوێنەواری سیحرو ئەفسوون لەمێشکاندا سڕایەوەو دیدگایەکی جیا لەباوەڕی کردە زەرەبینی و روانین بۆ هونەر بەشێوەیەکی گشتی گۆڕا؟ ئەلهەقی پایەی مۆسیقا لەناو سەرلەبەری هونەرەکانی دیدا نەگۆڕا، ئەوەی لەم بوارەدا روویدا هەر ئەوە بوو پاش ئەوەی ئەو هۆیانە کەشف بوون کە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی مەیلەو سۆفیانەی پەنامەکی و ئەفسوناوی دەڕوانرایە مۆسیقا، نرخاندنی مۆسیقا بوو بەکارێکی هۆشیارانە.

مۆسیقا بەتەبیعەت لەگشت هونەرەکانی دی سەربەخۆترە، مۆسیقا هونەری وێنەگرتن یا نیگارکێشانی هەندێ بابەتی ئەوتۆ نییە کە بکرێ ئاماژەیان بۆ بکرێ، هەروەها هونەرێك نییە کە رەگەزەکانی خۆی راستەوخۆ لەواقیعی خارجییەوە هەڵگوێزێ، بەوەش تێی ناگەیت کە وەربگێڕدرێتە سەر هۆیەکی دی لەهۆیەکانی گوزارشت کردن، دەبا باسی هەر یەکێك لەم خەسڵەتانە بەجیا بکەین:

مۆسیقا بەوە لەگشت هونەرەکانی دی جیادەکرێتەوە کە وێنەی شتێك ناگرێ یا لاسایی شتێك ناکاتەوە، کەچی سەیر دەکەین رەسم هونەرێکی وێنەگرتنە، نەحت لەڕێگای هەر سێ مەوداکەیەوە پێوەندی بەوێنەگرتنی واقیعی خارجییەوە هەیە.

ئەدەبیات لەڕێگای هێما زمانەوانییەکانەوە واقیع دەنوێنێ، بەڵام مۆسیقا نە لاسایی چ شتێك دەکاتەوەو نە تەمسیلی چ شتێك دەکات، بۆیە لەم بوارەدا هونەرێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی، بەڵام ئەم قسەیەمان– ئەگەر بمانەوێ وردبین – پتر قۆناغە کۆنەکانی هونەرەکان دەگرێتەوە تا قۆناغی ئەمڕۆیان، چونکە رەسم و نەحت – بگرە هەندێ قوتابخانەی ئەدەبیش – لەڕێبازی تازەیاندا بەرەو ئەوە دەچن دەستبەرداری وێنەگرتن و لاسایی کردنەوە بن و بەوەندە وازبێنن کە ئاماژە بۆ هەندێ واتای دیاریکراو بکەن بێ ئەوەی پێوەندییەکی لاسایی کردنەوەی راستەوخۆ لەنێوان کارە هونەرییەکەو ئەو واقیعەدا بینێن کە کارە هونەرییەکە تەمسیلی دەکات، دەتوانین بڵێین ئەم رێبازە خۆی لەخۆیدا نزیك خستنەوەی مۆسیقاو سەرلەبەری هونەرەکانی دییە لەیەکدی لەکاتێکا سەیر دەکەین کە ئەمە ئەنجامی پەرەسەندنی تازەیە لە هونەرەکاندا، بەڵام لەمۆسیقادا سروشتێکی بنچینەییەو هەر لەهەوەڵەوە لەگەڵیا بۆوە، بەڵام ئەگەر گوترا کە مۆسیقا هەندێ جار هەوڵ دەدا لاسایی دەنگەکانی سروشت بکاتەوە ئەوا دەتوانین بەرپەرچی ئەو قسەیە بدەینەوەو بڵێین، ئەو لاسایی کردنەوەیە وەکو لەگەڵێ پارچە مۆسیقای بابەتدارا وێنەی باهۆز یا با دەگیرێ لەراستیا ئیشارەتە بۆ ئەو رەگەزانەی سروشت و لاسایی کردنەوەیان نییە، چونکە وەکو ئاشکرایە دەنگەکانی سروشت مۆسیقایی نین،

چونکە لەرەکانی (ژبژبات) ڕێکوپێك نییە، بۆیە مەحاڵە مۆسیقا ڕاستەوخۆ لاسایی بکاتەوە، بەڵکو مۆسیقا دێت ئەو دەنگانە مشت و ماڵ دەکات و پاشان لەدوورەوە ئاماژەی، بۆ دەکات. مۆسیقا تەنیا لەهەندێ حاڵەتی دەگمەندا لاسایی هەندێ دەنگی سادەی سروشت دەکاتەوە وەکو ئەمە لە بزاڤی (حرکە) دووەمی سەمفۆنیای شەشەمی بیتهۆڤندا، دەبینرێ کە لاسایی دەنگی هەندێ باڵندان بۆ جوانی دەکاتەوە نەك لەپێناوی لاسایی کردنەوەی ڕاستەخۆدا.

ئەم مەسەلەیە بەرەو خەسڵەتی دووەمی مۆسیقامان ڕادەکێشێت وەکو گوتمان لەرەی دەنگەکانی سروشت ناڕێك و پێکەو بەم پێودانگە ناگەنە دەنگی مۆسیقایی. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو کەرەستەیەی هونەری مۆسیقا بەکاری دەهێنێ و ساختمانە ئاڵۆزەکانی خۆی لەسەر بینا دەنێ واتە دەنگە مۆسیقایی و نەوا هەلاوێردەکانی لەسەر بینا دەنێ ڕاستەوخۆ لەسروشتەوە هەڵی ناگوێزێ، بەڵکو کەرەستەیەکە پێویستی بەهۆی دروستکراو هەیە کە بریتییە لەو ئامێرە مۆسیقاییانەی دەنگەکان مشت و ماڵ دەکەن و لەرەی دەنگەکان ڕێکدەخەن، یا بریتییە لەو گۆرانیە مەشق لەسەر کراوانەی کە زۆر جیان لەدەنگەکانی ئاخاوتن، یا هاواری ئاسایی. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەو بیرۆکەیە پێویستە ئاماژە، بۆ ئەوە بکەین کە مەحاڵە ئامێرە مۆسیقایەکان لاسایی دەنگەکانی ئینسان بکەنەوە" چونکە ڕێکوپێکی لەرەی ئەو دەنگانەی لەم ئامێرە مۆسیقاییانەوە دەردەچن بواری ئەو لاسایی کردنەوەیە نادەن.

ئا لەم سیفەتەدا مۆسیقا بەعالەم ئاشکرا لە گشت هونەرەکانی دی جیاوازە، ڕەسم کەرەسەی خۆی کە ڕەنگ و هێڵە، ڕاستەوخۆ لەسروشتەوە وەردەگرێ، یا شتێکی لەبابەتی ئەو کەرەستەیە لەسروشتدا دەبینێ هەروەها بەنیسبەت ئەو تۆپەڵانەوە کە هونەری نەحت بەکاریان دێنێ و ئەو وشانەی ئەدەب لە ئاخاوتنی ئاسایی ئادەمیزادەوە هەڵیان دەگوێزێ.

مادامەکی کەرەستەی هونەری مۆسیقا ڕاستەوخۆ لەهیچ سەرچاوەیەکەوە هەڵ ناهێنجرێ تەنیا لەو هۆیانەوە نەبێ کە بۆ گوزارشتکردن لەم هونەرە ئامادەکراون. واتە لەئامێرەکانەوە یا گۆرانی مەشق لەسەر کراوەوە، هەڵێنجراوە بۆیە سەیر دەکەین ئەم هونەرە گەییوەتە ڕادەی سەربەخۆییەکی ئەوتۆ کە قەوارەی تایبەتی خۆی هەبێ و مەحاڵە بخرێتە پاڵ چ شتێکی دی، بۆ وێنە سەیر دەکەین شیعر- بەلای کەمەوە لەڕووی واتاوە. ئەگەر تەرجەمەی زمانێکی دی بکرێ قابیلی تێگەیشتنە، هونەرە لاسایی کەرەوەکان بەگەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی لاساییان کردونەتەوە قابیلی تێگەیشتنن، بەڵام سەیر دەکەین مۆسیقا مەحاڵە وەربگێڕدرێتە سەر هیچ زمانێکی دی.

ئەزمونی مۆسیقا ئەزموونێکی بێ هاوتایەو زەوق لێ بینینی تەنیا لەڕێگای پڕۆسەیەکی تایبەتەوە دابین دەکرێ، ئەو سۆزو گودازەی مۆسیقا دروستی دەکات مەحاڵە بەزمانێکی دی گوزارشتی لێبکرێ یا بەهۆیەکی دی لەهۆیەکانی دەربڕین گوزارشتی لێبکرێ، هەروەها تەنیا لەڕێگای ژنەوتنی خودی مۆسیقاکەوە دەتوانرێ بهێنرێتە بەرچاو، هەر لەبەر ئەمەیە کە گوتراوە مۆسیقا زمانێکی سەربەخۆیە بۆ خۆی.

بەڵام ئایا سەربەخۆیی تاکە سیفەتی هەڵاویردەی هونەری مۆسیقایە؟ ئەلهەقی مۆسیقا بەدوو سیفەتی بنچینەیی لەگشت هونەرەکانی دی جیا دەکرێتەوە، ئەویش بریتییە لە سیفەتی گشتێتی (صفە العمومیە)و سیفەتی زاتی (صفە الزاتیە) سیفەتی گشتییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: هونەری مۆسیقا هونەرێکی سەربەخۆی تەواوە مادامەکی زمانی مۆسیقا پێوەندییەکی راستەوخۆی بەبابەتەکانییەوە نییە، مادامەکی رەگەزەکانی راستەوخۆ لەسروشتەوە هەڵناگوێزێ.

بەڵکو- لەبوارە تایبەتیەکەی خۆیدا دای دەهێنێ، بۆیە مەحاڵە مۆسیقا وەسفێکی راستەوخۆی هەر بابەتێکی تایبەتی پێشکەش بکات، بەڵکو هەمیشە هەڵچوون و هەستە گشتییەکان وێنە دەگرێ، پیاو هەرچەندە هەوڵ بدات پێوەندی نێوان دانراوە مۆسیقاییەکان و بابەتی دیاریکراو دەست نیشان بکات هەر دەبێ دان بەوەدا بنێ کە مۆسیقا لایەنە وردەکانی ئەو بابەتە ناگرێ بەڵکو گوزارشت لەلایەنە درشت و گشتییەکانی دەکات، بێگومان هونەرەکانی دی لەمۆسیقا بەدەسەڵاترن لەوێنەگرتنی تایبەتێتی و شتە وردەکاندا، ئەگەر کاری هونەری دروست، جا چ چامە یا تابلۆ یا پەیکەرسازی بێ ئەو توانایەیان هەبێ لەبابەتە وردە راستەوخۆکەیەوە بمانبات بۆ بابەتە گشتییەکەی کە هەموو شتە وردەکان لەسایەیدا جێگیر دەبێ ئەوە بێگومان ئەم بردن و گواستنەوەیە لەرێگای زەوق وەرگرتنێکی تایبەتییەوە ئەنجام دەدرێ، کە تەنیا لەلای ئەو کەسانە هەیە کە ئەزموون و تێگەیشتنی قوڵیان لەمەڕ سروشتی کاری هونەری لا گەڵاڵە بووە. بەڵام بەنیسبەت مۆسیقاوە کارتێکردنی راستەوخۆی بریتییە لە هەستە گشتییەکان کاتێ کە گوێ لەپارچە مۆسیقایەك دەگری و واتای خەمێك یا حەماسەتێکت لەلا دەوروژێنێ مەحاڵە بتوانی بڵێی ئەمە خەمی کەسێکی دیاری کراوە یا حەماسە بۆ کارێکی دیاریکراو، بەڵکو راستەوخۆ هەستێکی گشتیمان سەبارەت بەخەمەکە یا حەماسەکە لەلا دروست دەبێ کە لەدواییداو بەهۆو رێگای دەستکردەوە بۆمان دەردەکەوێ.

بەڵام خەسڵەتی خودی (الزاتیە) دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی بەتینی نێوان مۆسیقا و زەمان، چونکە هونەری وەك: نەحت و نیگارکێشان، هونەری مەکانین هەندێکیشان لەدوو مەودادا وەك، نیگارکێشان، هەندێکیان لەسێ مەودادا وەك، نەحت بەرجەستە دەبن و لەڕووی مەکانیشەوە زەوقیان لێ وەردەگیرێ، مەبەستم ئەمەیە کە ئەم کارە هونەرییانە لەیەکەم نیگاو سەرەنجا زەوقیان لێوەردەگیرێ، زەمان چ رۆڵێکی لە دەرك کردنیاندا نییە. تەنیا ئەوە نەبێ کە هەندێ لایەنی پۆشراو و ئاڵۆزی ئەو یەکەم دەرك کردنە روون دەکاتەوە، بەلام هونەری مۆسیقا بەراستی هونەری زەمانییە: مەبەستم ئەمەیە کە ئەداکەی بە جۆرێکی زەمانی یەك لە دوای یەك ئەنجام دەدرێ، ئاوازو ریتم و پارچە هارمۆنییەکانی وەکو ئەڵقەی یەك زنجیر بەدوای یەکدا دێن. بەوتەیەکی دی مۆسیقا هێڵێکی شاقولی زەمانی هەیە، بەڵام هونەری نیگار کێشان و نەحت هێڵێکی مەکانی ئاسۆیی هەیە. بێگومان ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو هۆیە هەستیانەی کە ئەم هونەرانەی پێ نەقڵ دەکرێ. موسیقا لە رێگای گوێچکەوە نەقڵ دەکرێ کە یەکێکە لەو هەستانەی پشت بە دووی یەکا

هاتنی زەمان دەبەستێ ، بەڵام هونەری نیگارو نەحت لە ڕێگای چاوەوە نەقڵ دەکرێن کە لە هەستە مەکانییەکان و یەکڕاست مەوداکانی دەرەوە دەبینێ و ڕاستەو خۆ دەرکی پێ دەکات.

فەیلەسوفەکان لە کۆنەوە زەمان و زاتییەتیان پێکەوە گرێ داوە، چونکە ئەو هەستانەمان کە دەچنە قاڵبی مەکانییەوە وەك ئەوشتانەی دەبینرێن و بەدەست و لەش هەستیان پێ دەکەین بریتین لە هەستی بابەتی ڕاستەوخۆ وەکو شت گەلێکی جیا لە خۆمان دەرکیان پێ دەکەین، بەڵکو ئەو هەستانە بناغەی باوەڕمانن بەبوونی جیهانی دەرەوەی خۆمان، بەڵام ئەو هەستانەی کە دەچنە قاڵبی زەمانییەوە وەك ئەوشتانەی دەبیسترێت بەتەبیعەتی خۆیان زاتین. مەبەستم ئەمەیە کە پشت بەو زاتە دەبەستێ کە دەیقۆزێتەوەو هەستێکی وامان لەلا دەوروژێنێ کە لەناخی ناخمانەوە هەڵقوڵابێ. چاکترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە بیرکردنەوە پرۆسەیەکی تەواو باگنییە، دەچێتە قاڵبی زەمانەوە کە بریتییە لە بەدوایەکاهاتنی بیرەکان، مەحاڵە بچێتە قاڵبی مەکانەوە، واتە بیرەکان لە دەرەوە را ببینرێ! بەم پێودانگە مۆسیقا لە هەرهەموو هونەرەکانی دی پتر پابەندە بەزاتی ئینسانەوە.

هەر لەبەر ئەم خەسڵەتە دەگمەنانە بووە کە موسیقا پایەیەکی تایبەتی لەلای زاناو فەیلەسوفەکان هەبووەو هەندێکیان وایان لەقەڵەم داوە کە فاکتەرێکی گەورەی تێگەیشتنی بووە لە گەردوون. ئەوەی سەروسەختی لەگەڵ فەلسەفەدا هەبووبێ هەرگیز ئەو رایە کۆنەی لەیاد ناچێت کە بەتەواوی ئەم قسەیەی ئێمە دەسەلمێنێ. مەبەستم لە رای فیتاغورسییەکانە کە گەردونیان بە ژمارەو نەوا (نغمە) لە قەڵەم داو لێك دایەوە. خۆ ئەگەر ئەم گوتەیەیان گوتەیەکی مەجازی بێ و بەوە لێك بدرێتەوە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گەردوون دوو لایەنی هەیە، لایەنی چەندی کە بریتییە لەژمارەو لایەنی چۆنی کە بریتییە لە نەوا، ئەوا نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە بەکارهێنانی خودی ئەو ئاماژەو هێمایە، خۆی لە خۆیدا دەلالەتێکی قوڵی هەیەو گوزارشت کردنیان لە گشت جیاوازییە گەورە چۆنییەکانی ناو گەردوون بەوشەی نەوا نیشانەی رادەی بەرینی چەمکی نەوایە لەلای وان و نیشانەی رادەی پێوەندی نەوایە بەسروشتی گشتیی گەردوون لە روانگەی وانەوە.

ئەگەر بمانەوێ لەم بارەیەوە سەرنجی قسەی فەیلەسوفێك بدەین، ئەوا گرینگترین کەسێك لەم مەیدانەیا شوبنهاوەرە، با هەندێ لەو وتە قوڵانە وەربگرین کە شوبنهاوەر لەبەشی یەکەمی کتێبەکەیدا (العالم بوصفه ارادە وتمپلا) دەربارەی سروشتی مۆسیقا گوتویەتی: (گشت ئەو کەڵکەڵەو خولیاو ئارەزووانەی تووشی ویست دەبێ و هەر هەموو ئەو شتانەی لەناخی مرۆڤدا روو دەدەن و ئەقڵ و ژیری ناوێکی خاڵیسەی لێ دەنێ کە بریتیە لە (هەست)، هەر هەموو ئەوانە زۆر بەچاکی لەئاوازە (لحن) لەبن نەهاتووەکاندا تەعبیریان لێدەکرێ، بەڵام ئەو تەعبیر لێکردنە لەبارە گشتییەکەیەوە تەواو لەو وێنە خاڵیسەیە دەچێت کە لەهەموو مادەو کەرەستەیەك دابڕابێ، گوزارشت لەخودی شتەکە دەکات نەك تەنها لەدیاردەکان، بەپێی ئەو پێوەندییە کۆکەی نێوان مۆسیقاو کرۆکو جەوهەری راستەقینەی هەر شتێك ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە

ئەگەر مۆسیقا گوزارشتێکی هەمواری لەدیمەنێك یا رووداوێك یا جەوێك کرد، ئەوا هەر هەموو ئەو شتانەمان بەروونی بۆ دەردەکەوێ، مانا پەنامەکیەکانیانمان لەبەر چاو روون دەبێتەوە، بەو جۆرە مۆسیقا دەبێ بەچاکترین شیکەرەوە و لێکۆڵەرەوەیان – هەروەها ئەو کەسەی لەگەڵ کاریگەری سیمفۆنیایەکدا تێکەڵ دەبێ ئەوا گشت رووداوەکانی ژیان و جیهان لەخودی خۆیاندا دەبینێ، وێڕای ئەوەی کە ئەگەر هەندێ بەهێمنی لەشتەکە تێفکری ئەوا چ لێکچوونێك لەنێوان دەنگی ئاوازەکان و ئەوشتانەی دەوریان داوە نابینێ، چونکە مۆسیقا بەپێچەوانەی گشت هونەرەکانەوە بریتی نیە لەلاسایی کردنەوەی دیاردەکان یا دروستتر بلێین بریتی نیە لەلاسایی کردنەوەی رواڵەتە بابەتیەکانی ویست، بەڵکو وێنەیەکی راستەوخۆی خودی ویستە، مانای میتافیزیکی هەر هەموو شتێکی تەبیعی لەم جیهانەدا دەخاتەڕوو، ئەودیوی گشت دیاردەیەك روون دەکاتەوە. بەو پێیە وەکو چۆن دەکرێ جیهان ناوبنرێ ویستێکی بەرجەستە، دەشکرێ ناو بنرێ مۆسیقایەکی بەرجەستە وەکو لەو دەقەی سەرێ را دەرکەوت چ فەیلەسوفێك نابینین بەئەندازەی شوبنهاوەر دڵبەندی شەقڵە دەگمەنەکەی مۆسیقا بووبێ، کەواتە هەقی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم فەیلەسوفەی هەموو گەردونی بەدیاردەی ویستزانی، نەیتوانی راستەوخۆ پەی بەو ویستە بەرێ، بەڵکو لەڕێگای مۆسیقاوە پەی پێ برد، ئەو مۆسیقایەی کە لاسایی بابەتی دەرەوە ناکات و هەستە دەروونیەکان بەڕێگای ناڕاستەوخۆ نەقڵ ناکات، بەڵکو راستەوخۆ گوزارشت لەگشت لایەنەکانی ویست دەکات، هەر بۆیەش پێی وابوو مۆسیقا فاکتەرێکی هەند گرنگە بۆ تێگەیشتنی سروشتی شاراوەی خودی جیهان کە خۆی لەخۆیدا ویست بەرجەستە دەکات یا حەز دەکەی بڵێ مۆسیقا بەرجەستە دەکا.

نامانەوێ درێژە بەباسی ئەم دیدە سۆفیستانەیە بۆ مۆسیقا بدەین، بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شەقڵی تایبەتی هونەری مۆسیقا بوو بەئیلهام بەخش و سەرچاوەی ئەم چەمك و روانگەیە بۆ مۆسیقا.

ئەوەی شایانی باسە مۆسیقا هەمیشەو بەر لەگشت شتێك هونەرێکی ئینسانییە، مەبەستم ئەوەیە کە هونەرێکی پەیوەستە بەژیانی واقیعی و کێشەو ململانێکانی ناو ئەم ژیانەوە.

پاش ئەوەی زۆرمان لەمەڕ (خۆیی بوون) و گشتێتی و زاتیەتی مۆسیقا گوت، لەوەیە ئەو رایەمان هەندێ غەریب و سەیر بێتە بەرچاو، لەوەیە مرۆڤ لەم خەسڵەتانەوە وا تێبگات کە مۆسیقا هونەرێکی جیا بێ لەو واقیعە زیندووەی کە خەڵکی تیایدا دەژی، خەسڵەتە گشتییەکەی وای لێبکات لەگشت دیدێکی تایبەتی بۆ ژیان و کۆمەڵ دوور بکەوێتەوەو تاقە هێزی داهێنانی مۆسیقا بریتی بێ لەو هەستە زاتی و زروفە فەردیەی کە دانەری مۆسیقاکە پێیدا رەت دەبێ، دیارە ئەم چەشنە تێگەیشتن و دەرکە ئاسمان و رێسمانە لەگەڵ مەبەستی ئێمەدا، هەر هەموو ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەمان بۆ کردن پەیوەستن بەهۆیەکانی داهێنانی مۆسیقاوە، نەك بەو هێزەوە کە هاندەری داهێنانە یا بەو ئامانجەوە کە هونەرمەند لەبەرچاوی دەگرێ، چونکە ناسکی هونەرمەندی راستگۆ وای لێدەکات لەهەموو کەس پتر بکەوێتە ژێر کاریگەری وەزع و حاڵی

ژیانی دەوروبەری خۆیەوەو مۆسیقاکەی دەبێت بەرەنگدانەوەیەکی گەش و زیندووی ئەو حاڵ و وەزعانە، هەرچەندە هۆی داهێنانە هونەرییەکەی زاتییە. راستە واتاکانی مۆسیقا گشتین، بەڵام بێگومان سۆزو گودازێکی ئەوتۆ دەوروژێنێ کە لەگەڵ بیرو هەستی هزری هونەرمەنددا دەگونجێ، راستە مۆسیقا دەستەوسانە بەرانبەر بەگوزارشت لە بیرۆکەیەکی تایبەتی یا هەستێکی دیاری کراو یا وردە رووداوێك، بەڵام بێ چەندوچۆن ئەو جەوە عەکس دەکاتەوە کە هونەرمەند کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە، هەستێکی وا لەدەروونی گوێگرانیدا دروست دەکات کە شان بەشانی هەستی هونەرمەندەکە لە دەمی دانانی مۆسیقاکەدا بڕوات، خۆیی بوونی مۆسیقا بەهیچ جۆرێ ئەوە ناگەیەنێ کە لەواقیعەکەی دەوروبەری دابڕاوە، بەڵکو جیاوازی دوا وێنەی مۆسیقاو ئەم بابەتە پێوەندی لاسایی کردنەوەو کاوێژکردنەوەو وێنەگرتنی راستەوخۆ نییە، بەڵکوپەیوەندیەکە ئیحاییە کە مۆسیقا لە دەروندا دەی وروژێنێ و هەستێکی گشتی وا دروست دەکات کە لەگەڵ سروشتی ئەو بابەتەدا دەگونجێ هەرچەندە راستەوخۆ لاسایی ناکاتەوە.

مەبەستم ئەوەنییە کە هەر مۆسیقایەك ئەم خەسڵەتانەی تێدا بوو و گوزارشتی لەو واقیعە زیندووەی دەوروبەری کرد ئەمانە خەسڵەتی مۆسیقان، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە نموونەی باڵای مۆسیقا دەبێ ئەو خەسڵەتانەی تێدا بێ، هەندێ ژینگەی مۆسیقایی تایبەتی هەیە کە لە نموونەی باڵا نزیك بووەتەوەو بەگشت تواناوە هەوڵی بۆ بەدیهاتنی داوە، ئەویش ژینگە مۆسیقاییەکانی رۆژئاوایە کە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا باسی لێوە دەکەین.

— ٢ —

زمانی مۆسیقا

هەموو هونەرێك دوو لایەنی هەیەو لایەنی تەرکیبی و لایەنی تەحلیلی، لایەنە تەرکیبییەکە بریتییە لەدوا شێوەی کارە هونەرییەکە، هەڵوێستمان سەبارەت بەم لایەنە ئەوەیە کە نرخە ئیستاتیکییەکەی دیاری بکەین بەپێوانەی تایبەتی ئەو هونەرە بی پێوین، بەڵام لایەنی شیکردنەوە وەکو لەناوەکەیدا دیارە بریتییە لە شیکردنەوەیەکی قووڵی ئەو قۆناغە جیاوازانەی کە کارە هونەرییەکەی پێدا دەڕوات، تا دەگاتە دوا شێوە). هەروەها بریتییە لە شیکردنەوەیەکی زانستانەی وردی ئەو ئامرازانەی کە هونەرمەند بەکاریان دەهێنێ، شیکردنەوەی ئەو شێوازە جیاوازانەی کە هونەرمەند دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان، شیکردنەوەی ئەو تازە گەرییانە کە هونەرمەند دایان دەهێنێ، هەموو هونەرێکی پوخت دەبێ ئەو دوولایەنەی پێکەوەو لەیەك کاتدا تێدابێ، ئەگەر لەگەڵ لەناو بردنی وشەی هونەردا یەکەم کەڕەت لایەنی یەکەم بێتە بیرو خەیاڵ، ئەوا بێگومان لایەنی شیکردنەوە ئەو بناغە زانستیەمان دەداتە دەست کە دەبێ هەر هونەرێك پشتی پێ ببەستێ، راستە لەوەیە گەلێك لەو شیکردنەوانەی کە لەبواری شیکردنەوەی زانستیانەماندا بۆ هونەر دەیان گەینێ بەبیرو هزری هونەرمەندا نەهاتبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بۆ وەچەکانی داهاتوو پێویستە تا ژیانی هونەری خۆیان لەسەر بناغەی تێگەیشتنێکی زانستیانەی تەواوی پەرەسەندنەکانی رابردووی مەیدانە تایبەتییەکەی

هونەر بینا بکەن، تا بتوانن لەسەر بناغەیەکی دروست درێژە بەڕێگا بدەن، ئەو راو و بۆچوونانەی تەنیا پێ لەسەر رەگەزی (بەهرەی خۆڕسك)و ئامادەیی ئاسایی دادەگرن و رەگەزی زانستانەی شیکردنەوە فەرامۆش دەکەن بێگومان راو بۆچوونی بێ سەروبەرن و لەدنیای ئەو رۆماندا جێیان نەماوە.

یەکەم شتێك کە دەبێ لەشیکردنەوەی زانستیانەی مۆسیقادا ئاوڕی لێ بدرێتەوەو بخرێتە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوەوە بریتیە لە رەگەزەکانی زمانی مۆسیقا، چونکە مۆسیقا زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم زمانەش کۆمەڵێ رەگەزی هەن کە بەتەنیا رۆڵی خۆ نابینن، بەڵکو گشت رەگەزەکان یەکدەگرن و تێکەڵ دەبن و تێکڕا دانراوە مۆسیقاییەکە پێکدێنن، رەگەزەکانیش بریتین لە ریتم، (الایقاع) ئاواز (اللحن) هارمۆنی دەنگ (التوافق الصوتی) فۆرم (القالب). ریتم، لایەنی تایبەتی بزوتنەوە مۆسیقاییە یەك لەدوای یەکەکانە لە بواری زەماندا، واتە سیستەمی کێشی بزوتنەوەی یەك لە دوای یەکی نەواکانە (الانغام) رەگەزی گونجان و رێکخستن بەسەر ریتمدا زاڵ دەبێ، چونکە ریتم بریتییە لە دووبارە بوونەوەی زەربەیەك یان کۆمەڵە زەربەیەك، بەشێوەیەکی رێکوپێکی ئەوتۆ کە گوێچکە لەگەڵ هەر جارێکا پێشبینی بکات، کەواتە ریتم چ شتێکی تازە ناخاتە سەر ئاواز، بەڵکو رێکخستنی زەمەنی بزوتنەوەی ئاوازە، بەمەرجێ لە بواری ئەم بزوتنەوەیەدا رەگەزی (التأکید المتوتر) دوا بەدوای یەکدی بێت، هەروەها بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی ئەم (توتر)ەش دوا بەدوای یەکدی بێت و.......هتد لێکۆڵەرەوەکان دەرکیان بەوە کردووە کە پەیوەندییەکی توند لە نێوان ریتمی مۆسیقاو ئەو سیستەمەدا هەیە کە بزوتنەوەی لەش و بزوتنەوەی تەبیعەت لەسەری دەڕۆن، لەش بزوتنەوەی ریتمی خێرای هەیە وەکو هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە، هەروەها ریتمی تا رادەیەك هێواشی هەیە وەکو بەدوای یەکدا هاتنی برسێتی و تێربوون، نووستن و هەستان، لە سروشتا ریتمی دووانی هەیە وەکو بەدوای یەکدا هاتنی شەوو رۆژ، هەروەها ریتمی، چواری هەیە وەکو بەدوای یەکدا هاتنی وەرزەکانی ساڵ، هەر بۆیە گەلێك لە لێکۆڵەرەوەکان گوتویانە کە مۆسیقا بنەمایەکی ئورگانی یا سروشتی هەیە، مادامێکی بزوتنەوە ریتمییەکانی دووبارە کردنەوەی بزوتنەوە، هاوجۆرەکانی خۆیەتی لە لەشی ئینساندا یا لە سروشتدا، کە ئەمە دەبێتە مایەی دروست بوونی ئەو شتەی کە دەتوانرێ ناوبنرێ هەستی ریتم لەلای ئینسان باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە یەکەم بە پیرەوە چوونی منداڵ یان کەسانی سادەو سەرەتایی بۆ مۆسیقا بە پیرەوە چوونێکی ریتمییە کە لەجۆرە خۆلارکردنەوە یا سەمایەکی سادەدا لەگەڵ ریتمی نەواکاندا خۆی دەنوێنێ، هەروەها دیاردە سەرەتاییەکانی مۆسیقا زۆرجار بریتییە لە ریتمێکی پەتی رووت – واتە هەر ریتمی رووت بەبێ دەنگی مۆسیقایی – وەکو چۆن ئەمە لەلای گەلێ لەتیرە سەرەتاییەکاندا دەبینرێ، ئەو تیرانەی کە گشت ژیانی مۆسیقاییان تەنیا تەپڵ لێدانەو بەس.

بەڵام ئاواز هەر بەوەوە ناوەستێ کە زەربە مۆسیقاییەکان بەگوێرەی توندی یا هێواشی ئەو زەربانە، رێك بخات، بەڵکو رەگەزێکی نوێ دەخاتە سەر ریتم، ئەویش بەرزی یا نزمی دەنگەکانە. بێگومان بەکارهێنانی هەردوو وشەی بەرزو نزم لێرەدا بەکارهێنانی مەجازی رووتە، چونکە هیچ چەشنە پێوەندیەکی مەکانی لەم

بابەتە، لەنێو دەنگەکاندا نیە، بەڵکە مەبەست لە دەنگی بەرز ئەو دەنگەیە کە خێرایی لەرەکانی زیاد دەبێ، بەڵام دەنگی نزم یا پان ئەوەیە کە بزاڤی لەرەکانی کەم دەبێ، دەنگی مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی بەرێکوپێکی و چەسپاوی لەرەکانیا دەناسرێتەوە، بەڵام ژمارەیەکی یەکجار زۆری لەرە هەیە لەنێوان دەنگێك و ئەو دەنگەی لە پاشییەوە دێت، جا ئەم دەنگە بەرزبێ یا نزم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەنگەکانی مۆسیقا بەجۆرێ بەدوای یەکدا دێن کە گوێچکە لە هەندێ شوێندا لە بەینی ژمارەیەکی زۆر لەو لەرانەدا دەوەستێ، ئەو لەرانەی کە بەجۆرێ بەدوای یەکدا دێن کە گوێچکە لە خۆیەوە ناتوانێ جیایان بکاتەوە، کۆی ئەو شوێنە دیاری کراوانەی کە گوێچکە لە ئاستیاندا دەوەستێ شتێك پێك دێنێ کە پێی دەگوترێ پەیژەی مۆسیقا (السلم الموسیقی).

ئاشکرایە ئەم پەیژەیە لەسیستەمە ئاوازێکەوە بۆ سیستەمێکی دی دەگۆڕێ. پەیژە لە مۆسیقای رۆژئاوادا ئەوە نییە کە لەمۆسیقای رۆژهەڵاتدا هەیە هەروەها ئەوەش نییە کە لەمۆسیقای سەرەتاییدا هەیە، ئەگەر خەڵکی هەندێ جار تەنیا کەیفیان بەو ئاوازانە بێ کە بەپەیژە باوەکەی لای خۆیان دارێژراوەو پێیان وابێ ئاوازەکانی دی – بەشێوەیەکی گشتی – بەگوێی هەموو مرۆڤایەتی بێگانەو ناپەسەندە" دیارە ئەمە تەنیا کاری راهاتنە، ئەو راهاتنەی کە هەستی هونەرییان بەگوێرەی سیستەمە دەنگە باوەکەی خۆیان دەسازێنێ، لە ئاوازا دەنگەکان چ بەرزو چ نزم، دوابەدوای یەکدی دێن، هەڵبەتە دانەری مۆسیقا سەربەستە لە گواستنەوەی دەنگەکان، بەڵام ئەم سەربەستییە رەها نیە، بەڵکو چەند مەرجێکی هەیە، بۆ نموونە ئەو دەنگەی دەکەوێتە جەواب یا قەراری پەیژەکەوە لە دەنگە هەرە گرینگەکانەو ئاوازەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە تا ئەوساکە گوێچکە هەست دەکات کە ئاوازەکە بەشێوەی ئاسایی خۆی تەواو بووە.

ئەگەر بچینە سەر هارمۆنی (التوافق الصوتی) سەیر دەکەین ئەم رەگەزە هەر چەندە لە مۆسیقای رۆژهەڵاتیمانا ناباوە، بەڵام رۆژبەرۆژ بایەخی پتر لە دنیای مۆسیقادا پەیدا دەکا، ئەوەی موتابەعەی رەوتی مۆسیقای رۆژئاوا بکات دەبینێ لەکاتێکا مۆسیقا لە سەدەی هەژدەو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا گەورە ترین بایەخی بە ئاواز دەدا، پاشان وردە وردە رووی کردە هارمۆنی، تا وای لێهات لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا گەلێك لە دانەرەکان گوێیان بەوە نەداوە کە مۆسیقاکانیان مۆسیقای ئاوار بێت. بەڵکو رەگەزی بنەڕەتی لە لایان هارمۆنی بوو، ئاشکراترین نموونەی ئەو دیبوسییە (Debussy).

بناغەی هارمۆنیش بریتییە لە دروستکردنی گونجاوی دوو دەنگ یا زیاتر لەیەك کاتدا، بەڵام ئاواز کۆمەڵە دەنگێکی گونجاوی دوابەدوای یەکە، لەگەڵ ئەوەشا لێکۆڵینەوەی هارمۆنی تەنیا بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کۆمەڵە دەنگەوە ناوەستێ کە لەیەك کاتدا لێدەدرێن، بەڵکو پێویستەو دەبێ بایەخ بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو کۆمەڵە دەنگانەو پێوەندی ئەمیان لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا بدات و چۆنێتی گواستنەوە لەیەکێکیانەوە بۆ یەکێکی دیکەیان رێك بخات تا ئاوازەکە بۆ نموونە بەهارمۆنییەك کۆتایی نەیەت کە هەستی پێشبینی کردن یا چاوەڕوانی ببزوێنێ، بەڵکو ئەم هارمۆنییە زەمینە بۆ هارمۆنییەکی دیکەی ئەوتۆ خۆش

بکات کە هەستی ئۆخەی و ئاسوودەیی ببزوێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەموو ئەو دەستورانەی تەحەکوم لە هارمۆنی دەکەن قابیلی گۆڕانن، پەرەسەندنی مۆسیقا هەمیشە شتی نوێی دەخاتە سەرو بگرە هەندێ جار هەوڵدەدا سیستەمە کۆنەکانی هارمۆنی لە بناغەوە هەڵتەکێنێ و بیروخێنێ.

بەڵام فۆرم (الصوره او القالب) ئەمەشیان رەگەزێکە مۆسیقای رۆژهەلات نای ناسێ یا نایزانێ، فۆرم پێوەندی بەینی بەشەکانی ئاواز لە کاری هونەری درێژدا رێکدەخات و یەکێتی بەینی هەموو بەشەکانی پارچە مۆسیقاکە دەستەبەر دەکات، هەر هەموو ئەمانە لەو گیروگرفتانەن کە مۆسیقای رۆژهەلات پێویستی بە رووبەڕوو بوونەوەیان نیە گیروگرفتی فۆرمی مۆسیقا یەکجار ئالۆزەو ناتوانین لەم بوارەدا بەتێرو تەسەلی ئاماژەی بکەینێ، هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ بڵێین دەکرێ لە پارچە مۆسیقا درێژەکاندا تیمەی سەرەکی ئاواز جیا بکرێتەوە، دانەر سیستەمێکی دیاریکراو بۆ ئەم تیمە ئاواز دارانە (موچوعات لحنیە) دادەنێ و بەپێی قەریحەی خۆی گەلێ گۆڕان و ئیزافاتی تیادا دەکا، دیارە لە هەموو ئەم کارەیدا بابەتی سەرەکی و وردو درشتەکانی ئەو بابەتە سەرەکییە موعالەجە دەکا کە مۆسیقاو رەسمی مۆسیقا لەسەری رۆییوە، هەر چەندە لە هەموو وەزع و حاڵێکدا گۆڕانە بچووکەکان مومکینە. لەداڕشتنی تیمە ئاوازە سەرەکییەکاندا لەسەری دەڕوا، هەروەها شیکردنەوەی گواستنەوە لەداڕشتنەکەوە بۆ ئەو ئیزافاتانەی بۆی کردووە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هەمە رەنگیەکی زیندوو بۆ کارە هونەریەکەی مسۆگەر بکات و لەهەمان کاتا یەکێتییە هەمە لایەنەکەی کارەکەی بپارێزێ لێکۆڵینەوەی رەگەزو توخمەکانی زمانی مۆسیقا وامان لێدەکات رووبکەینە شیکردنەوەی ئەو رێبازەی کە ئەم زمانە بەکاری دەهێنێ. رێبازی بەکارهێنانی زمانی مۆسیقا بایەخێکی تایبەتی بەنیسبەت هونەری مۆسیقاوە هەیە. لە هونەرەکانی دیدا کاری هونەری راستەوخۆ لە داهێنەرەوە بۆ وەرگری هونەرەکە دەچێ. واتە پەیوەندیەکی دوو لایەنی لە ئارادایە. بەڵام لە مۆسیقادا پەیوەندییەکە. پەیوەندییەکی دوو لایەنی راستەوخۆ نیە. بەڵکو پەیوەندییەکی سێ لایەنییە. خاوەن ئەداکە (چ عازف بێ چ گۆرانی بێژ) دەبێ بە پێناو (وسیگ) لە نێوان دانەرو گوێگردا. بۆیە پێویستە هەڵوەستەیەك لە ئاستی رۆڵی هەر لایەنێك لەم پەیوەندییە سێ لایەنییە لە گواستنەوەی زمانی مۆسیقادا بکەین.

دانەر، ئەنجامی ئەفراندنی هونەری خۆی بەنووسین تۆمار دەکات، بێگومان مۆسیقاش وەکو هەر زمانێکی دی کەڵکێکی زۆری لە نووسین وەرگرتووە" یارمەتی پاراستنی دانراوە مۆسیقاییەکانی داوە بێ ئەوەی دووچاری ئەو شێواندنە ببێ (دانراوە مۆسیقاییەکان) کە ئەگەر تەنیا بەبیستن نەقڵ کرانایە تووشی دەبوون، بێگومان هێماکانی نووسینی مۆسیقا بەردەوام وردترو دەوڵەمەندتر بووە، بەڕادەیەك لەو ئاخروئۆخرانەدا توانای ئەوەی پەیدا کرد کە هەموو وردو درشت و جۆرێکی پارچەکە تۆمار بکات، وای لێبکات کە ئەگەر ئەداکەی وردبێ، پارچەکە تەواو بەو شێوەیەی کە دانەرەکەی ویستویەتی و بێ هیچ رێ نوێنییەکی خودی، دانەرەکەی ئەدا بکرێ – هەڵبەتە لە کۆندا وانەبووە، دانراوە مۆسیقاییەکان زۆر شتیان بە تەقدیری خاوەن ئەداکە دەسپارد، هەر بە هونەری نووسینەوە توانرا ئەم پەرە سەندنە جۆراوجۆرانە لە مۆسیقادا بێنەدی کە

بەردەوام قووڵی پێ بەخشیوە" نووسین، دانەر لە ئیرتجالیەت و خۆبەخۆیی دەپارێزێ، دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ کە کەرەستە مۆسیقاییەکەی بەکارامەترین شێوە مشت ومالْ بکات و مەودای تازەی بۆ ئیزافە بکاو دەوڵەمەندی و قووڵی پتری پێ ببەخشێ.

بەم تۆمار کراوانە کاری خاوەن ئەدا دەست پێ دەکا، ئەرکەکەی ئەوەیە کە وەکو پێناوێك (وسیگ) واتاو هەستەکانی دانەر وەکو چۆن لە تۆمارکراوەکەی خۆیدا تۆماری کردووە، بەگوێگران بگەیەنێ، روونترین و سادەترین مەرجی خاوەن ئەدا ئەوەیە کە وردو ئەمین بێ، بەڵام ئەم مەرجە هەندێ ئاڵۆزی لەگەڵ خۆدا دێنێ کە چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان نییە، دەبێ ئەنجامدەر (مۆدی) تا چ رادەیەك وردو ئەمین بێ؟ رای جیاواز لەسەر وەڵامی ئەم پرسیارە هەن رایەك هەیە ئەوە بەسەر ئەنجامدەردا دەسەپێنێ کە خۆی لە گشت ئارەزوویەکی شەخسی دوور بخاتەوەو تەنها نەقلْ کردنی وردو بەدیقەت بکا بەخەم، بەڵام ئەو ئیرادەی لەم رایە دەگیرێ ئەوەیە کە ئەنجامدەر دەکا بەشتێکی تەواو سەلبی و ئامێر ئاسا، لەگشت رەفتارێکی هۆشیارانە دای دەبڕێ، بۆیە زۆر کەس بانگەوازی ئەوە دەکەن کە ئەنجام دەر بەگوێرەی فەهم و زەوقی خۆی رەفتار بکات بەمەرجی نەشێواندان و دەستکاری نەکردنی ئەو شتەی کە نەقڵی دەکا، رەچاو بکا، لە راستیا شەخسیەتی کەڵە عازف و گۆرانی بێژان بەئاشکرا لە جۆری ئەدایان دەردەکەوێ، سەیر دەکەی وەختێ ئاوازێ دەژنەوی تەواو عەقڵی ئەنجامدەرەکەی پێوە دیارەو رەنگە ئەم شەقڵە تا رادەیەکی زۆریش شەخسی بێ، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەر چەند گوێم لە (کونچرتو) بووبێ یەکسەر کەمانچەژەنی مەزن (جوزیف ریجیتی)م بیر کەوتووەتەوە هەستم کردووە ئەداکە شێوازی شەخسی هونەرمەندەکەی گرتۆتە خۆ، ئەو شێوازەی کە گوێچکەی شارەزاو راهاتوو هەر لەیەکەم جاردا هەستی پێدەکات و دەیناسێتەوە، سەیر دەکەی شێوازەکە جیایە لەگشت شێوە ئەداکانی دی و کارێکی وای کردووە کە پارچەکە وابێتە بەرچاو کە گیانێکی یەکجار تازەی بەبەرا کراوە – هەر هەموو ئەمانە کراوە بێ ئەوەی کەمو زۆر دەستکاری ئەسڵەکە کرابێ، ئەلهەقی ئەوە سیفەتی ئەدای داهێنەرانەیە کە شەقڵی شەخسیەتی ئەنجامدەر وەر بگرێ و بەرۆحی ئەو پاراوبێ بێ ئەوەی ئەمە چ جۆرە دەستکاری و لادانی بەسەر ئەو شتەدا بێنێ کە دانەر لە تۆمار کراوەکانیدا تۆماری کردووە.

بەڵام رۆڵی گوێگر بریتییە لە قۆزتنەوەو وەرگرتنی ئەو چەمك و واتاو هەستانەی کە دانەر تۆماری کردوون و ئەنجامدەر بۆی نەقلْ کردووە، من وای بۆ دەچم کە گوێگرتن هونەرێکە بۆخۆی و مەشقکردنێکی دوورو درێژی دەوێ تا مرۆڤ بگاتە رادەی ئەوەی بەدروستی مومارەسەی گوێگرتن بکات، چونکە گوێگرتن پلەو قۆناغی جیاوازی هەیە" لە قۆناغەکانی یەکەما مرۆڤ توانای تەنیا بەسەر تێگەیشتنی مۆسیقای سووکی ئاشکرای وەکو هەموو چەشنە مۆسیقاکانی سەمادا دەشکێ، چونکە ئەم مۆسیقایە قوولْ نییەو سام و ویقارێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە بەزۆری گوێگرتن لەم چەشنە مۆسیقایە رەفتاری دی تێکەلْ دەبێ" بۆ وێنەگرتن و قسەکردن لەیەك کاتدا – مەحاڵە لەم قۆناغەدا گوێگرتنی خەست و قوولْ پەروەردە ببێ، لە

قۆناغی دوایی دیکەدا شێوەی گوێگرتن پڕ ئەزموونتر دەبێ و مرۆڤ دەتوانێ زەوق لە پارچە مۆسیقای قوڵتر وەربگرێ، بەڵام ناتوانێ هەمووی حەزف بکا یا لەواتای بەشە ئاڵۆزەکانی تێبگا، بۆیە دەبینین گوێگر لەم قۆناغەدا زۆر بەهەندێ بەشی دیاریکراوی ئەو پارچە مۆسیقایانەی کە گوێی لێ دەگرێ سەغڵەت دەبێ، رەنگە بێ ئەوەی گوێگرتنەکەی تەواو بکا هەستێ و بڕوا، من وەکو ئەزمونی خۆم – ئەوەم لە بیرە کە لەم قۆناغەدا ئەم دەتوانی زەوقی تەواو لەو پارچە مۆسیقا رۆژئاواییانە وەربگرم کە بەپیانۆ لێدەدران یا گۆرانی بێژان دەیانچڕێ، چونکە پیانۆ لە مۆسیقای رۆژئاوادا ئەو بۆشاییە زەمەنییەی نێوان ئەم نیشانە مۆسیقاییەو ئەو نیشانە مۆسیقاییە پڕ ناکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەو دەنگدانەوەی بەجێ دێڵێ کە یەکەم زەربە دروستی دەکا، بۆیە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بۆ گوێچکەیەك کە بەژنەوتنی عەزفی رۆژهەڵاتی راهاتبێ زەحمەتە، بۆیە وادەهاتە بەرچاو کە پارچەکە کۆمەڵە دەنگێکی لێکدابڕاوبێ و هزر نەتوانێ یەکێتییەکیان لە نێواندا دروست بکات، هەروەها ئەو بزاڤە دەنگیانەی کە گۆرانی رۆژئاوایی جیا دەکاتەوە سەنتەرە سەرەکیەکەی ئاوازەکە دەسڕێتەوەو مرۆڤ ناتوانێ موتابەعەی بکا، لەو کۆسپانەی کە لەم قۆناغەدا دێتەرێی مرۆڤ، ئەوەیە کە مرۆڤ زۆر جار پەنا دەباتە بەر لێکچوونی شیعری و ئاوازەکەی تێوە دەپێچێ تا لێی – لە ئاوازەکە – تێبگات، بەڵام سور بوون و بەردەوامی لەسەر گوێگرتن باشترین زامنە تا مرۆڤ وا لێبکا بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵبێ، وای لێبکا لەزەت لە هەموو جۆرە دانراو و ئەدایەك وەر بگرێ، لە دوا قۆناغدا مرۆڤ توانای زەوق وەرگرتنی تەواوو هونەری لە مۆسیقا پەیدا دەکا، وای لێدێ ئیدی بتوانێ بابەتە سەرەکییەکانی مۆسیقا کەشف بکات، هەست بەو گۆڕانانە بکات کە بەسەریا دێ، هەر بە رواڵەتی دەرەوەی پارچە ئاوازەکەوە ناوەستێ، بەڵکو دەچێتە قوڵایی شتەکانی ناوەوەی و سەنتە شاراوەکانییەوە، هەست بە یەکێتی شاراوەی دیوی پشتەوەی ئەم هەموو دەنگە ئاڵۆزانە دەکا، ئەمە قۆناغی گوێگرتنی کارامەیە، ئەو گوێگرتنەی وەرزبوون توخنی ناکەوێ و وردترین شتی لەکیس ناچێ، هەڵبەتە ئەم گوێگرتنە تەرکیزێکی یەکجار زۆری دەوێ، بەڵام ئەزموون و راهاتن ئەوە دەستەبەر دەکەن کە ئەم تەرکیزە کارێکی دژوار نەبێ، رادەی وریایی مرۆڤ زیاد دەکەن و لە لەزەتی وەرگرتنی ئەستاتیکی ئاوازەکان کەم ناکەنەوە.

بەو چەشنە قۆناغەکانی گوێگرتن بەپێی ئەزموون و رادەی قووڵی ئەزموونەکانی گوێگرو ماوەی خۆ راهێنانەکەی دەگۆڕێ و دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ کە بەدەم گوێگرتنەوە خۆی بۆ تێگەیشتنی هەموو وردو درشتێکی مۆسیقا تەرخان بکات، رەنگە ئەوە روون بووبێتەوە کە بۆچی گوتمان گوێگرتن لەمۆسیقا خۆی بۆ خۆی هونەرە، چونکە گوێگرتن لە قۆناغە باڵاکەیدا بریتی نییە لەکارێکی سەلبی وەکو زۆر کەس بۆی دەچن، بەڵکو کارێکی ئیجابی تەواوە بەهەموو مانای وشەی ئیجابی، وریایی و تەرکیزێکی وای دەوێ کە تەنیا بەخۆڕاهێنانی دوورو درێژ بەدەست دێ، هەروەها لەپاڵ هەستی هەڵچوو و راچەنیودا، هزری هۆشیاری دەوێ، واتە کارێکە ژیری و هەست بەشداری تێدا دەکەن، لەپاڵ چێژ وەرگرتنی ویژدانییەوە شیکردنەوەو بیرکردنەوەو بەراوردی دەوێ.

(واتا له مۆسیقادا)

بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ مانای هونەر بەوە لێکدەدرایەوە کە گوایە بریتیە لە لەزەت و شادی بەخشین، وا باوبوو کە ئامانجی گشت جۆرەکانی هونەر ئەوەیە لەزەت یا شادی لە ئینساندا ببزوێنێ، هەڵبەتە ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەم دیاریکردنە گشتییە بووایە ئەوا هیچ کێشەیەك نەدەهاتە گۆڕێ، بەڵکو کێشەکە ئەوکاتە سەر هەڵدەدا ئەگەر بمانەوێ مەبەستی هەردوو لەزەت و شادی دیاری بکەین و روون بکەینەوە، چونکە هەندێ کەس بەشێوەیەکی سەلبی لە لەزەت تێدەگەن، حاڵەتێ دێتە کایەوە کە ئینسان دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی دەرەکی و زۆر بەخاوی بەرەو پیری دەچێ و رادەی هەرەکەمی چالاکیی پێویست بۆ تێگەیشتنێکی سادە بەکار دەهێنێ، دیارە ئەم چەمك و تێگەیشتنە دەربارەی لەزەتی هونەری لەگشت بوارەکانی هونەردا نارەزایی لەسەرە، لێرەدا هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ ئیشارەت بۆ ئەو نارەزاییانە بکەین کە لەبواری مۆسیقادا ئاڕاستەی دەکرێ.

لەزەتی سەلبی لەبواری مۆسیقادا ئەوەیە کە پێی دەوترێ (الگرب) ئەم وشەیە لەو ئاخروئۆخرانەدا لە رۆژنامەکانی میسردا مشت و مڕێکی زۆری لەسەر کرا، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە شەقڵی کاتێکردن و هەڵچوونی سەلبی بەسەردا زاڵە، ئامانجی (گرب) ئەگەر وەکو ئامانجێك بۆ کارتێکردنی مۆسیقا وەربگیرێ ئەوەیە کە هەڵچوونێك لە ئینساندا دروست بکات جا چ هەڵچوونێکی ئارام بێ و ئەعسابی ئینسانەکە هێور بکاتەوەو گێرمەو کێشەکانی ژیانی لێبڕەوێنێتەوە یا هەڵچوونێکی ئەوەندە توند بێ کە گیرو گرفتە واقیعیەکانی لەبیر بەرێتەوەو وای مژول بکا کە کەم و زۆر بەلای کاروبارە جدییەکانی ژیاندا نەچێ، ئەلهەقی زۆر کەس پێیان وایە ئەمە ئەرکی راستەقینەی مۆسیقایەو ئەرکەکەی تەنیا سەرگەرم کردنە.

خۆ ئەگەر ئەمە ئەرکی راستەقینەی مۆسیقابێ ئەوا بۆمان نیە باسی چ مانایەکی ئەم هونەرە بکەین، چونکە بوارو مەیدانی واتاکان باڵاترە لە بوارو مەیدانی ئەو هەڵچوون و داچوونە سەلبیانەی کە بەشێوەیەکی یەکجار کەم بەهرە هۆشیارەکان تێیدا رادەبێ، باشە بەڕاستی مۆسیقا خاڵییە لە هەموو مانایەك؟ دیارە ئەم جۆرە هەڵەیە دەربارەی تێگەیشتن لە مۆسیقا دەگەڕێتەوە بۆ راهاتن لەسەر جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتی کەوا لەمرۆڤ دەکا پێی وابێ ئەرکی مۆسیقا تەنیا ئەوەیە بەجۆرێکی سەلبی کەیفمان پێ ببەخشێت، ئەگەر ئەزموونی مۆسیقای مرۆڤ دەوڵەمەند ببێ و جۆرە ناسك و بەرزەکانی مۆسیقا تێبگات، ئەوا بۆی دەردەکەوێ کە مۆسیقا بەڕاستی مانای خۆی هەیەو مانایەکی تەواو ئیجابی هەیە، هەر بەوەندە ناوەستێ هەستی مرۆڤ ببزوێنێ و سۆزو گودازەکانی بوروژێنێ، بەڵکو وێڕای ئەمانە لەڕێگای هەستەکانەوە ئەقڵ بێدار دەکاتەوەو هەست و بەهرە هۆشیارەکان وەئاگا دێنێتەوەو هەندێ حەقیقەتی نوێ کەشف دەکات کە دەروون لەوەوبەر لێی بێ خەبەر بووە، ئەلهەقی ئەرکی باڵاو پیرۆزی هونەر ئەوەیە کە هەر بەوەوە نەوەستێ کاری سەلبیمان

تێبکا، بەڵکو شتێکی ئیجابیمان پێشکەش بکاو پتر بە ژیانی خۆمان ئاشنامان بکاو زانیاریمان دەربارەی ژیان زیاد بکات، هەڵبەتە هەر هونەرێك بەشێوازی خۆی ئەو شێوازەی کە جیایە لە شێوازی فێرکردن و تەلقین دادانی ئەقڵی راستەوخۆ، دەبێ مۆسیقا تەنیا بەم مانایە وەربگرین و لێی تێبگەین.

ئەرکی ئێستامان ئەوەیە کە لەشێوازە تایبەتییەکانی گوزارشتی مۆسیقا بکۆڵینەوە، ئەگەر پێشتر بەشێوەیەکی تەحلیلی لە رەگەزەکانی زمانی مۆسیقامان کۆڵییەوە، ئەوا هەنووکە دەبێ لەو رێبازە بکۆڵینەوە کە مۆسیقا لەدوا شێوەیدا دەگەیەنێتە هزرمان، لەرێبازی تایبەتی نەقلکردنی واتاکانی مۆسیقا بکۆڵینەوە، زۆر کەس وا راهاتوون کە شاعیرانە لە مۆسیقا تێبگەن" واتە وەختێ گوێ لە ئاوازێ دەگرن بەدوای چەمکی ئەدەبی و وێنەی حسیدا دەگەڕێن، هەندێ لە تێوریستەکان بەوە پاساو بۆ ئەم دیاردەیە دێننەوە کە مۆسیقا دابەش دەکەن بەسەر دووجۆردا:

جۆرێکی خاڵیسە یا موجەرەد و جۆرێکی بابەتدار یا بەرنامەدار، جۆری یەکەم هیچ وێنەیەك لە هزروو بیرا چێ ناکات، بەڵکو کۆمەڵە نموونەیەکی دەنگی جوان و ناسکەو دەبێ بۆ خودی خۆی گوێی لێبگیردرێ و نموونەی ئەمەش لە مۆسیقای بیتهۆڤندا کوارتیستەکانە (الرباعیات)، بەڵام جۆری دووەم بریتیە لەوێنەگرتنی بابەتێکی دیاریکراو، نمونەی ئەمەش هەر لە مۆسیقای بیتهۆڤندا سەمفۆنیای شەشەمە، بەمجۆرە خاوەنانی ئەم دابەشکردنە هەنجەت و بیانوو بۆ ئەوانە دەدۆزنەوە کە هەرچیەکیان گوێ لێدەبێ پڕی دەکەن لە خەیاڵاتی لەفزی یا تەسویری، بەڵکو هەندێ کەس وێنەی دیاریکراو بۆ مۆسیقای خاڵیسەو موجەرەد دروست دەکەن کە ئەم وێنانەش لەخۆیانا وێنەی هەندەسی موجەڕەدن، وەکو ئەو هێڵە یەك لەدوای یەکانەی کە وڵت دیزنی لە فیلمە مۆسیقاییەکەدا (فانتازیا) پارچەی باخی (توکاتاوفیوج)بێ وێنە کێشان.

بەڵام ئەم دابەشکردنە چ کێشەیەك چارەسەر ناکات" زۆر دانراوی مۆسیقا دەمێنن کە نازانین دەچنە خانەی کام بەشیانەوە، بۆنموونە – هەر لە مۆسیقای بیتهۆڤندا – سەمفۆنیای نۆیەم، ئایا سەمفونیای نۆیەم مۆسیقایەکی موجەڕەدە، ؟ مەحاڵە بتوانین بڵێین ئەم مۆسیقایە تەنیا نموونەیەکی دەنگی جوان و ناسکەو چ هەست و واتاو بیرێکمان پێ نابەخشێت، ئەدی ئایا مۆسیقایەکی بابەتدارو بەرنامەداری دیاری کراوە؟ ئەلهەقی ئەگەر بمانەوێ ئەم بابەتداری و بەرنامە دارییە دیاری بکەین بەهیچ جۆرێ ناتوانین هێڵ و سنوری ئاشکرای بەدەورا بکێشین سەیر دەکەین دەتوانین گەلێ لە لێکچوون و بیرەکان بگۆڕین بەلێکچوون و بیری دیکەی ئەوتۆ کە لەوانی پێشوو کەمتر نەبن لەڕووی تەتبیق بوونیانەوە بەسەر مۆسیقادا.

ئەوەی دەتوانین بەئەرخایەنییەوە پێی لەسەر دابگرین ئەوەیە کە جیاوازی بەینی مۆسیقای موجەڕەدو مۆسیقای بابەتدار تەنیا لەپلەدایە، دەتوانین بڵێین هەموو مۆسیقایەك بەشێوەیەك لەشێوەکان مۆسیقای بابەتدارە، لەو رووەوە کە بەرهەمێکی هونەری راستگۆیە، پەیوەستە بەژیانی دانەرەکەی و کۆمەڵەکەیەوەو هەر دەبێ گوزارشت لەواتا گەلێك بکا کە بتوانین پەیان پێ بەرین، هەڵبەتە ئەمە شتێك نییە کە بتوانین بەتێکڕایی لەسەری رێك بکەوین، چونکە وەکو پێشتر گوتمان مۆسیقا سنووری جزئیات دەبەزێنێ و دەچێتە

مەیدانی کولیاتەوە. هەر بۆیە بۆمان هەیە بلێین هەموو مۆسیقایەك – بەواتاو شێوەیەکی دی – مۆسیقایەکی موجەڕەدە مادامێکی لە تەفسیراتی جزئی تایبەتی بالآترە، کەواتە ئەم دوو سیفەتە، واتە مۆسیقا یا بابەتدارە یا موجەڕەدە، بناغە نین بۆ دابەشکردنی مۆسیقا، بەڵکو دوو رووی جیاوازی خودی گوزارشتی مۆسیقان، بەڵام ئەمەش نابێ بەکۆسپ لە رێگای ئەوەدا کە دانراوی مۆسیقا بکەونە ئەم خانە یا ئەو خانەیانەوە، کوارتستەکان دەکەونە ئەم خانەیەوە کە مانا تیایدا لەوپەڕی بەرزییە، سەمفۆنیای شەشیش دەکەوێتە خانەکەی دیکەوە، ئەو خانەیەی کە دانەر سنورێك بۆ دانراوەکەی دادەنێ تا لەچوارچێوەیدا لەپارچەکەی بگەن – بەهەرحاڵ مۆسیقای بابەتدارو ئاشکرا کەمن، زۆربەی دانراوەکان هەردوو سیفەتەکە دەگرنەخۆ، واتە سیفەتی بابەتداری لەشێوەی واتای گشتیداو سیفەتی تەجرید کە دەگەڕێتەوە بۆ گشتێتی خودی ئەو مانایانە.

کە تەجرەبەی جوان کراوە بۆ زانینی رادەی تێگەیشتنی گوێگرانی جیاواز لەمۆسیقا (ماکس شون) لەکتێبی (کاریگەرییەکانی مۆسیقا)دا بلآوی کردۆتەوە، چەند پارچە مۆسیقایەکی جیاواز پێشکەش بەجەماوەر کراوە، جەماوەرەکە کەسانێکی تێدا بووە موزیشن بوون، کەسانێکی تێدا بووە موزیشن نەبوون بەڵام رۆشنبیریەکی هونەری بالآیان هەبووە. کەسانێکی تیا بووە هەروەکو گوێگرتن کەیفیان بەمۆسیقا هاتووە هەروەها کەسانێکی تێدا بووە بە هیچ جۆرێ زەوقیان لە مۆسیقا نەبووە. پاش بەراوردو هەڵسەنگاندن دەرکەوتووە کە ئەوانەی رۆشنبیری بالآیان هەبووە، ئەوانەی موزیشن نەبوون و پرانسیپەکانیان نەزانیوە بۆ تێگەیشتنی مۆسیقا پەنایان بردۆتە بەر لێکچوون و ئەو پەیوەندییانەی یارمەتییانی داوە بۆ تێگەیشتنی مۆسیقا. بەڵام موزیشن یا ئەوەی شارەزایی لە پرانسیپەکانی مۆسیقادا هەبووە لە کاتی گوێ گرتندا تەنیا وەکو مۆسیقا بیری لە مۆسیقا کردووتەوە و لەزەتێکی ئەستاتیکی دوور لەگشت وێنەیەکی خەیاڵی یا لێکچواندنێك لێ وەرگرتووە. لەئاکامی ئەم ئەزموونانەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کەتەجرەبەی زۆر وا لەمرۆڤ دەکا بە دروستی لە مۆسیقا تێ بگاو تێکەڵ بە مانا لاوەکییەکانی نەکا. ئەو مانا لاوەکییانەی مۆسیقا زۆریان هەڵدەگرێ، بەڵکو هەر لەو کەوشەنەدا بوەستێ کە لەزەت لەمۆسیقا وەربگرێ بێ ئەوەی پەنا بۆ خەیاڵی شیعری یا تەسویری بەرێ.

رەنگە مرۆڤ لێرەدا بپرسێت، باشە کەپارچە مۆسیقایەك لێکدانەوەی جیاوازو جۆراو جۆر هەڵبگرێ ئەمە بەو مانایەیە کە مۆسیقا هیچ شتێك ناگەیەنێ و هەرکەسەو چۆنی بوێ وا لێی تێبگا؟ تێگەیشتنەکەش لە هەموو حالەتێکدا بەتاڵە؟ راستی یەکەی ئەم ئەنجامگیریە زۆر دوورە لەوشتەوە کەئێمە مەبەستمانە. وەکو پێشتر دووپاتمان کردەوە مۆسیقا بەزەرورەت مانای هەیە. بەڵام سروشتی مۆسیقا وایە کە ئەم واتایە بالآتر بێ لەو لێکچوونە لاوەکیانەی کە خاوەن مزێجە شاعیری یا رۆمانتیکی یەکانی دەرەوەی بازنەی پسپۆرانی مۆسیقا پەنای بۆ دەبەن. ئەوانەی تاکید دەکەن کە (بۆ وێنە) ئەم بزاڤەی سیمفۆنیای پێنجەمی بیتهۆڤن ئیشارەتە بۆ لێدانەکانی قەدەر، ئەوەیان مانای تەسلیم بوونە بەقەدەر، ئەمەیان ململانێ لەگەڵ قەدەردا دەگەیەنێ و

ئەمەی دواییان واتای سەرکەوتن بەسەر قەدەردا دەگەیەنیّ، تا کۆتایی ئەم لێکچوونە ئەدەبیانەی کەپتر زیان لە لە زەت وەرگرتنی ئەستاتیکایی دەدات تا یارمەتی بەدی هاتنی بدات. چونکە مۆسیقا ئەوپەرەکەی دەتوانیّ بەجۆریّ ناخمان بوروژێنیّ کە کۆمەڵەواتاو هەستێکی گشتیمان لەلا زیاد بکا واتە(جەوێکی)تایبەتی وامان لەلا دەخولقێنیّ کە بتوانین شەپۆڵە گشتییەکەی دەرك بکەین. بەڵام ناتوانین وردە شتە لاوەکییەکانی دیاری بکەین. خۆ ئەگەر توانیشمان چ سوودێك نابینین.

هەر هەموو ئەم بیرانەی لە مەر پەیوەندی مۆسیقا بەمەیدانی لێکچوونی شیعری و تەسویرییەوە وامان لێدەکات بەزەرورەت لە پەیوەندی مۆسیقا بەمەیدانی وشەوە کە لە گۆرانیدا تەواو تێکەڵی بووە، بکوڵێنەوە. ئاخۆ تا چ رادەیەك وشە هاوپەیوەندیەکانی مۆسیقا سوود بەدیاری کردنی واتاکانی مۆسیقا دەگەیەنیّ؟ ئایا کە مۆسیقا لە رێگای گۆرانیەوە شەرح کرا ئیدی ماناکەی وردترو رونتر دەبیّ؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، پێویستە بە دروستی لە پەیوەندی بەینی گۆرانی و مۆسیقا بگەین. گۆرانی شتێکی بێگانە نییە بە موسیقا، یا شتێك نییە کە پاشان خرابێتە سەر مۆسیقا، بگرە پەیوەندی نێوان ئەودووە بە پێچەوانەوەیە، مۆسیقا لەگۆرانییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. چونکە هونەری مۆسیقا وەختیّ دەستی پێکرد کە هەندیّ گۆرانی بێژ فێربوون چۆن شێوازی گۆرانی گوتن بە شێوەیەکی ریتمی ئاوازدار رێك بخەن، ئیدی هونەری نەواکان تا ماوەیەکی دوورو درێژ پەیوەست بوون بە گۆرانی گوتنەوە، کە ئامێری مۆسیقا پەیدا بووە پتر بۆ یارمەتی دانی دەنگی مرۆڤ یا بەهێزکردنی یا رازاندنەوەی بووە، پاش پەرەسەندنێکی زۆر، ئامێرەکان وردە وردە کەوتنە ئەوەی لەدەنگ جودا ببنەوە، لەئاکامی دەوڵەمەندی مەیدانی گوزارشت بە ئامێرەکان، وردە وردە کەوتنە ئەوەی بەسەر دەنگدا زاڵ بن و لە رۆژئاوادا هەرچەندە گۆرانی لەهەرەتی گەشەکردنیابوو، بن بەبناغە.

بەمجۆرە پەرەسەندی پێوەندی مۆسیقای ئامێرەکان لەگەڵ گۆرانیدا بریتی بووە لەوەی کە مۆسیقا لەسەرەتادا بەتەواوی پشتی بەگۆرانی بەستووە، پاشان لێی جودا بۆتەوە، هەر ئەم جیابوونەوەیە کە حاڵی حازر سیفەتی مۆسیقای ئامێرەکان، خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە نەوا خاڵیسەکان بیّ پشتیوانی هیچ وشەیەك، هۆیەکی تەواوی گوزارشت و دەربڕینە، بەڵکو ئەمە بۆ خۆی سیفەتی هەلاوێردەی گوزارشتە لە مۆسیقا، کە ببیّ بە شتێکی گشتی سەربەخۆ و جیا لەگشت هۆیەك بۆ دەست نیشان کردنی واتاکانی، خۆ ئەگەر یەکێك بڵیّ لە مۆسیقای رۆژئاوادا لایەنێکی گرینگمان فەرامۆش کردووە کە ئەویش لایەنی هونەرە غینائیەکانە، وەکو ئوپرا، ئەوا دەڵێین ئەم لایەنەش لەم دەستوورە بەدەر نییە، لە ئوپرادا دەنگە بەشەرییەکان مامەڵەی ئامێرە مۆسیقاییەکانی لەگەڵدا دەکریّ، کارتێکردن لەرێگای نەواکانییەوەیە نەك لەرێگای وشەکانیەوە ئەو رۆڵەی وشە لە ئۆپرادا دەیبینیّ رۆڵێکی گەورە نییە، تەنها هۆیەکە بۆ دەرخستنی دەنگە بەشەرییەکە، تەنیا هاودەنگە بۆ دەنگە بەشەرییەکە، گوێگرانی ئوپرا لەبەر خاتری وشەکانی ئوپرا رووی تیّ ناکەن، بەڵکو لەبەر خاتری مۆسیقاکەیەتی: مۆسیقای ئامێرەکان و مۆسیقای دەنگەکان پێکەوە.

کەواتە مۆسیقا بۆ خۆی توانای گوزارشت کردنی هەیە. چ پێویستیەکی بە کۆمەکی وشەی پەخشان یا شیعر نییە تا توانای گوزارشتی خۆی پێ بخەملێنێ، بەڵکو توانای مۆسیقا لە (خۆی بوونی)دایە، لەوەدایە کە قەوارەی تایبەتی هەیە بۆ نەقلّ کردنی واتا گشتی یەکان،خۆ ئەم گشتێتی یەش سەرچاوەی جوانی و رەسەنی ئەم هونەرەیە.

رتشارد فاکنەر تاقە مۆزیێنە کەرای جیاوازی لەمەڕ پەیوەندی مۆسیقا بە وشە یا بەشیعرەوە هەیە. هەڵبەتە باسەکەمان، یانی باسی توانای گوزارشت کردن لە مۆسیقادا بەبێ موناقەشەکردنی رایەکەی ئەو بەناتەواوی دەمێنێتەوە.

فاکنەر پێی وایە– دیارە لەم بۆ چوونەیدا هاورای ئەوقسانەی ئێمەیە کە لێرەدا گوتمان– گوزارشتی مۆسیقا تا رادەیەکی زۆر گوزارشتێکی گشتی یە، واتاکانی لە چوارچێوەیەکی ئاشکرادا ناوەستێ کە هزر بەهۆشیارییەوە دەرکی بکا، بەڵکو واتاکانی ئاڵۆزن و گەلێك لێکدانەوە هەڵدەگرێ. بەرای ئەو گوزارشتی مۆسیقا تەواو پەیوەستە بە مەیدانی ناوەوەی دەرونی ئینسان. بەڵام وێنەیەکی ئاشکرای ئەم مەیدانە ناخاتە روو. لەلایەکی تریشەوە ئەوپێی وایە شیعر لەمەیدانی دەروون و ناخ دوور کەوتۆوەتەوەو پتر ئاوڕ لەگێڕانەوەی رووداوە دەرەکییەکان دەداتەوە، ئەو رووداوانەی بەقوڵایی دەروونا رۆناچن. فاکنەر پێی وایە هەوڵدانی نزیك خستنەوەی مۆسیقاو شیعر لە ئۆپرای باودا، هەوڵ دانێکی رووکەشانەیەو هەر مۆسیقا تیایدا بە زاڵی دەمێنێتەوە. بۆیە فاکنەر بانگەوازی داهێنانی (درامای مۆسیقا) ی داوە کە لەم ڕێگەیەوە تێ دەکۆشێت تا ئەوپەڕی رادە لە شیعر نزیك ببێتەوە، شیعریش لەلای خۆیەوە هەوڵی تەواوکردنی مۆسیقا دەدا. چونکە وشە لە ڕێگای وروژاندنی واتای ئەقلی یەوە بەهۆی هزرو ئەقلەوە ڕێگای ناخ و دەروون دەگرێتەبەر، رەنگە هەرلەبەر ئەوەش بێ کە دەتوانێ بەئاسانی ئەو مانایانە دیاری بکا کە مەبەستێتی. ئەو سۆزو گۆدازانە دەستنیشان بکا کەبەرەو وروژاندنیان دەچێ. کەواتە بەپێی بۆچوونەکەی فاکنەر مۆسیقاو شیعر دوو رووی یەك پارچە دراون و لە درامادا تەواوکەری یەکترن. یەکەمیان راستەوخۆ دەچۆڕێتە ناو ناخی دەروونەوە، بەڵام بەجۆرێکی دیاری کراو ئاڕاستەی ناکا. بەڵکو شیعر ئەم ئەرکە دە ئەستۆ دەگرێ و وشەکانی سیمای ئەو وێنەیە روون دەکاتەوە کە مۆسیقا لە چوارچێوەیەکی تەمومژاویدا پێشکەشی کردووین.

لەبەر رۆشنایی گوتەکانی پێشوومان‌دا دەتوانین بگەینە رەگەزو توخمی ئەو رەخنەیەی کە لەم رایەی فاکنەر دێتەگرتن. دیارە هەڵەی گەورە لەوەدایە پێت وابێ گشتێتی گوزارشتی موسیقا سەرچاوەی کەموکورپیەتی، چونکە ئەم گشتێتییە سروشتی ئەو گوزارشتەیە. موسیقا پێویستی بە چ هونەرێکی تەواوکەری دیکەی وەکو شیعر نیە تا ئەم بەناو کەمو کورییەی پێ پڕ بکاتەوە. مرۆڤ بۆی هەیە گومان لە نرخی راستەقینەی ئەم کارە هونەرییە کۆکەرەوەیە بکا کە فاکنەر بانگەوازی بۆدا، ئەم کارەی کە شیعرو وێنە (لە دیمەنە شانۆییەکانا) لەگەڵ موسیقادا تێکەڵ دەبێ هەروەها هەندێ جار نواندن و سەماش لەگەڵ

موسیقادا تێکەڵ دەبێ، چونکە سەرجەمی ئەم رەگەزە هونەرییانە لەزەتێکی لەوە باڵاتر نابەخشن کە مرۆڤ بۆ وێنە لەوەختی گوێگرتن بۆ سەمفۆنیاکانی بیتهۆڤن یا برامز هەستی پێ دەکا. بێگومان هاتوچۆکەرانی ئەو شانۆگەرییانەی کە دراماکانی فاکنەری تێدا پێشکەش دەکرێن لەبەر خاتری شیعرەکان یا نواندن و دیمەنە شانۆییە بەرزەکان هاتوچۆی ناکەن، بەڵکو تەنیا لەبەر خاتری موسیقاکەو ئەو گۆرانیانەیە کە هاوکات لەگەڵ موسیقاکەدا پێشکەش دەکرێن. فاکنەر ئەو شاعیرە چاکە نەبوو وەکو زۆرکەس وای بۆ چووبوون، بەڵکو ئەو مەیدانەی کە شۆرەتی دایێ تەنیا مەیدانی مۆسیقاکە بوو.

لە کۆتاییدا دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە موسیقا لەبواری تایبەتی خۆیدا توانایەکی تەواوی دەربڕینی هەیە، هونەرێکە بۆخۆی، گشتێتی واتاکانی سەرچاوەی هێزێتی، چونکە ئەو دانراوە موسیقاییانەی بابەتی روون و ئاشکرای ئەوتۆیان گرتۆتە خۆ کە لەیەکەم کەڕەتا بتوانین دەست نیشانیان بکەین عادەتەن کاریگەریان کەمترە لەوانەی کارێکی گشتیمان تێدەکەن و لەحەقیقەتا ئاڵۆزیشن، بەڵام دەنگدانەوەیان لەسۆزو گۆدازو هزرو بیرماندا یەکجار روون و ئاشکرایە.

(٤)

پەرەسەندنی مۆسیقا

دەتوانین ئەو رێگایانەی کە موسیقا لەرووی توانای دەربڕینییەوە، لەباری ئەرك و شێوازەکانییەوە پێیدا رۆییوەو پەرەی سەندووە لەیەك دەستەواژەدا پوخت بکەینەوە. ئەوەش ئەوەیە کە موسیقا. هێدی و هێدی و بەرە بەرە رێگایەکی دوورو درێژی تەیکردو لە هونەرێکی بەرتەسکەوە" چ لە رووی گوزارشت و چ لە رووی ئەرك و شێوازەوە، بوو بە هونەرێکی بەربڵاوی ئینسانی گشتی هاوپەیوەند لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگای مەزنی ئینساندا.

لێرەدا پێویستیمان بە دووبارەکردنەوەی وتەکانی فەسڵی پێشوو نیە کە لەمەڕ پەرەسەندنی توانای گوزارشتی موسیقاو چۆن بەتەنیا ئەو توانایەی بەدەست هێنا کە گشت ماناکان بگەیەنێ بێ ئەوەی کۆمەك لە شیعر یا هەر هونەرێکی دی وەربگرێ" تا پتر ئەو مانایانە دیاری بکا. حەز دەکەم لەم بوارەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم پەرەسەندنە وێڕای ئەوەی خۆی بوونی (استقلال) موسیقای وەکو هونەرێکی سەربەخۆ سەلماند لەهەمان کاتا سیمای هونەرێکی ئینسانی گشتی ئەو تۆشی دایێ کە دەکەوێتە سەرووی هەموو ئەو سنوورو کەوشەنانەی کە مرۆڤ لێکدی دادەبڕێ. چونکە ئەگەر موسیقا بەردەوام بوایە لەسەر خۆبەستنەوە بەشیعرەوە، ئەوا ئەو خۆبەستنەوەیە سیمایەکی ناوچەیی دەدایێ کە پەیوەستە بە زمانی ناوچەیی و تایبەتی شیعرەکەوە، پەیوەستە بەو رووداو و واتا جیاوازانەی ئەو شیعرەی گوزارشتی لێ دەکاو ئەنجام وەکو کاری هونەری تەنیا لە ناوچەی زێدی شیعرەکەدا دەناسرا. بێگومان ئەم کارە دەبووە مایەی خەفە کردنی ئەو شەقڵە شمولییەی کە موسیقا تاقە سوارچاکێتی، بەڵام خۆی بوونی موسیقا کردیە کارێ کە لە گشت هونەرەکان باو و بەربڵاوتربێ. ئەو کەوشەن و سنورە ناوچەییانە ببەزێنێ کە کۆمەڵە مرۆڤێك لە

کۆمەڵە مرۆڤێکی دیکە جیا دەکەنەوە. ئەلهەقی چ هونەرێکی دیکە ناتوانێ لەم بارەیەوە بگاتە پلەوپایەی موسیقا. لە هەموو هونەرەکانی دیدا جۆرە گوزارشتێکی ناوچەیی تایبەت هەیە کە بێگومان – پەیوەستە بەهەندێ ئەزموونی تایبەتەوە کە هەندێ جار تەنیا لە ناوچەکەی خۆیدا لێی حاڵی دەبن، بەڵام موسیقا بە زەبری ئەو بەربڵاوی و شمولیەتەی کە هەیەتی بووە بە بەربڵاوترین زمانی هونەری. ئەگەر ئەم رایە تا رادەیەکی زۆر، ناڵێم تا رادەیەکی – تەواو – بەسەر ئەو (مانایانەدا) کە موسیقا گوزارشتی لێدەکا تەتبیق ببێ واتە فراوانییەکەی لەوە بەربڵاوترە کە لە چوارچێوەیەکی تەسك یا تایبەتیدا قەتیس بمێنێ، ئەوا بە جۆرێکی زۆر وردتر لەسەر (هۆیەکانی) گوزارشتی موسیقا تەتبیق دەبێ. مەبەستم دەنگەکان و تەفاعولاتی ئەو دەنگانەیە کە زمانێك دروست دەکەن خەڵك بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێ ئەوەی پێویستیان بە چ هۆیەکی دی بێ گوێی لێ دەگرن..

بەهەرحاڵ کە هاتینە سەر باسکردنی موسیقاو شەقڵی نەتەوەیی ئەوا پتر لەم بابەتە دەکۆڵینەوەو بەڵگەی لایەنگرانی (ناوچەیی) و (نەتەوەیی) لە موسیقادا هەڵدەسەنگێنین.

ئاشکرایە پەرەسەندنی ئەرکەکانی موسیقاش بەهەمان رێبازدا تێپەڕی. واتە کردیە کاری موسیقا لە هونەرێکەوە کە خزمەتی هەندێ مەبەستی تایبەتی دەکرد ببێ بە هونەرێکی ئینسانی ئەوتۆ کە پێویستییەکانی هەموو مرۆڤایەتی دابین بکا – لە کۆنا مۆسیقا پەیوەندییەکی هەرە پتەوی بە سیحرەوە هەبوو. هەر ئەو تاقمە کەمە بەکاریان دەهێنا کە خەریکی سیحرکردن بوون – بێگومان ئەوە تەسکترین بواری موسیقا بوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی. ئەودەمە کارێکی نهێنی ئامێزو ئاڵۆز بوو بۆ وەدی هاتنی مەبەستی تاقمە خەڵکێکی یەکجار کەم بەکار دەهێنراو لە خەڵکانی دی حەرام دەکرا تەنیا لەبواری سیحردا نەبێ، چونکە سیحر لە گەلێك کۆمەڵگادا حەرام یا ناڕەوا بوو. خزمەتی ئەو مەبەستانەی کردووە کە کۆمەڵ پەسەندی نەکردووە. بۆیە دوور نییە هۆی سەرەکی حەرام کردنی موسیقا لە هەندێ باوەڕی ئاینیدا بگەڕێتەوە بۆ پێوەندی نێوان موسیقاو سیحر لە چاخە کۆنەکانا.

ئەرکی مۆسیقا لە سەدەکانی ناوەڕاستا لە ئەوروپادا بوو بە خزمەتکردنی مەبەستەکانی کڵێسا، بوو بەیاریدەری ئەنجامدانی تقوسە ئاینییەکان، هەرچەند ئەم ئەرکە فراوانتر بوو لە ئەرکی پەیوەندی بە سیحرەوە، بەڵام هێشتا هەر بوارەکانی تەسك بوو، شەقڵی نهێنی ئامێزی و ئاڵۆزی هەر زاڵ بوو بەسەریا. زۆربەی مۆسیقا زانانی ئەو سەردەمە بەخیل بوون. نهێنییەکانی مۆسیقایان هەر بۆخۆ دەپاراست و بەجۆرێك بەکاریان دەهێنا کە خزمەتی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیان بکا، هەڵبەتە لە بارو دۆخێکی وەهادا مەحاڵە مۆسیقا ببێ بەهونەرێکی ئینسانی گشتیی.

لەسەرەتای سەدە تازەکانا لە ئەوروپادا پەرەسەندنێك رووی دا، بووە مایەی فراوان بوونی مەیدانی ئەرکی مۆسیقا. هەرچەندە هێشتاش هەر دوور بوو لە مەیدانە ئینسانیە گشتییەکەوە. موسیقا لە کڵێساکانەوە گوازرایەوە بۆ کۆشك و تەلاری میرو ئەشراف زادەو دەرەبەگەکان. دیارە ئەو گواستنەوەیەش ئاسایی بوو،

چونکە مەڵبەندی دەسەڵات لە ئەوروپادا لە کڵێساوە گوازرایەوە بۆ حاکمە ناوچەییەکان، ئەمە جگە لەوەی گەلێك لە پیاوانی ئایین لە هەمان کاتدا دەرەبەگی گەورە بوون. پاش ئەوەی موسیقا لە چوارچێوەی کڵێسا دەرچوو، هاتە کۆشکەکانەوەو کەوتە خزمەتکردنی میرانەوە. ئیدی ئەرکی موسیقا بوو بە شادکردنی میرو میوانەکانی لە ئاهەنگە تایبەتیەکانا. بێگومان بەشێکی زۆر لەم پارچە موسیقایانە سنوری ئەم مەیدانە تەسکەیان دەبەزاندو لەنێو کۆمەڵێکی زۆرترا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام مەیدانە بنەڕەتیەکەی هەر ئەو تاقمە کەمە بوو کە میرو دەس و پێوەندەکەی پێکیان دەهێناو ئامانجی موسیقا تەنیا ئەوە بوو خۆشی و شادی بخاتە دڵیانەوە. دیارە ئاساییە لەو بابەتە مەیدانەدا مۆسیقا نەتوانێ گوزارشت لە کۆمەڵە چەمکێکی ئینسانی گشتی بکا. یا سۆزو هەڵچوونە راستەقینەکانی تێکڕای ئینسان عەکس بکاتەوە، بەڵکو هەندێ پارچە مۆسیقای پێشکەش دەکرد کە شەقڵی سەمای سووکی پێوە دیاربوو. یا هەندێ پارچەی پێشکەش دەکرد کە پەردەی لەسەر تواناو بەهرەی مۆسیقا ژەنیی هەڵدەدایەوەو لەگەڵ تەبیعەتی ئەو جەماوەرەی کە مۆسیقاکەی پێشکەش دەکرا، دەگونجا.

بێ چەندو چۆن ئەگەر هەندێ هەوڵی کەمی تاکە کەسی لێ دەربکەین، مەحاڵ بوو مۆسیقا لەو سەردەمەدا بە رێبازێکی سەربەخۆدا بڕوات. لە کاتێکا کە هەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی دی مل کەچی چەوساندنەوەو ستەمی چینی دەرەبەگ بوو. ئازادی راستەقینە لە مەیدانی مۆسیقادا ئەو وەختە دەستی پێکرد کە ئازادییەکی شان بەشانی ئەو لە مەیدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە گشتییەکاندا روویدا. لەو دیاردانەی کە نابێ هەروا بەبێ خشپە بەسەرمانا رەت ببێ ئەوەیە دوا مۆزیشنێ کە لە خزمەتی میراندا مایەوە موزارت بوو کە لەساڵی ١٧٩١ دا مرد، واتە لە هەڕەتی شۆڕشی فەرەنسادا. پاش ئەم شۆڕشە کە هەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی بەجارێ ژێروژوور کردو پرانسیپی رێزگرتنی ئینسانی هێنایە ئاراوە بەیەکجاری دەسەڵاتی فیۆداڵی بنبڕ کرد، تاقە یەك موزیشنێ دەرباری پەیدا نەبوو، بەڵکو زەمینە بۆ ئەرکێکی نوێی مۆسیقا هەموار بوو کە بە گەشترین وێنەیەوە لەلای بیتهۆڤن سەری هەڵدا. ئەویش بریتی بوو لە ئەرکی گوزارشت کردن لەو هەستە ئینسانیانەی کە لە قوڵترین ئەزمونی واقیعی فەردەوە هەڵقوڵابوو. ئەگەر تازە کردنەوەی بیتهۆڤن بۆ ئەوانەی کە تەنیا سەیری مێژووی مۆسیقا دەکەن بەبازرەقەیەکی مەزنی بێ هاوتا بێتە بەرچاو، ئەوا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر مێژووی مۆسیقا بە مێژوی گشتی کۆمەڵایەتییەوە گرێ بدەین، ئەوا کارەکەی بیتهۆڤن بە کارێکی ئاسایی دێتە بەرچاو. لەوکاتە بە دوواوە ئەم ئەرکە تازەیەی مۆسیقا چەسپی و بوو بەو تەوەرەی کە هەموو کارە مەرنەکانی ئەم هونەرە بەدەوریا بسوڕێنەوە.

بەڵام ناتوانین بڵێین کە ئیدی هونەرمەند بەتەواوی ئازاد بوو و نووکە دەتوانێ بێ چ کۆسپ و تەگەرەیەك گوزارشت لە ئەزموونە ئینسانیەکانی خۆی بکات.

چونکە پاش ئەوەی هونەرمەندی مۆسیقا لەسایەی دەسەڵاتی میرو فیۆدال دەرچوو، ناچار بوو بۆ دابین کردنی گوزەرانی خۆی کەوتە پەنا بردنە بەر بڵاوکەرەوەکان. خۆ ئەگەر چاوێك بەژیاننامەی موزیشنانی

نـاوداردا بگێـڕین دەبیـنین پـڕە لـە نمونـەی چەوسـاندنەوەیان لەلایـەن بازرگانـانی مۆسـیقاوە. ئـەم چەوساندنەوەیە لەسـەدەی بیسـتەما بـەجۆرێکی بـێ هاوتـا تەشـەنەی کـرد. فـراوان بـوونی تـەتبیق کردنـی دۆزینەوە زانستیەکان لە مەیدانی مۆسیقادا کردیە کارێ کە ژمـارەی گـوێگران هـەزاران کـەڕەت زۆرتـر بـبێ، بەڵکو کار گەییە شوێنێ کە گوێگرتن لە مۆسیقا لە رێگای رادیو و تۆمارکردنەوە بۆ هەموو کەسـێك مەیسـەر ببێ. دیارە ئاساییە ئەم کارە ببێتە هۆی ژیانەوەی راپەڕینێکی مۆسـیقایی یـەکجار گـەورە، بـەڵام هـەر ئـەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کار گێڕان و خاوەن کۆمپانیاکان ئـەم فـراوان بوونـە بقۆزنـەوەو بـەجۆرێ بـەکاری بێنن کە خودی موزیشنەکانی پێ بچەوسێننەوە.

موزیشـنێکی هاوچـەرخی ئـەمریکایی (Rogensessions) لـەم بارەیـەوە رای وایـە کـە: هونەرمەنـد کەوتووەتە ژێر ئارەزووی بازاڕەوە. کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئەو قۆنتەراتچیەی کە کارە هونەرییـەکانی بـۆ رێك دەخاو بڵاوی دەکاتەوە. گوێ گـریش بـووە بـەو (مسـتهلك)ەی کـە دەبـێ رازی بکـرێ، واتـە بـە هـەمان شێوەی ئالۆێری بازاڕەکان. هەڵبەتە لە بارو دۆخێکا مۆزیشن کەوتبێتە ژێر فشاری پێداویستیەکانی بازاڕەوە ناتوانین بڵێین بەتەواوی ئازادە. ئەوەی لەم بابەتە کۆمەڵگایەدا ئازادی هونەرمەنـد تەسـك دەکاتـەوە هـەمان شتە کە ئازادی هەر کەسێکی دی تەسك دەکاتەوە.

مەبەست لەو چەوساندنەوە بێ رەزایەیە کە کۆمپانیا گەورەکان لەمامەڵە کردنیاندا پەیڕەوی دەکـەن. هـیچ سەیریش نییە لەم بابەتە کۆمەڵگایانەدا ببیـنین کـە هونـەری مۆسـیقای دروسـت دووچـاری پـاش کـەوتنێکی گەورە بووبێ. کەواتە بۆمان هەیە بڵێین هونەرێکی وەکو مۆسیقا ئەگەر بیـەوێ لەئەنجامـدانی ئـەرکی خۆیـدا تەواو ئازاد بێ پێویستە لە چەوساندنەوەی بازرگانی رزگار بێ و ژیانێکی ئاسودەو ئارام بـۆ هونەرمەنـدەکان دابین ببێ و تواناو بـەهرە راسـتەقینەکان بەکۆششـی تایبـەتی خۆیـان بـەرز بینـەوەو دەربکـەون و فاکتـەرە دەستکردەکان چ دەستێکیان لە بەرزکردنەوەی پایەی هەندێکیان و نزم کردنەوەی هەنـدێکی تریانـدا نـەبێ. ئەویش لەبەر هەندێ هۆ کە بـەزۆری پەیوەنـدی بـەخودی هونـەرەوە نییـە. وێـڕای ئـەوەش دەتـوانین بڵـێین مۆسیقا سەرباری ئەو کـۆت و زنجیرانـەی کـە هێشـتا لـە زۆر کۆمـەڵگادا لـە دەسـت و پێـی ئـاڵاوە بـووە بـە هونەرێکی ئینسانی بەرین و ئەرکەکانی مۆسیقا لەوە دەرچوون کە گوزارشت لە خواستی تاقمە خەڵێکی کەم بکەن. ئێستا بە شێوەیەکی گشتی بەزمانی ئینسان دەدوێ و نـزیکترین پەیوەنـدی بەکێشـە راسـتەقینەکانی ئینسانەوە هەیە.

* * *

ئەگەر بێینە سەرباسی پەرەسەندنی شێواز یا رێبازی ئەدای مۆسـیقا دەبیـنین ئـەم پەرەسـەندنە هەمیشـە بەرەو وەدی هاتنی ئەو ئامانجە چووە کە پێشتر باسمان کرد.

هەموو ئەو دۆزینەوانەی مۆزیشنەکان کەشفیان کردووە هەر لەسەردەمی (باخ)ەوە تا ئەورۆکە هەوڵی ئەوەی داوە کە توانای گوزارشتی مۆسیقا زیاد بکاو مەیدانی زمانەکەی بەجۆرێ بەرین بکا کە پێداویستیەکانی ئەم هونەرە ئینسانییە ناسکە دابین بکا.

پەرەسەندن بەشێوەیەکی بێ وچان بەم ڕێگایەدا دێت" هەر هونەرمەندێك نوێکردنەوەی جوان دێنێتە ئاراوەو هەر زوو بەزوو ئەم نوێکردنەوەیە تێکەڵی کەلەپوری کۆنی مۆسیقا دەبێ تا پێکەوە ئاوێتەیەکی قوڵترو دەوڵەمەندتر لەجاران پێك بهێنن. ئەم پەرەسەندنە بەرەبەرەیە کارێکی وای کرد کە خەڵکی لە هەموو تازەکردنەوەیەکی پڕبایەخ تێ بگەن و زوو بەپیریەوە بچن و ئەوجا بیخەنە سەر خەرمانی دەوڵەمەندی ئەو هەموو تازەکردنەوەیەی کە مێژووی تازەی مۆسیقای ڕازاندۆتەوە. هەمیشە تەبایی بەدەنگەوە چوون لەنێوان جەماوەری گوێگرو هونەرمەندانداا هەبووە – ئەگەر هەندێ حاڵەتی کەمی لێ دەربکەین – کە پاشان بووە بەستایشی تەواوی هونەرمەند ئەگەر بەرهەمەکانی شایستە بووبن.

کەچی مێژووی مۆسیقا لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەو یەکەم چارەگی سەدەی بیستەمدا تووشی بزوتنەوەیەکی لەنکاوی مۆسیقایی ئەوتۆ بوو کە دەیویست رابردوو لە رەگوڕیشەوە هەڵکەنێ. تووشی کۆمەڵە کودەتایەك لە شێوازی مۆسیقادا بوو کە دەیویست نکوڵی لە هەموو پەرەسەندنەکانی رابردوو بکا، یا خۆی لەوە بەرزتر دەزانی لەگەڵ پەرەسەندنەکانی رابوردوودا تێکەڵاو ببێ. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مۆسیقادا تازە کردنەوەیەك روو دەدا کە خودی داهێنەرانی ئەو تازەکردنەوەیە دان بەوەدا دەنێن کە قورسەو تێگەیشتنی ماندو بوونێکی زۆری دەوێ – وێڕای ئەوەش – سورن لەسەر ئەوەی کە تێنەگەیشتنیی لەلایەن خەڵکەوە لەپایەی کەم ناکاتەوەو بە ئەرخەیانییەوە دەڵێن ئەگەر مۆسیقا بیەوێ لە بازنەی دووبارە بوونەوەی بێزارکەر دەربچێ دەبێ تەنیا ئەم ڕێبازە بگرێتەبەر ئابەوجۆرە داهێنانی زۆر لەگشت مەیدانەکانی مۆسیقادا پەیدا بوو" لەلای شونبرج بەتەواوی پەیژەی (سلم) ڕۆژئاوایی بە هەردوو لقەکەیەوە" گەورەو بچوکەوە لەبەین دەچێ. بایەخی مەودای نێوان دەنگەکان نامێنێ. هەر نیوە دەنگێك لەو دوانزە نیوە دەنگەی کە ئەو پەیژەیە پێك دەهێنن هەمان بایەخی ئەوی تری دەبێ.

دوا بەدوای ئەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هارمۆنی دەنگەکان روویدا. دەستورەکە لەوە دەرچوو کە هارمۆنی بخرێتە نێو ئەو دەنگانەوە کە سەر بە یەك پەیژەن و بەپێی ڕەوتی ئاوازەکە بڕوات. دەستورەکە بوو بە دروست کردنی هارمۆنی لە نێو تاقە دەنگێکا یا کۆمەڵە دەنگێکا کە هەر یەکەیان سەر بە پەیژەیەکی جیاوازە. هەروەها شان بەشانی ئەو گۆڕانانەی سەرەوە کۆمەڵە گۆڕانێك لە قاڵبی مۆسیقادا لەسەر دەستی ستراڤنسکی هاتە ئاراوە. هونەرمەند گوێی بە وێنەو فۆرمە تەقلیدیەکان نەدەدا، بەڵکو ئاوازەکە بوو بەشتێکی سەربەست و دوور لە هەر کێشەیەك. ئیدی لەو وەختە بەدواوە تازە کردنەوە یەك لەدوای یەك سەری کرایەوە. موزیشنەکان کەوتنە پێشبڕکێ لە بواری دۆزینەوەی دەستوری نۆباودا. لەچوارچێوەی دەستورە باوەکان دەرچوون. ئیدی مۆسیقا گەییە زەمانێك وا هەست دەکرا کە فۆرم و چوارچێوە کۆنەکان

بەتەواوی نەمان و رەوتە تازەکە تەواو جێگیر بوو. کەچی ئەم هەڵچوونە نویێ باوە کە لە یەکەم چارەگی سەدەی بیستدا گەییە پۆپە، وردە وردە خاو بووەوەو دامرکایەوەو هونەرمەندەکان کەوتنە ئەوەی بەچاوی رەخنەگرانەوە بروانتە داهێنانەکان، کەوتنە ئەوەی تەتەڵەی بکەن و تەنیا ئەو شتانەی لیێ هەڵبژێرن کە بەراستی پێیان وایە شتێکی تازە دەخاتە سەرخەرمانی هونەری مۆسیقا، شتێکی تازەی گونجاو لەگەڵ ئەو شتانەدا کە هونەرمەندانی پێشین هێنابوویانە ئاراوە. دەتوانین بڵێین ئەو ناوانەی ئەمڕۆکە لە ئاسمانی دنیای مۆسیقادا دەدرەوشێنەوە بەشی هەرە زۆریان ئەو هونەرمەندانەن کە توانیان بەجوانی سود لە دۆزینەوە تازەکان وەر بگرن و خۆیان بەجۆرێکی ئەوتۆ نەدایە دەم تەوژمی تازەوە کە وا لە مۆسیقاکەیان بکات ببێ بەکۆمەڵە دەنگێکی نامۆی نا ئاشنا بەگویێ – لەو ناوانە سیبلیوس، رتشارد شتراوس. رفمانینۆف، خاتشاتوریان، شوستاکو فتش و پروکروفیف.

ئەو هۆیانە چی بوون کە بوونە مایەی وازهێنان لە کودەتای موسیقایی و گەڕانەوە بۆ تازە کردنەوەی بەرەبەرەو رێك وپێك؟ بێگومان تێگەیشتنی دروست و راستەقینە لە ئەرکی هونەری مۆسیقا ریێ بە مۆزیشنەکان دا کە رێگای دروست لە شێوازەکانیانا بگرنەبەر. مۆسیقا پاش ئەوەی بوو بە هونەرێکی ئینسانی باو و پاش ئەوەی کەوتە گوزارشت کردن لەو مانایانەی کە پەیوەستن بەژیانی راستەقینەی خەڵکەوە، ئیدی مەحاڵ بووجارێکی دی بۆ دواوە بگەڕێتەوەو بەزمانێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ بدویێ کە کەس لیێ تێنەگا. بەڵیێ ئەو دەنگانەی دەڵێن مۆسیقای تازە بۆیە ناچێتە دڵەوە چونکە گوێچکە پێی رانەهاتووەو ئەگەر لەسەری رابیێ بەچاکی تێی دەگاو زەوقی لیێ وەردەگریێ و جوانییە پەنامەکیەکانی دەدۆزێتەوە – کۆمەڵە دەنگێکی نامۆو نارەسەنن چونکە گوێچکە چۆن لەگەڵیا رابیێ هەر (جوانییە) باوەکەی تێدا نابینیێ. شیکردنەوەی ژیرانەی ئەم مۆسیقایە هەندیێ ئەزمونی دەنگ کەشف دەکا کە پێشتر نەزانراون، بەڵام رەگەزی جوانی لە بنەوە تێدا نیە، بگرە هەندیێ (مقگوعات) لەوانەی پەرگیری دەکەن لە تەتبیق کردنی رەگەزە تازەکاندا تەنیا بریتیە لە کۆمەڵە دەنگێکی گڕ کە راهاتنیش ناتوانیێ نامۆییەکەی کەوی بکاتەوە. خۆ هەندیێ کەس وەختیێ لاڤی لەزەت وەرگرتن لەم مۆسیقایە لێدەدەن تەنیا بۆ خۆنواندنەو هیچی دی. مرۆڤ ئەوپەڕەکەی جۆرە لەزەتێکی ئەقڵی لیێ وەردەگریێ. لەزەتێك کە لە ئەنجامی هەست کردن بە چوونە ناو دنیایەکی نادیاری دەنگەوە هەڵقوڵاوە.

دیارە خەڵکێکی کەم هەن کە شارەزای شیکردنەوەی زانستیانەی ئەم دۆزینەوانە بن. خۆ ئەگەر ئەو خەڵکە کەمە بخەینە لاوە ئەوا دەبینین بەشی هەرە زۆری جەماوەر کە عادەتەن مۆسیقا بۆ ئەوانە، کەم وزۆر پەیوەندییان بەم ئەزموونی دەنگانەوە نییە، بۆیە سەرەڕای نەبوونی رەگەزی جوانی لەم مۆسیقایەدا – هۆی تەواویش بەدەستەوەن بۆ سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵە پەرگیرییە نوێگەرییانە، چونکە مۆسیقا بەرێگایەکدا هاتووە کە خەڵکی بە چەمکێك دەدوێنیێ لیێ تێدەگەن و دەنگدانەوەی سۆزی راستەقینەی ژیانی خۆیانی تێدا دەبینن، چونکە مۆسیقا ئەو ئەرکەی دە ئەستۆ گرتووە کە یارمەتی پێشکەوتنی ئینسان بدا. بۆیە بەم

پێودانگە دەبێ ڕێگای خۆی بۆناو زەینی هەموو خەڵکی بکاتەوە. خۆ ئەگەر سیستەمێکی مۆسیقایی سەر بەتاقمەپسپۆڕێك پەیدا ببێ ئەوا ئەم سیستەمە هەر لەسەرەتاوە بەشی سەرنەکەوتن دەبێ. ئیدی لەوساتەوە کە مۆسیقا بووە بەهونەرێکی ئینسانی وای خواستووە شێوازەکانی شان بەشانی ئەم خەسڵەتانەی بڕوات و ئەلهەقی ئەمە ئەو شەقڵەیە کە لە جوانترین کاری مۆسیقایی ئەو سەردەمانەدا بەدی دەکرێ – مەبەستم لەوکارانەیە کە ژیان و بڵاوبوونەوەو شۆرەتیان سەند نەك ئەوکارانەی بۆ چەند ساتێك خەڵکی سەرسام کردو پاشان لە شەوەزەنگی بیرچوونەوەدا ئاوا بوون!

(٥)

گوزارشت لە مۆسیقای ڕۆژهەڵات دا

کێشەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی

لە ڕۆژهەڵاتدا هونەرێکی مۆسیقایی پڕ بەپێستی مانای دروستی هونەرمان نییە. ئەمە ئەو حوکمەیە کە ئەم بەشەی ئەم کتێبە بۆ سەلماندنی تەرخان کراوە. بێگومان ئەمە حوکمێکی قورسەو ڕەنگە زۆرکەس بە غەدری بزانن لە هونەری مۆسیقای وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بەڵام من بۆ روون کردنەوەی ڕایەکەی خۆم وەکو ئەو کەسانە ناکەم کە بۆ سەلماندنی ڕای خۆیان تەنیا پشت بە هەندێ وشەی قەبەو بەسۆزو فاکتەرە زەوقییەکان دەبەستن و، بەس، چونکە ئەوانە – سەرەڕای ئەوەی زۆرجار مەزەندەکانیان ڕاستگۆیانەو قسەکانیان دڵسۆزانەیە – دەکرێ بە ڕایەکی پێچەوانە بەرپەرچ بدرێنەوە. ئیدی ئەوکاتە جیاوازییەکە مادامێکی دەکەوێتە سایەی فاکتەرە زەوقییەکانەوە بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی بنج بڕ لە نێوان هەردوو ڕایەکەدا دێت و دەچێت. بۆیە حەزم کرد کۆمەڵێك بەڵگەی ئەقڵانی تەواوی ئەوتۆ کەشان بەشانی فاکتەرە زەوقییەکانی بوەستێ و تاییدی بکات، بۆ پشتیوانی ڕایەکەی خۆم بێنمەوە. وام بە چاك زانی پەنا بەرمە بەر شێکردنەوەیەکی لۆجیکی هێدی تا موناقەشەی ئەم بابەتە گرنگە تەنیا لە مەیدانە زانستییەکەیدا وەمێنێ.

حەزدەکەم بەرلەوەی بچمە ناو درێژەی باسەکەوە ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بکەم کە ئەویش مەسەلەی پەیوەندی نێوان هەردوو مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییە.

لەبواری ئەم شیکردنەوەیەدا خوێنەر گەلێك بەراوردی نێوان مۆسیقای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبینێ یا وەکو خۆم – حەز دەکەم نێوی بنەم – بەراوردی نێوان مۆسیقای ناوچەییمان و مۆسیقای جیهانی دەبینێ. ڕەنگە هەندێ کەس ئەم بەراوردە بەناڕەوا بزانن، چونکە لەنێوان دوو سیستەمدا دەکرێ کە هەریەکەیان بۆخۆی سروشت و دەستورو ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوا لێرەدا دەست پێشکەری دەکەم و هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە – بەلای ئێمەوە – ئەم ڕایە ڕایەکی یەکجار نادروستە، چونکە جیاوازی نێوان مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی جیاوازی جۆرەکانیان نییە، بەڵکو تەنیا جیاوازی پلەیەو بەس. مەبەستم ئەوەیە کە بەراوردکردن لە نێوان هەردوو سیستەمە مۆسیقاکەدا ڕەوایە، چونکە بەراوردە لە نێوان دوو سیستەما کە یەکەمیان هەنگاوی زۆری لە ڕێگای پێشکەوتنا ناوەو دووەمیان هێشتا لەیەکەم قۆناغەکانی

ڕێگادایە. هەر هەموو دوورییەکەی نێوانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ قوڵی و دەوڵەمەندی ئـەزموونی ڕۆژئاواییـەکان لەم بوارەدا کە پاش هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی زۆر بەدەستیان هێناوە، بەڵام بارکردنی ئەم مەیدانـە بـە مەسەلەی (نەتەوەیی) ئەمەیان کارێکی بـێ بنەمایـەو لـەم بەشـەی باسـەکەماندا لـە بـنج و بنەوانـەوە هـەڵی دەوەشێنینەوە.

با لە گەورەترین دەرگاوە بچینە ناو بابەتەکە. بێگومان یەکێك لـە نیشـانەکانی پێشـکەوتنی هـەر هونـەرێك ئەوەیە کە بەهەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆی، خۆی بسەپێنێ و پێویستی بە کۆمەکی چ هونـەرێکی دی نـەبێ تا ببێ بە تەواوکەری گوزارشت کردن لە ماناکانی سەیر دەکەین مۆسیقای ڕۆژئاوایی لەمێژە لە شیعرو گۆرانی جیابۆتەوەو توانیویەتی پاش پەرەسەندنێکی زۆر بێ ئەوەی پێویسـتی بـە کۆمـەکی هونـەرێکی دیکـە هـەبێ گوزارشت لە ئەرکی خۆی بکا. وای لێ هاتووە شیعر یا سەما بۆئەوە ناخرێنـە سـەر مۆسـیقا تـا بۆشـاییەکی تێدا پڕ بکەنەوە، بەڵکو بۆ دروست کردنی شتێکی تازەیە لە هونەری مۆسیقای شیعری یا مۆسیقای سەما.

مۆسـیقای ڕۆژهـەڵاتی چ هـەنگاوێکی لەمەیـدانی خـۆی بوونـدا نـاوە؟ ئاشـکرایە ئـەم مۆسـیقایە تـەواو دەستەوسانە لە گوزارشت کردن لە هەرماناو سۆزێك. مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی بـە تـەنیا چ توانایـەکی گوزارشـت کردنی نییە. لەوەزع و حاڵێکداین کە ئەزموونی مۆسیقاییمان هەر هەمووی لـە چوارچـێوەی سـتراندا قـەتیس ماوە. ئەگەر بۆ مۆسیقایەکی خالیسە بگەڕێی تەنیا هەندێ هەوڵی سەرەتایی و نەفەس کورتی سووك دەبینی کە گوزارشت لە چ شتێك ناکاو بەبێ گۆرانی چ کارێك لە جەماوەر ناکا، واتە بەبێ کەلیماتی گۆرانییەکە تەواو دەستەوسانە. ئێمە تا دوێنێ و پێرێ بە مۆسـیقای خالیسـەمان دەگـوت (مۆسـیقای بێدەنگ) وەکـو ئـەوەی مۆسیقا بە تەبیعەت دەبێ بەقسەوەبێ، وەك بڵێی مۆسـیقا بەتـەنیا هونـەرێکی (لاڵ) بـێ و ئەگـەر کـەلیماتی گۆرانی لەگەڵدا نەبێ، هەموو دەنگەکانی (کپ) بن!!! بێ چەندوچون پشت بەستنی مۆسیقا هەر بە گۆرانی، دیـارترین دیـاردەی پاشـکەوتنیەتی، چـونکە گـۆرانی بـە تەبیعـەت بوارەکـەی بەرتەسـکەو – زۆرجـار – کەلیماتەکانی بەسە بۆ کارکردن لەگەلی گۆهداران با هەر مۆسیقاکەشی سادەو سـاکار بـێ. ئەلهـەقی گـەلێك سـترانمان هـەن هـەر بـەهۆی ئـەوەوە کـە گۆهـدار دڵبەنـدی ووشـەو واتاکـانین بـڵاو دەبنـەوە، لـە حاڵێکـا ئاوازەکانیان زۆر سادەو بێ تامن.

کەواتە وەختێ دێینە سەرباسی هونەری مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی دەبێ هەمیشە ئـەوە بڵـێین کـە ئـەم هونـەرە هێشتا نەگەییوەتـە پلـەی خۆبـژێوی (الاکتفـاو الـژاتی) وتـا ئێسـتا هونەرێکـە بـۆ گـۆرانی، وەکـو چـۆن بـەر لەنزیکەی چوارسەد ساڵێك ئەمە حاڵی مۆسیقای ڕۆژئاواییش بـوو! مـادامێکی مۆسـیقای خالیسـەمان – گـەر هەبێ – چ مانایەکی نییە ئێمە هەمیشە بۆ زەوق وەرگرتن لە مۆسیقاو لێکدانـەوەی ماناکـانی پـەنا دەبەینـە بەر وشە. بگرە یەکێتی ئامانج لەنیوان مۆسیقاو وشەی یەك گـۆرانی هـەر نییـە، ئـاوازی گۆرانییەکـە بـۆ هـەر گۆرانییـەکی دی دەسـت دەدا ئەگـەر شـیعرەکەیان هـاوکێش بـێ. لەوانەیـە مۆسیقای گۆرانییـەکی خـەمناك

بخرێته شوێن مۆسیقای گۆرانییەکی شاد بێ ئەوەی هەست بە هیچ ناتەباییەکی نێوان وشـەکان و ئاوازەکـان بکرێ.

لێرەدا چونکە مەبەسـتەکەمان باسـی مۆسـیقایە، دەرفـەتی ئـەوەمان نییـە حـوکم لەسـەر وشـەی گـۆرانی رۆژهەڵاتی بدەین. نابەجێ نییە لێـرەدا بـەخێرایی ئاماژە بـۆ ئـەوە بکـەین کـە واتـای ئـەم گۆرانیانـە چـەند رۆمانسی و سادەن، چۆن زیاد لەپێویست بایەخ بەکێشەی دڵداری دەدەن کە خۆی لە خۆیدا دەربڕینی ئـەو ئاڵۆزیە سێکسییەیە کە وەچەکانی ئێستای رۆژهەڵاتمان پێوەی دەتلێنـەوە، ئـەویش لـە قـاڵبێکی خـەمناك و نائومێدی ئەوتۆدا کە ئامانجی ژیان دەشێوێنێ. تەنانەت پیشەوەرانی مۆسیقا لەلای ئێمـە وایـان لـێ هـاتووە پێشبڕکێی حەسرەت و گریان وروژاندنی گوێگر دەکەن، وای لێ هاتووە پێوەری پایەی هەر یەکێکیان بـووە بەوەی کە دەتوانێ چەند فرمێسك بە گوێگر هەڵڕێژێ.

کەواتە دنیـای مۆسـیقامان لەچوارچێوەی هـەرە تەسـکی گۆرانیـدا قـەتیس مـاوەو مۆسـیقا تەنانـەت لـەم چوارچێوە تەسکەشدا ئەرکی دروستی خۆی ئەنجام نـادات. دەبـا تاوێك لـە ئاسـتی ئـەم سـەرنجە درشـتەدا بوەستین و چاوێك بە خەوشەکانی ئاوازدانان لە مۆسیقای رۆژهەڵاتیدا بگێڕین. لـەم شـیکردنەوەیەماندا پـەنا دەبەینە بەر ئەو دابەشکردنەی پێشتر لەمەڕ رەگەزەکانی زمانی مۆسیقا باسمان کـرد کـە بریتیـە لـە: ئـاواز، ریتم، هارمۆنی دەنگ و قاڵب یا فۆرم.

ئاواز لە مۆسیقای رۆژهەڵاتیدا شەقڵێکی تایبەتی هەیە کە پێویستە هەوڵ بدەین بەروونی بیخەینـە بەرچـاو تا ئەگەر لەگەڵ ئاوازی مۆسیقای رۆژئاواییدا بەراورد کرا بەتەواوی پەی بـە کەموکوڕییـەکانی بـەرین. گـەلێك لەو کەسانەی لە مەیدانی مۆسیقادا کار دەکەن چ لەمەیـدانی تیـۆرێکی داو چ لەمەیـدانی پراتیکـی دا وای بـۆ دەچن کە مۆسیقای رۆژهەڵاتی خەسڵەتێکی هەیە کە لەمۆسیقای رۆژئاواییدا نییە.

ئەویش ژمارەی پەیژەکانە. مۆسیقای رۆژهەڵاتی پەیژەی زۆرە، بەڵام مۆسیقای رۆژئـاوایی تـەنیا پشـت بـە دووپەیژەی سەرەکی دەبەستێت. گەورەو بچووك. بەرای ئێمە ئەم مەسەلەیە بەهیچ کلۆجێ مانیەی شـانازی نییە، چونکە پەیژەی مۆسیقایی تەنیا ئەو پیتانەیە کـە وشـەو رسـتەکانی زمـانی مۆسـیقای پـێ دادەڕێـژێ، هەڵبەتە زۆری ژمارەی ئەم پیتانەو نووسینەوەیان بە خەتێکی چاك و جوان بەهیچ جۆرێ ئەوە ناگەیەنێ کـە ئەو پارچەیەی پێی داڕێژراوە پارچەیەکی یەکجار نایابە. هونەر لەو مۆسـیقایەدایە کـە پێـی دانـراوە نـەك لـە زۆری ئەو پەیژانەی لـە دانانیـا بـەکار هێنـراوە. بەوتەیـەکی دی حـوکم دان لەسـەر سیسـتەمێکی مۆسـیقایی بەوەی کە بەهۆی پەیژەکانەوە شەقڵی تایبەتی وەرگرتووە. حوکمێکی بەتاڵە، چونکە پەیژەکان تەنیا پیتـە ئەبجەدییەکانی ئاوازە، بۆیە دەبێ هەمیشە خودی ئاوازەکە ببێ بەبناغەی حوکم لەسەردان. ئەو قسەیە دەق وەکو ئەوەیە بوترێ زمانی چینی چونکە هەزاران پیتی ئەبجەدی هەیە دەبێ ئەدەبیاتێ بێنێتە ئاراوە کـە لـە ئەدەبیاتی هەموو زمانەکانی دی باڵاتربێ! بۆیە دەبـێ ئـەوە بـزانین کـە لـەم کێشـەیەدا پیتـەکان بەتـەنێ چ مانایەك ناگەیەنن و ئەوەی گرنگە ئەو دوا بیرەیە کە ئەم پیتانە وەکو ئامێری گواستنەوە بەکار دێنێ.

خۆ ئەگەر بێینە سەر موناقەشەی هەموو لایەنەکانی ئەم کێشەیە، ئەوا دەبینین هەندێ جار زۆری پەیژەکان دەبن بەکەم و کوڕییەك کە دەبێ چارەسەر بکرێ. وەختێ گوێ بۆ دەنگی رۆیشتنی گالیسکەیێکی فریشقە هەڵدەخەین سەیر دەکەین هەزاران پەیژەی تێدایە، بەڵام ئاشکرایە کە چ جوانییەکیان تێدا نییە!

ئەرکی مۆسیقا بریتییە لە خەستکردنەوەو رێکخستنی ئەم دەنگە زۆرانە لەقالبی کۆمەڵە دەنگێکی کەمی گونجاو و تەبای ئەوتۆدا کە ئاوازێکی نایاب و پڕبایەخ بەدەستەوە بدات. دەتوانین بڵێین پەرەسەندنی دوورو درێژی مۆسیقا لە رۆژئاوادا کردیە کارێ کە ئەم پەیژە زۆرانە لە دوو چەشنی سەرەکیدا کۆبکاتەوە: گەورەو بچووك. ئەم پرۆسەیە رێك وەکو پرۆسەی کەم کردنەوەی پیتە هیجاییەکانی زمانێکە لەکۆمەڵە پیتێکی کەمی ئەوتۆدا کە بتوانێ وەکو ئامێری گواستنەوە گشت وشەو ماناکەی ئەو زمانە دەربڕێ، زۆری ژمارە بەگشتی نابەجێیە تەنیا ئەو وەختانە نەبێ کە ئامێرەکان دەرەقەتی گوزارشت و دەربڕین نەیەن، بەڵام کوا دەرەقەت نەهاتن، ئەم دوو پیژە رۆژئاواییە گوزارشتیان لە شاکاری جیهانی ئەوتۆ کردووە کەتا ئەمڕۆش زەمان نەیتوانیوە کاریگەرییان کەم بکاتەوە؟

سەردەمێ بەسەر مۆسیقای رۆژئاواییدا هات هونەرمەندەکانیان کەوتنە گێژاوی ئەو هەڵەیەوە کە زۆری ژمارەی پەیژە مۆسیقاییەکان کارێکی چاکە. ئەوەبوو کۆمەڵە سیستەمێکی میلۆدیکییان داهێنا کە لەچوارچێوەی پەیژە باوەکان دەرچوو، نەك هەر دەرچوو بگرە لەخانەی هیچ پەیژەیەکیشا خۆی نەدەگرتەوە. نموونەی دیاری ئەمەش مۆسیقای شونبرج. بەڵام زۆری پێ نەچوو پەرگیری توندڕەوی ئەم شۆڕشەهونەرییە بەدیارکەوت و هونەرمەندەکان وێڕای سوود وەرگرتنیان لە سیستەمە تازەکان بەرەبەرە گەڕانەوە بۆ سیستەمە کۆنەکان. مۆسیقا زاناکان پاش دامرکانەوەی ئەم ئەزموونە هەڵچووە بۆیان دەرکەوت کە قاڵبە دەنگییەکان ئیمکاناتی لەبن نەهاتووی تێدایە ئەگەر لەگەڵ تازەکردنەوەی فۆرم و ریتم و هارمۆنی دەنگدا تێکەڵ بکرێ – ئەمە رای باوی مۆسیقا زانە گەورەکانی وەچەی ئەمڕۆی ئێمەشە! کەواتە زۆری ژمارەی پەیژە مۆسیقاییەکانی رۆژهەڵات ئەو شتە نییە کە شانازی پێوەبکرێ.

بەڵکو هونەر لەوەدایە کە تا چ رادەیەك سوود لەم پەیژانە وەربگیرێ با ژمارەشیان کەم بێ.

بابچینە سەر رادەی سود وەرگرتنی مۆسیقازانە رۆژهەڵاتییەکان لەم هەموو پەیژانە. ئایا ئاواز لە مۆسیقای رۆژهەڵاتا پڕ مانایە، پڕ گوزارشتە؟ لایەنگرانی مۆسیقای رۆژهەڵاتی ئەگەر رەخنەی ئەوەیان لێ بگیرێ کە مۆسیقاکانیان خاڵیە لە هارمۆنی، بەوە وەڵام دەدەنەوە کە مۆسیقاکانیان لەبنەڕەتا میلودیکەو سامکانێکی ئەوەندە دەوڵەمەندی ئاوازی تێدایە کە لە مۆسیقای رۆژئاوادا نییە. با ئەم بۆ چوونە بجەربێنین و بایەخی راستەقینەی ئاواز لەمۆسیقای رۆژهەڵاتیدا شی بکەینەوە.

بەڕای ئێمە ئەم زۆری پەیژانەی کە ئاوازی مۆسیقای رۆژهەڵاتی جیا دەکاتەوە لەبەر دوو فاکتەر بایەخی خۆی دەدۆڕێنێ ئەویش فاکتەری (تلاصق) و (تماپل)ن.

جا بۆ ئەوەی نمونە بۆ ئەم دوو فاکتەرە بێنمەوە، هەر لەکاتی نووسینی ئەم چەند دێڕەدا یەکەم بڕگە مۆسیقام کە گوێم لێ بوو تۆمار کرد. مادامێکی هەر لەسەرەتاوە هەست بە شەقڵە ڕۆژهەڵاتییەکەی دەکرێ ئیدی زانینی ناوی دانەرەکەی یا ناوی بڕگەکە ئەوەندە گرنگ نییە.

١- فاکتەری هاوچەسپی (تلاصق): ئەوەیە کە هەموو دەنگێکی ناو ئاواز بریتیە لە دەنگی دواتری دەنگەکەی پێش خۆی جا چ بەبەرزی چ بەنزمی بێ. واتە ئاوازی ڕۆژهەڵاتی بریتیە لە زنجیرە دەنگێکی پێکەوە گرێ دراو لە چوارچێوەی هاوچەسپیدا (تلاصق) بەرزو نزم دەبێتەوە. ناتوانم بڵێم کە ئەمە دەستورێکی گشتییەو تاقە یەك ئاواز لێی لانادات، بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە بەشی هەرە زۆری ئاوازە ڕۆژهەڵاتییەکان لەسەر ئەم دەستورە دەڕۆن. هەروەها ئاوازە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان وەکو بشارف، هەر هەموویان لەسەر ئەم دەستورە دەڕۆن و لادانیان بۆ نییە، باشە ئەمە چ عەیبێکی تێدایە؟ بێگومان ئەو ئاوازەی بەشێوەی دەنگی هاوچەسپ دەڕوات زۆر ئاسانترە لەو ئاوازەی کە دەنگەکان تێیدا لێك دوورن. هەڵبەتە سادەیی و ئاسانی بۆخۆی خەوش نییە، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێتە هۆی هەست نەکردن بە تازەیی لە ئاوازە داهێنراوەکان و دەبێتە مایەی لێکچوونی هەموو ئاوازەکان و ڕەگەزی هەمە جۆری تێدا دەکوژێ. هەڵبەتە بە هیچ جۆرێ قورس نییە پیشەوەری مۆسیقا (محترف الموسیقی) بە بەرزی و بە نزمی بەسەر پەیژەی مۆسیقادا بڕوات و هەنگاوی بەرە بەرەو پێکەوە چەسپاو بنێ لەگەڵ ئاڵو گۆڕکردنێکی کەمدا لە زەمانی هەر دەنگێك. بەڵکو قورسی لەوەدایە ئاوازێ دابنێ بریتی بێ لەو بازرەقە دەنگیە ئازایانەی کە ئاوازی مۆسیقای ڕۆژئاوایی لێیان پێك دێ. ئالێرەدا توانا دەردەکەوێ، هەموو ئاوازێك تازە دێتە بەرچاو و جیاوازە لە ئاوازێکی دی. جا با نمونەیەك لە تاقە یەك موزیشنی ڕۆژئاوایی وەر بگرین و بزانین چۆن جیاوازی پێکهاتنی ئاواز لە مۆسیقای ڕۆژئاواو لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتدا دەردەخا. با ئەم موزیشنە بیتهۆڤن نۆتەی مۆسیقا لەم نمونانەوە - کە هەر هەموویان ئاوازی سەرەکین لە مۆسیقای بیتهۆڤنداو لەسەمفۆنیاکاندا بزاڤی مۆسیقایی تەواویان لەسەر بینا دەنێ - دەتوانین هەست بە ڕادەی ئازادی بزاڤ لە ئاوازی ڕۆژئاواییدا بکەین. دانەر بەهیچ جۆرێ پەنا ناباتە بەر هاوچەسپی ئاسانی دەنگ، بەڵکو مێشکی دەخاتە کار بۆ داهێنانی ئاوازێك کە دەنگەکانی لێکدییەوە دووربێ و هەر لە هەوەڵێ را ڕەسەنایەتیەکەی دەکەوێتە روو.

دەتوانم بڵێم سیفەتی هاوچەسپی دەنگ لە ئاوازی ڕۆژهەڵاتیدا بۆتە هۆی خەفەکردنی ڕەگەزێکی هەرە گرینگی ڕەگەزەکانی زمانی مۆسیقا کە ئەویش هارمۆنی دەنگە.

چونکە ئەو ئاوازانەی کە دەنگەکانیان بە ئازادییەکی ئەوتۆ دەجولێ کە پتر لەیەك پلەی دەنگ لێکدیان جیا بکاتەوە، دەبێتە مایەی کەشف بوونی کۆمەڵێك پەیوەندی سەرەکی لە نێوان کۆمەڵێك دەنگی دیاریکراو لەیەك پەیژەی مۆسیقادا. ئەگەر دیقەتی نمونەکانی سەرەوە بدەین دەبینین دوو ئاوازیان ڕاستەوخۆ لەسەر بناغەی هارمۆنی بینا نراون:

نمونەی یەکەم: سەرەتای سەمفۆنی سێیەم بریتیە لە سێ دەنگی هارمۆنی بینراو لەسەر پەیژەی (می بیمول) کە دەکاتە. می. سول. سی. هەروەها نمونەی دووەم کە بابەتی سەرەکییە لەدوا بزاڤی سەمفۆنیای شەشەم، لەسەر دەنگە هارمۆنیەکانی پەیژەی پارچەکە بینا نراوە. واتە پەیژەی فا، کە دەکاتە. فا – لا – دو – کە ئەو دەنگانەیە بە ئاشکرا لەناو یەکەم سێ لەمپەری (حاجز) ئەم نمونەیەدا دیارە.

ئەم چەشنە دەنگانە گەر پێکەوە لەهەر حاڵەتێکا لێ بدرێن، ئەوا هارمۆنی سییانەی ئەو پەیژەیە پێك دێنن کە پارچەکەی پێ دانراوەو کە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی بناغەی زانستی هارمۆنی دەنگە. پێم وایە ئەم نمونانە بەسن بۆ پشتیوانی ئەو گریمانەیەی لێرەدا خستمە روو کە رەوتی پێکەوە چەسپاوی ئاوازی رۆژهەڵاتی بووەتە مایەی غافڵ بوون لە پێوەندی بنەڕەتی نێوان قەراری پەیژەو هەندێ دەنگی تایبەتی، بۆ نمونە وەکو دەنگی سێیەم و پێنجەم لەناو هەمان پەیژەدا کە ئەم پەیوەندییە بناغەی هارمۆنی دەنگ بەگشتی پێك دێنێ و ئەم پەیوەندیانە تەنیا لە ئاوازێکدا بەدیار دەکەوێ کە چوارچێوەی هاوچەسپی ببەزێنێ. لەوەیە هەندێك پێیان وابێ کە پەیوەندی نێوان ئاوازو هارمۆنی دەنگ پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، واتە هەست کردن بەبونی هارمۆنی لەنێوان کۆمەڵە دەنگێکی دیاری کراوا کارێ دەکا کە ئاواز برِێ جاران دوای دەنگە هارمۆنیەکان بکەوێ. ئێمەش ئەوە دەسەلمێنین و بێگومان ئەمە کاتێ روویدا کە دەستورەکانی هارمۆنی دەنگ هاتنە کەشف کردن، بەڵام ئەوەش بەڵگە نەویستە کە ئاواز لە پێشەوەیەو هەندێ پێوەندی تایبەت لەنێوان دەنگە یەك لەدوا یەکەکانی ئاوازدا هەیە، کە پێکەوە لێ بدرێن ئیحای هارمۆنی دەدەن. بەهەرحاڵ پەیوەندیەکی کۆك لەنێوان رەوتی تایبەتی ئاوازو دەستورەکانی هارمۆنیدا هەیە. ئەم پەیوەندیە لەمۆسیقای رۆژهەڵاتیدا هەر نیە، چونکە دەنگەکانی ئاواز پێکەوە چەسپیون و ئەنجام بۆتە هۆی سرِینەوەی هارمۆنی دەنگ لە مۆسیقای رۆژهەڵاتیدا.

٢– بەڵام فاکتەری هاوشێوەیی (تماپل) پێویستمان بەوە نیە زۆری لەسەر برۆین، چونکە روونەو پێویستی بەشەرحی دوورو درێژ نیە – هەڵبەتە هونەری دروست و رەسەن دەبێ ئەوەندەی داهێنانی بەردەوام تێدا بێ کە زەوقی لێ وەربگیرێ، بۆیە ئەگەر هاوشێوەیی زۆر دووبارە ببێتەوەو ببێ بە بەشێکی سەرەکی کاری هونەری لەرووی ئیستاتیکاوە ناخۆشەو دەسوێ. دەتوانین لێرەدا نمونەیەك بۆ هاوشێوەیی بێنینەوە ئەگەر داوات لێ بکرێ بەرەسم شێوەیەکی لەم بابەتە تەواو بکەیت.

بەڵام ئەگەر ئەم تەواو کردنە هاوشێوەییە بوو بەدەستورێکی گشتی لە رەسمدا بێگومان لەنرخی دادەگرێ، چونکە ئەم تەواو کردنە پێویستی بە کۆششێکی داهێنەرانەی کەمترە وەك لەوەی دارِشتنی شێوەکە بەتەواوی دەیەوێ – هەر بۆیە رەسمە زەخرەفییە هاوشێوەکان لە روانگەی هونەرییەوە ئەو بایەخەیان نییە، هەر بۆیەش سەیر دەکەین قوتابخانە قوڵە هاوچەرخەکانی رەسم دان بەدەستوری هاوشێوەییدانانەن تەنانەت ئەگەر سروشتیش هاوشێوەبێ، وەکو ئەوەی لە دەموچاو یابەدەنی ئینساندا هەیە.

ئەگەر ئەم سەرنجە لە مەیدانی مۆسیقادا بەکار بێنین سەیر دەکەین زۆربەی ئاوازە رۆژهەڵاتیەکان تا

رادەیەکی زۆر پشت بە هاوشێوەیی دەبەستن، ئەگەر لەو نمونەیەی پێشو ئاوازی رۆژهەلات ورد ببینەوە بەراوردێك لەبەینی بەشی أ و بەشی ب تەواو وەکو أ وایە، هەموو جیاوازییەکە ئەوەیە کە ب لەپەیژەدا پلەیەك نزمترە – تەواو وەکو ئەو وێنەیەی لە رەسمەکەدا دیتمان کە هەر نیوەیەکی لە نیوەکەی تر دەچێ و تاقە جیاوازیان ئەوەیە کە یەکێکیان لەسەرەوەیەو ئەوی دیکەیان لە خوارەوەیە – ئاواز دانەری رۆژهەلاتی کە پشت بە فاکتەری هاوشێوەیی دەبەستێ دیارە پەنا دەباتە بەر ئاسانترین رێگا، بەلام کەم بایەخ ترین رێگایە لەباری هونەرییەوە. خۆ ئەگەر سەرنجی مۆسیقای رۆژئاوایی بدەین دەبینین ئەم فاکتەری هاوشێوەییە تەنیا لە مۆسیقا سووکەکاندا بەرچاو دەکەوێ کە ئەویش ئەوەندە بایەخی نادرێتێ و بەهیچ جۆرێ سەرچاوەی قوەتی مۆسیقای رۆژئاوایی نییە.

خۆلاسە ئێمە ئەگەر مۆسیقای رۆژهەلاتی لەبەر رۆشنایی رەگەزی یەکەم، واتە رەگەزی زمانی مۆسیقا کە بریتیە لە ئاوازو هەلسەنگێنین سەیر دەکەین وێرای ئەوەی لەبنەرەتدا میلودێکە، لەئاوازەکانیا پەنا دەباتە بەر شێواز گەلێك کە قورسایی و ناسکی کارە هونەرییەکە کەم دەکاتەوە وشەقلێکی وای پێ دەبەخشێت کە گوێگری وریا بێزار دەکا. وەنەبێ ئەم حوکمەی ئێمە حوکمدانێکی زەوقی و رووت بێ، بەلکو حوکمدانێکی پشت بەستووە بەشیکردنەوەی بابەتیانەی تەبیعەتی ئاواز لە مۆسیقای رۆژهەلاتیدا کە لە رێگای ئەو شیکردنەوەیەوە خەوشە سەرە کییەکانی کەوتنە روو.

رەگەزی دووەمی زمانی مۆسیقا بریتییە لە ریتم (الایقاع). ئیعتراف بۆ گەلی خوێنەران دەکەم کە بیرکردنەوە لەم رەگەزە کاتێکی لەوە پتری لێگرتم کە پێشبینیم دەکرد، چونکە بە ئاشکرا هەستم دەکرد کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ریتمی موسیقای رۆژهەلاتی و ریتمی مۆسیقای بالای رۆژئاواییدا (نەك مۆسیقای سووك و وروژێنەر) هەیە، بەلام کە هەولمدا دەربرینێکی هوشیارانە بۆ ئەم جیاوازییە پەیدا بکەم زۆرم زەحمەت دیت.

لەسەرەتادا وام هاتە بەرچاو کە خاوی ریتمی رۆژهەلاتی و خێرایی و راچەنیوی ریتمی رۆژئاوایی جیاوازی هەرە گەورەی نێوانیانە. هەر بە راستیش بۆم دەرکەوت کە پیاو بەدەگمەن ریتمی خێرا لە مۆسیقای رۆژهەلاتیدا دەبینێ، بۆیە مرۆڤ کە گوێی لێ دەگرێ هەست بە جۆرە خاوبوونەوەیەك دەکا. هەروەها بۆیە ناتوانێ چەشنە سەمایەکی زیندووی ئەوتۆ پێك بێنێ کە هەموو بەدەنی ئینسان بخاتە بزاڤێکی خورت و پێکەوە گرێ دراو. سەرەرای ئەوەش هەستم کرد یەکەم: ئەم دەستورە هەرچەند دەربارەی زۆربەی دانراوە مۆسیقاییەکانی رۆژهەلات دروستە، بەلام هێشتا هەر گشتی نییە، دووەم: هەندێ لە دانراوە مۆسیقاییەکانی رۆژئاوا ریتمیان خاوە، لە ناوەراستی دوا بزاڤی سەمفۆنیای سێیەمی بیتهۆڤندا هونەرمەند بابەتی سەرەکی بزاڤەکە دووبارە دەکاتەوە، بەلام بەریتمێکی خاوتر – لەگەل ئەوەشدا ئەوشتە بەهیچ جۆرێ لە جوانی بابەتەکەی کەم نەکردۆتەوە پاش ئەوەی خێرایی ریتمەکەی خاوتر بووەتەوە.

پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر گەییمە ئەم ئەنجامەی کە ریتمی رۆژهەلاتی خەسلەتێکی دی تێدایە کە بەتەواوی لە ریتمی رۆژئاوایی جیای دەکاتەوە. یەکەمیان: واتە رۆژهەلاتی، دیارو ئاشکرایە. دووەمیان: واتە رۆژئاوایی، نادیارو پەنامەکییە. جا با بەدرێژی ئەم دوو خەسلەتە شەرح بکەین. مەبەست لە ریتمی رۆژهەلاتیی کە دیارو ئاشکرایە ئەوەیە کە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیەو لەگەڵ خودی ئاوازەکەدا دەڕوا بێ ئەوەی ئاوێتە ببێ. لەمۆسیقای رۆژهەلاتیدا ئامێرە ریتمیەکان رۆڵێکی ئاشکرا دەبینن کە بەئاشکرا هەستی پێدەکرێ. راستە لێدانەکانیان لەگەڵ ئاوازەکەدا دەڕواو رێکی دەخا، بەلام تا رادەیەکی زۆر جیان لە ئاوازەکە، چونکە شەپۆلێك پێك دێنێ کە گوێچکە بە ئاشکرا لەسەرەتای ئاوازەکەوە تا کۆتایی ئاوازەکە جیای دەکاتەوە، بەلام ریتمی رۆژئاوایی – لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە مەبەستمان لە مۆسیقای بالای رۆژئاوایە – تا رادەیەکی زۆر ئاوێتەی شەپۆلی ئاوازەکەو هارمۆنیەکە بووە، مەبەستم ئەوەیە کە ئاوازو هارمۆنی لە رەوتی خۆیاندا ریتمەکە دەنوێنن بێ ئەوەی مۆزیشن پێویستی بەوەبێ بەتایبەتی ئاماژەی بۆبکا. بۆیە ریتمی رۆژئاوایی پێویستی بەلێدانی تایبەتی نییە، تەنیا لەهەندێ حالەتی زۆر کەمدا نەبێ. زۆربەی لێدانەکانی ریتم بە رادەیەك نزمن کە گوێچکە ناتوانێ بەئاسانی جیای بکاتەوە، بەلکو خودی ئاوازەکە لە رەوتی خۆیدا پەردە لەسەر کێشی ریتمەکە لادەبات.

بەلام ئەگەر ریتمی رۆژهەلاتی ئاشکراو دیاربێ و ریتمی رۆژئاوایی پەنامەکی و شاراوە بێ، بۆچی خەسلەتی ئاشکرایی لە ریتمی رۆژهەلاتیدا بەدیاردەیەك لە دیاردەکانی نوقستانی بژمێردرێ؟ چونکە ئەگەر سەیری پەرەسەندنی خودی مۆسیقا بکەین دەبینین بەرەبەرە رووەو (ئاوێتە کردنی) ریتم دەچێ نەك دەرخستنی. ریتم دیارترین و زەق ترین رەگەزی مۆسیقای سەرەتاییە، بگرە هەندێ لەم مۆسیقایانە، واتە مۆسیقای سەرەتایی یەك پارچە ریتمی رووتە. تا ئێستاش ئاسەواری ئەم خەسلەتە لە گوندەکانی میسردا دیارەو (تەپڵ) ئامێری هەرە سەرەکیانە. ئەگەر ئاواز لەم چەشنە مۆسیقایەدا دەربکەوێ ئەوا ریتم بواری نادات، بەلکو بەزەقی دەردەکەوێ و شان بەشانی بزاڤی ئاوازەکە دەڕوات و بەشێوازی تایبەتی خۆی دەیسەلمێنێ و سەرنج دانێکی پەرەسەندنی مۆسیقا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە رێبازی بەرەبەرە (ئاوێتە کردنی) ریتم لەگەڵ هەموو رەگەزەکانی تری مۆسیقادا زاڵ بووەو ریتمی ئاوازەکە – لەبالاترین قۆناغی پەرەسەندنی مۆسیقادا – لەبواری رەوتی ئاوازو هارمۆنییەکەدا دەردەکەوێ و چ پێویست ناکا ئاماژەی تایبەتی بۆ بکرێ. هەلبەتە ئەمە مانای ئەوە نیە کە ریتم لەم حالەتەدا رۆڵی کەم دەبێتەوەو دەبێ بە رەگەزێکی فەرامۆش کراوی رەگەزەکانی زمانی مۆسیقا، بەلکو بەپێچەوانەوە. لە مۆسیقای برامرادا – کە بەڕای من مامۆستای هەرە گەورەی ریتمە – ریتم بەتەواوی ئاوێتەی ئاواز دەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا دەگاتە پۆپەی کاریگەری. لە مۆسیقای بیتهۆڤندا ئاواز بەتەنیاو بێ ئەوەی پێویست بەوە بێ ئاماژەی تایبەتی بۆ ئامێری رێتم بکرێ، بزاڤێکی ریتمی ئەوتۆ دروست دەکات کە دەگاتە لوتکەی جۆش و خرۆش وەکو لە شێوازی پێکەوە گرێداندا

بەدی دەکرێ (دەتوانین بەم شێوەیە ماناکەی نەقڵ بکەین: رێبازی لێدانی تەئجیل کراو) ئەمە ئەو رێبازەیە کە بیتهۆڤن لە دانراوە مۆسیقاییەکانی خۆیدا پەرەی پێداو بەشێوەیەکی فراوان بەکاری هێنا.

کەواتە پەرەسەندنی مۆسیقا بەخۆی ئەوە دەسەلمێنێ کە ریتمی ئاوێتە بوو وپەنامەکی لەرووی کاریگەری هونەرییەوە گەلێك بالاترە لە ریتمی ئاشکراودیار. ئەمەش وەکو ئەو ماناو رستانەیە کە گوێگر یا خوێنەر سەرپشك دەکا بۆ تێگەیشتن لە بایەخەکەی نەك وتار بێژ یا نووسەر ناوبەناو ئەم بایەخە دەربخاو بڵێ هوشیاربن: قسەیەکی گرنگ دەکەم!... کەواتە رەگەزی ریتم بەوجۆرەی لەسەرێڕا هاتە باسکردن نیشانەیەکی تری پاشکەوتووی موسیقای روژهەلاتییە.

بەلام رەگەزی سێیەمی زمانی مۆسیقا کە بریتیە لە هارمۆنی دەنگ ئەوا تەواو بێگانەو نامۆیە لە مۆسیقای رۆژهەلاتی. پێش تر لە باسکردنی رەگەزی یەکەمدا، واتە ئاواز، باسی ئەو هۆیە سەرەکیەم کرد کە بەڕای من بووەتە مایەی کزی ولاوازی و نەبوونی ئەم رەگەزە سەرەکیە لە مۆسیقای رۆژهەلاتیدا. لە ئەنجامی ئەمەوە مۆسیقای رۆژهەلاتی لە شێوەی شەپۆلە ئاوازێکی پێکەوە گرێدراوی سەرسەریدا (سگجی) دەڕوا، چونکە هارمۆنی دەنگ سەرچاوەی دەوڵەمەندی و قوڵی مۆسیقای رۆژئاواییە. هەر بەهۆی ئەمەوە مۆسیقا لەلای گۆهدار کۆمەڵە تازەییەکی بەردەوام وەردەگرێ و مرۆڤ دەتوانێ – تا پتر گوێی لێ بگرێ – مانای تازەتری لێ وەدۆزێ و پەی بەوە ببات کە دانەر بە چ لێهاتوییەکەوە توانیویەتی هەر هەموو ئەو شەپۆلانە لەیەکەیەکی خەملێودا کۆ بکاتەوە، بەلام مۆسیقای رۆژهەلاتی چونکە لەسەر یەك شەپۆل دەڕوا – کە خۆی لە خۆیدا تا رادەیەکی زۆر سادەیە – زۆر گوێ لێگرتنی دەبێتە مایەی وەڕزی و بێزاری، هەربۆیە کلاسیکیاتی رۆژهەلاتیمان نەبووە. مەبەستمان لەو پارچە مۆسیقایانەیە کە بەدرێژایی رۆژگار بایەخی خۆیان پاراستووە. وەکو مۆسیقای باخ و موزارت کە پتر لە دوو سەدەیان بەسەرا تێ پەڕیوەو تا ئەمڕۆش بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە – بەڵکو هەندێ لە مێژوونووسانی مۆسیقا رایان وایە کە خەڵکی رۆژ بەڕۆژ پتر پێشوازییان لێ دەکەن! کەچی مۆسیقای رۆژهەلاتیمان بەپێچەوانەوە، مۆسیقایەکی (وەرزانەیە) زۆربەی هەرەزۆری پارچەکانی لە وەرزێك پتر نازین، ئەوجا بێ وەی چ کەسێك داخیان بۆ بخوا ون دەبن، چونکە مەبەستەکانی تەواوبوون و بە ئەندازەی ئەو کۆششە ژیا کە لەپێناویا درابوو!

دوا رەگەز کە بریتیە لە قالب یا فۆرم، ئەمیش هەر ئەوەتا هەیەو نییە. گۆرانی تەقلیدی رۆژهەلاتی تەنیا یەك فۆرم دەزانێ: ئەویش دەست پێکردنە بە لیالی پاشان موال – هەندێ دابەشکردنی ئامێری مۆسیقایی کەم پێش ئەمە دەکەوێ، بەلام راستت دەوێ ناکرێ ئەمە بەهەموو مانای دروستی فۆرم بە فۆرم بزانرێ، بەڵکو شێوەیەکی تەقلیدییەو پێویستی بە چ لێکۆڵینەوەیەك نییە – مۆسیقاش ئەو دەمانە پێویستی بەشتی لەوە قوڵتر نەبووە.

نەبوونی لێکۆڵینەوە لە فۆرمی مۆسیقا بە ئاشکرا لە موسیقای هاوچەرخی رۆژهەلاتدا دیارە. مەبەستم لەو مۆسیقایەیە کە دەیەوێ هەندێ ئاواز یا شێوازی ئاوازدانانی رۆژئاوایی وەربگرێ و لەهەمان کاتدا گەلێك لە

ئاوازە تەقلیدیەکانی ڕۆژهەڵات بهێڵێتەوە. لەم مۆسیقا (دوو ڕەگەدا) دەبینین کوت و پڕ ئاوازی ڕۆژهەڵاتی بەدوای ئاوازی ڕۆژئاواییدا دێت. مەقامی ڕۆژهەڵاتی کە (چارەکە دەنگی تیایە) ڕاستەوخۆ شان بەشانی پەیژەی ڕۆژئاوایی دەڕوات بێ ئەوەی هەوڵ بدرێت گواستنەوەی نێوانیان هەموار بکرێ، بگرە بێ ئەوەی لەوە بکۆڵدرێتەوە کە داخوا تێکەڵاوکردنیان دەشێت یان نا. ئەلهەقی گوێچکەی شارەزا زۆرجار ئەم گوێزانەوە کتوپڕەی پێ قەبوڵ ناکرێ، چونکە ئەم گوێزانەوەیە دەکرێ بێ ئەوەی چ هەوڵێك بدرێ بۆ لێکۆڵینەوەی فۆرمی مۆسیقاو ئەو کێشانەی لە ئەنجامی تێکەڵکردنی دوو سیستمی جیاواز لەیەك پارچە مۆسیقادا، دێنە ئاراوە.

موسیقای تەقلیدی ڕۆژهەڵاتی خەسڵەتێکی دی هەیە کە دەلالەتێکی سایکۆلۆژی گەورەی هەیە، ئەم خەسڵەتەش دەچێتە خانەی فۆرمی مۆسیقاوە. ئەو خەسڵەتەش بریتیە (لەگەڕانەوەی بەردەوام بۆ قەرار) هەڵبەتە هەر پەیژە مۆسیقایەك – یان مەقامێك – قەرارێکی هەیە کە بریتیە لەو نەوایەی پەیژەکەی بەناوەوە نێو دەنرێ. یەکێك لەخسڵەتەکانی قەرار ئەوەیە هەستی تێر بوون دروست دەکا. بۆیە مۆسیقای ڕۆژئاوایی تاکید لەسەر ئەوە دەکا کە تەنیا لە کۆتایی پارچەدا لەلای قەرارو دەنگە هارمۆنییەکان بوەستێ. یا لەکۆتایی بەشێکی هەرەگرنگی پارچەدا لەلای قەرار بوەستێ – هەر لەکۆنەوە ئەمە لە فۆرمی مۆسیقای ڕۆژئاواییدا پەیڕەوکراوە. بەڵام مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی لەشێوە تەقلیدییەکەیدا لەهەر فەقەرەیەکی کورتیا دەگەڕێتەوە بۆ قەرار. خوێنەر ئەگەر ئەوە بیری خۆی بێنێتەوە کە چ شتێك لە گۆرانی لیالی و موالی تەقلیدیدا ڕوو دەدا، دەتوانێ تەسەوری ئەوە بکات کە مەبەست لە گەڕانەوەی بەردەوام بۆ قەرار چی یە، دوای هەر فەقەرەیەك گۆهدار هەست بە ئاسودەیی و تێربوون دەکا، ئەگەر سترانبێژ بە (قفڵێکی) دروست کۆتایی پێ بێنێ. ئەوسا گۆهدار لە دوایەوە وشەی (ئاه) دووبارە دەکاتەوە (ئەگەر دەرفەت ببێ!) ئەم دووبارە کردنەوەیە عادەتەن بەهەمان تەبەقە دەبێ کە گۆرانی بێژ فەقەرە گۆرانییەکەی پێ قفڵ دەدا – ئەم تەبەقەیەش بۆخۆی قەرارە، نمونەیەکی تری ئەم خەسڵەتە لەو دابەشکردنانەدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ قەراری مەقام کاتێ یەکێ لە فەقەرەکانی تەواو ببێ. ئەم خەسڵەتە بەشێوەیەکی ئاشکراتر لە مۆسیقای (ارغول دا) کە موسیقایەکی لادێی میسرە. دەردەکەوێ. ارغول بریتیە لە دوو لوولە، یەکێکیان یەك دەنگی بەردەوام لێدەدا کە قەرارە، ئەوی تریان ئەو ئاوازە لێدەدا کە بەرزو نزم دەبێتەوە، بەڵام دەبێ پێوەندییەکی تەواوی بە دەنگی لوولەکەی دیکەوە هەبێ و ناوبەناو بگەڕێتەوە پاڵی تاوەکو نیشانەی تەواوبوونی فەقەرە موسیقایەك پێکەوە قەرار لێ بدەن.

ئەو قاڵب و فۆرمەی ئەم بابەتە موسیقا تەقلیدیانە لە ڕۆژهەڵاتدا پەیڕەوی دەکەن ئەوەیە کە ئاواز لە کۆمەڵە مەوالێکی کورتی قفڵ دراو پێك بێت کە هەر یەکێکیان لەگەڵ قەراری مەقامدا تێکەڵ بن، بەڵام مۆسیقای ڕۆژئاوا قاڵبی بزاڤێکی بەردەوام وەردەگرێ و ڕێگای ئامانجێك دەگرێتەبەر کە تەنیا لە کۆتاییدا پێی دەگاو پاشان پارچە مۆسیقاکە تەواو دەبێت. واتە حاڵەتە سایکۆلۆژییەکە لە مۆسیقای ڕۆژئاوادا بریتیە

له حاڵەتی چاوەڕوانی بەردەوام و موتابەعەکردنی موسیقاکە تا لەکۆتاییدا هەموو لایەنەکانی تیپە موسیقاکە یەك دەگرنەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە دوا ئەنجامی پارچەکە بکەن و پارچەکە دەگاتە پۆپە، بەڵام حاڵەتی سایکۆلۆژی لە موسیقای رۆژهەڵاتیدا حاڵەتی پێشبینی کردنی تەواوبوونە لە هەموو ساتێکا. ئیدی گۆرانی بێژ یا عازف بەدەوری نەوای قەرارەکەدا دەسوڕێتەوەو زوو بەزوو ئارەزووی گوێدار بەدی دێنێ و ئەوسا گوێگر دەنگی رەزامەندی هەڵدەبڕێ و هەمان نەوای (ئاه) دووبارە دەکاتەوەو ئیدی ئەم مەوالانە بەدرێژایی ئاوازەکە دووبارە دەبنەوە، بێگومان ئەم حاڵەتەی گوێگر نیشانەی جۆرە کەم سەبرییەکەو نیشانەی ئارەزووی لەزەت وەرگرتنی خێراو ئاسانە. نامەوێ پاش ئەم شیکردنەوە بابەتیانەی کە خەسڵەتەکانی موسیقای رۆژهەڵاتیم پێ روون کردنەوە، بچمە ناو هەندێ لێکدانەوەو شەرحی زاتی رووتەوە، بەڵام هێشتاش ئەم شیکردنەوەو ئەم شەرحە بەرۆکی هزر بەرنادات کە: وەختێ عازف یا سترانبێژ بەردەوام قەراری ئاوازەکە بیری گوێگر دەخاتەوەو گوێگر بەتاسەوەیە کە بیگاتێ تا رەزامەندی خۆی دەربڕێ هەر هەموو ئەمانە نیشانەی بێ تواناییە لە موتابەعە کردنی موسیقا وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو.

هەڵبەتە ئەم خەسڵەتانە ئاکامێکی زۆر گرنگی هەیە کە ئەویش تەسککردنەوەی تەبیعەتی گوێگری رۆژهەڵاتییە. گوێگری رۆژهەڵاتی هەمیشە بەدوای لەزەتی خێرادا دەگەڕێ، هەڵچوونی بەردەوامی لە ئاوازەکان دەوێ. بەهیچ جۆرێ خۆی ماندوو ناکا تا تێی بگا یا تیایا قووڵ بێتەوە: هەرچیەکی گوێ لێدەبێ سادەو ساکارو سەرسەریە، ئەوەی پێشکەشی دەکرێ سادەو نەرمە قووتە. ئەو هونەرمەندەی کە شادی پێ دەبەخشێ لەهەموو ساتێکا شتێکی پێشکەش دەکا کە دڵی پێی دابکەوێ. هونەرمەند ناچاری ناکا یا داوای لێ ناکا تا کۆتایی موتابەعەی ئاوازێکی درێژ بکا، بەڵکو ئاوازەکەی لەشێوەی بەش بەشی کورتا پێشکەش دەکا کە هەر بەشێکی بۆ خۆی یەکەیەکی تەواوەو کۆتایی تایبەتی خۆی هەیەو گوێگر هەر هێندەی لەسەرە چاوەڕێی ئەم کۆتاییە بکا کە زوو خۆی بە دەستەوە دەداو دڵی گوێگر رازی دەکا، بەڵام هەر هەموو ئەمە لەسەر حیسابی لەزەت وەرگرتنی هونەریی دروستە، ئالێرەوە ئەو شەقڵە تایبەتیەی گوێگری رۆژهەڵاتی سەرچاوە هەڵدەگرێ: گوێگری رۆژهەڵاتی توانای گوێگرتنی هوشیارو وردیی نییەو هەر پێویستی پێی نییە. بێ قەیدو شەرت و بە ئارەزووی خۆی هەرکاتێ بیەوێ رەزامەندی خۆی دەردەبڕێ و دەتوانێ چۆنی پێ خۆش بێ هاواری رەزامەندی بکا، چونکە ئەو گوێگرە هێمن و قورسە نییە کە رێزی موسیقا بگرێ و بەگشت هەستەکانی تا کۆتایی موتابەعەی بکا. بۆیە بە ئارەزووی خۆی رەزامەندی دەردەبڕێ. گوێگرێکی قەرەباڵغەو هێمنی نازانێت. باشترین نمونە بۆ ئەمە، ئەو ئاهەنگە گۆرانییە درێژانەیە کە گوێگر تیایدا بەردەوام هاوار دەکاو هورا دەکێشێت و بە ئارەزووی خۆی رەزامەندی دەردەبڕێ. لە راستیا ئەو جەوە قەرەباڵغیە جوێنە بەهونەری مۆسیقای راستەقینە ئەگەر ئەو جەوە بۆ کۆڕی زیکرو دەروێشی دەست بدا ئەوا هەر یەکجار دوورە لە دنیای موسیقاوە، لە دنیای ئەو هونەرە ناسکەی کە تەزووی ئارامی و حەوانەوە بەگیان و ناخ دەداو بچوکترین غەڵبە غەڵب و قەرەباڵغی دەیشێوێنێ.

نامەویٚ بەمە تەنیا لۆمەی گەلی گۆهدار بکەم، چونکە راستیت دەویٚ تەبیعەتی ئەو ئاوازانەی پێشکەش دەکریٚ تا ئەندازەیەکی زۆر بەرپرسە لە شێوەی گوێگرتنیان بۆی. هەروەها فۆرمی ئاوازەکان کە دەیەویٚ گوێگر بەشێوەیەکی بازاڕی و جەلەبی و خێرا رازی بکا. بۆتە مایەی کوشتنی گوێگرتنی هێدی و قووڵ لەلای گەلی گۆهداری موسیقای رۆژهەڵاتی.

بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە چوار رەگەزەکەی مۆسیقا لە موسیقای رۆژهەڵاتیدا یەکجار لاوازو پڕە لە خەوش و بگرە هەندیٚ لەو رەگەزانەی هەر تێدا نییە. لەوەیە خوێنەر هەندیٚ رەقی لەم رەخنەیەدا ببینیٚ، بەڵام تا هونەرێکی گەورەی وەکو مۆسیقا بەم دواکەوتوویەو بگرە سەرەتاییەوە وەمێنیٚ، جگە لە رەقی چ چارێکی دیکە نیە، بەڵام ئەوکەسەی هەندێك دەست داگرتن و غەدر لەم نووسینەدا دەبینیٚ، من چم لێی ناویٚ تەنیا ئەوە نەبیٚ کە بەشێوەیەکی زانستیانەی بابەتی و دوور لە هەموو هەڵچوونێکی زاتی بیر لەم لێکۆڵینەوانە بکاتەوە، لەوەیە ئەوساکە بەخۆی پەی بەم کەمو کوڕییانە بباو لەلای خۆیەوە هەوڵێك بۆ نەهێشتنیان بدات. (٦)

کێشەی مۆسیقا لە میسردا

بیٚ چەندو چون ئەوڕۆکە لە میسردا هەستێکی نارەزایی لەمەڕ کەمو کوڕیەکانی موسیقاو ئاسۆ تەسکەکانی هەیە. ئەم هەستی نارەزاییە بەردەوام روو لە زیادییەو ئەم زیادییە بە ئاشکرا لەو موناقەشە گەرمانەی سەر لاپەڕەکانی ئەمڕۆماندا دیارە – موناقەشەکان رای جۆراو جۆریان گرتووەتە خۆ. هەندیٚ کەس رایان وایە روو بکرێتە تازە کردنەوەی تەواوەتی وهەندێکی دی رایان وایە رووبکرێتە رابردوو" ئەو رابوردووەی کە بەلای خاوەنانی ئەم رایەوە شتێکی (نەمرە).

ئەم نارەزاییە بەشێوەیەکی تەواو لە شەقڵی مۆسیقای میسری ئەوڕۆکەدا رەنگی داوەتەوە. دەتوانین بڵێین رێبازە تەقلیدییەکانی ئاوازدانانی رۆژهەڵات بەرەو نەمان دەچیٚ و ئەوەی رای گرتووەو نایەڵیٚ بەتەواوی لەبەین بچیٚ، شۆرەتی ئەو گۆرانی بێژانەیە کە ناویان بەم چەشنە ئاواز دانانەوە بەستراوە. خۆ ئەگەر ئەوانە لەسەر شانۆی هونەر نەمێنن ئەوا – بەمەعلومی – زەمانی گۆرانی رۆژهەڵاتی بەسەر دەچیٚ.

بەڵام هەنووکە چ شتێك جێی گۆرانی رۆژهەڵاتی دەگرێتەوە؟ ئەو رێبازەی کە ئەمڕۆکە بەگەرمی و بەتایبەتی لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لیٚ دەکریٚ رێبازی (تێکەڵ کردنە)واتە تێکەڵکردنی موسیقای رۆژهەڵاتی لەگەڵ هەندیٚ رەگەزی مۆسیقای رۆژئاواییدا. تێکەڵ کردن خۆی لە خۆیدا کارێکی بەجێیە، چونکە ئێمە بەخۆمان رژدین لەسەر دەرچوون لە کەوشەنی رۆژهەڵاتی تەقلیدی و سوود وەرگرتن لەو ئەزمونە قوڵانەی کە رۆژئاوا لە مەیدانی مۆسیقادا! پێیدا رۆییوە، بەڵام ئایا ئەو رێبازەی کە ئێستاکیٚ لە مۆسیقای رۆژهەلاتیدا باوە ئەو چارەسەرەیە کە دەمانەویٚ؟

ئەلهەقی ئەم چارەسەرە بەڕای ئێمە کلۆڵانەترین چارەسەرە. بە راستی قۆناغی ئێستای مێژووی موسیقا قۆناغێکی کلۆڵە، چونکە پێشەوەرانی ئەم هونەرە وەختیٚ کە هەستیان بەبیٚ برشتی رێبازی رووتی

ڕۆژهەڵاتی کرد، ڕوویان کردە بێ تام ترین و بێ مانا ترین جۆری مۆسیقای ڕۆژئاوایی تا ئاوازەکانی خۆیانی لێوە هەڵێنجێنن. ئەنجام تێکەڵیەکی ناسازی نێوان ئاوازی ڕۆژهەڵاتی و غەڵبە غەڵبی موسیقای سەما خانەکانی ڕۆژئاوا دروست بوو – تێکەڵیەکی بێ ڕەنگ و بێ تامی ئەوتۆ کە چ جۆرە کۆششێکی تازە کردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی موسیقای ڕۆژهەڵاتی تێدا نەبووە، بەڵکو لە بنەڕەتدا تێکەڵکردنێکی رووکەشانەی کۆمەڵە ڕەگەزێکی ناتەبایەو بەس.

ئەو هەڵە گەورەیەی کە بە پێویستی دەزانین لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەو باوەڕەیە کە پێی وایە چاك کردنی موسیقای ڕۆژهەڵاتی بەوە ئەنجام دەدرێ کە (ئاوازی) ڕۆژئاوایی یا هەندێ جۆری تایبەتی میلودیکی ڕۆژئاوایی بۆ نەقڵ بکرێ – دیارە یەکەمجار خودی داواکارانی (وەرگرتن) دەکەونە ئەم هەڵەیەوە" ئەوانەی یەك پارچەی تەواوی مۆسیقای ڕۆژئاوایی وەردەگرن و بەتۆپزی دەیرێژنە ناو ئاوازە ڕۆژهەڵاتییەکانی خۆیانەوە، دیارە بەم کارەیان هەم شکۆی کارە لێ وەرگیراوەکە دەشێوێنن و هەم چ سوودێك بەکارە نەقڵ بۆکراوەکە ناگەیەنن – ئەمە جگە لەوەی ئەم (وەرگرتنە) لە هەموو سەردەمێکا دوور بووە لە ئەمانەتی هونەریی بەرزەوە. تاقمی دووەم کە دەکەونە ئەم هەڵە گەورەیەوە، ئەوکەسانەن کە لاسایی ئاوازە ڕۆژئاواییەکان دەکەنەوە (هەڵبەتە ئەم تاقمە لە تاقمی پێشوو نزیکترن لە ئەمانەتی هونەرییەوە) و هەندێ جار ئاوازەکانیان دەدەن بەهەندێ کەسی شارەزا تا (دابەش کردنی مۆسیقایی تێدا بکاو شەقڵێکی نزیك لە شەقڵی مۆسیقای ڕۆژئاوایی بداتێ).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆئەوە بکەین کە ئەم بیرۆکەی (دابەشکردنی مۆسیقا)یە – کارێکە شایانی گاڵتە پێکردن – و هەر لە مۆسیقای ئێمەی میسریدا هەیە، چونکە بناغەی مۆسیقا ئەوەیە کە بیرەکەی بەشێوەیەکی تەواو بەهزری هونەرمەنددا دێت، هونەرمەند بەتەنیا تەسەوری ئاوازەکەی ناکا، بەڵکو جۆری فۆرمەکەی و ئەو ئامێرەش کە پێی لێدەدرێ تەسەورو بەرجەستە دەکا، چونکە دابەشکردنی مۆسیقایی بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی ئەرکی خودی هونەرمەندە. خۆ ئەگەر هەندێ پارچەی ڕۆژئاوایی پاشتر دابەش بکرێ بەسەر هەندێ ئامێری جیا لەو ئامێرانەی کە لە بنەڕەتا بۆی دانراون، لەم حاڵەتەدا دەبێ بەکارێکی سەربەخۆو لەپێناوی جۆراو جۆری ئانقەست دا دەخرێتە سەرکاری دانەرە ئەسڵیەکەو ئەوساکە ناوی دابەشکەر یا ڕێکخەری ئاوازەکە لە پاڵ ناوی دانەرە ئەسڵیەکەدا دادەنرێ، چونکە ئاوازەکە لەو دەمەدا دەبێ بە شتێکی نیمچە نوێ، بەڵام ئەو دابەشکردنەی لە ئاوازە میسریەکاندا دەکرێ بریتیە لە جیاکردنەوەیەکی ناڕەوای یەکێتیی داهێنانی هونەری.

لەهەر هەموو ئەم حاڵەتانەدا موزیشنەکان دەکەونە ئەم هەڵەیەوە کە: سوود وەرگرتن لە مۆسیقای ڕۆژئاوایی بەوە دەبێ کە ئاوازەکان وەرگیرێ یا لاساییان بکرێتەوە.

هەر ئەم هەڵەیە سەرچاوەی ئەو داتەپینەی ئێستای مۆسیقامانە. چارەسەری دروست ئەوەیە کە (شێوازی) دانان لە ڕۆژئاواوە وەربگرین نەك خودی دانان (تالیف). مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ سوود لە

ئەزموونی دەوڵەمەندی موسیقای ئەوان وەر بگرین، ئەو ئەزمونەی نزیکەی چوار سەدە لە پێش ئێمەوەیە. تا لە لێکۆڵینەوەی رەگەزەکانی زمانی موسیقایی قووڵ ببینەوەو سوود لە ئەزمونی دەوڵەمەندی وان لە بواری دانان و ئەدادا وەر بگرین.

پێویستە شێوازی دانانمان (هارمۆنی دەنگ) بگرێتە خۆ. تا مۆسیقامان قووڵ ببێ و ئەوساکە موسیقا دەتوانێ بە راستی گوزارشت بکات. خۆئەگەر توانای گوزارشتی پەیدا کرد ئەوا دەتوانێ لەژێر رکێفی گۆرانی دەربچێ و ببێ بە هونەرێکی سەربەخۆی تەواو. ئەداش پێویستە زۆر وردتربێ، بەداخەوە دەنگی گۆرانی بێژەکانی ئێمە یەکجار کەم مەودایەو چ هەوڵدانێکی راستی نییە بۆ مەشق دان و راهێنان و بەرین کردنی چوارچێوەی توانای ئەدا کە خۆی لەخۆیدا زانستێکی تەواوە. خۆ گۆرانی بێژی ئێمە لە پێناوی کاسبی و گوزەراندا لەسەر گۆرانی بەردەوام دەبێ بێ ئەوەی ئعتیراف بە تەئسیری زەمان لەسەر دەنگی بکا. تەنانەت هەندێکیان دەبینین لەنێو پارچەی گۆرانییەکاندا دەنگی لێ هەڵدەبڕێ و بە ئاشکرا هەناسەبڕکێی پێوە دیارەو ئەوجاش دان بە فەوتانی دەنگی خۆیدا نانێ – ئەمەش دیاردەیەکی خەمناکی بێ هاوتایە لە دنیای گورانیدا ... خۆ بەنیسبەت عەزف کردنەوە دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە دووری بەینی گەورەترین کەمانچەژەنی ئێمەو کەمانچەژەنە ناودارەکانی رۆژئاوا هەزاران هەزار ساڵە !

کەواتە هونەری مۆسیقا لە مەینەت دایەو تاقە رێگای رزگارکردنی ئەوەیە کە ئەزمونی دوورو درێژی رۆژئاواو شێوازی رۆژئاوا لە دانان و ئەدای مۆسیقاییدا وەربگرین. هەڵبەتە دەبێ هەوڵی فەرهادانە لەم بوارەدا بدەین تا بتوانین تۆڵەی ئەو دواکەوتنە بێ رەزایەمان لەم مەیدانەدا بکەینەوە. خۆ ئەگەر کێشەکە هەروەکو ئێستا بمێنێتەوە ئەا رۆژ بەرۆژ مەودای نێوان ئێمەو ئەوان زۆرتر دەبێ.

بەڵام ئەم رایەمان کە: سوود وەرگرتن لە ئەزمونی پڕو شێوازی دەوڵەمەندی مۆسیقای رۆژئاوا کارێکی پێویستە. لە دوو لایەنی ناکۆکەوە دژایەتی دەکرێ. لایەنێکی موحافەزەکاری راست رەو کە لایەنگری قەومیەتن. لایەنێکی چەپڕەوی پێشکەوتوخواز کە لایەنگری شەعبیەتن. بەپێویستی دەزانم موناقەشەی ئەم دوو بۆچوونە ناکۆکە بکەم تا سنوری بانگەوازەکەم بە ئاشکرا دەربکەوێ.

لایەنە راست رەوە موحافەزەکارەکە کە جاڕی قەومیەت دەدەن رایەکەیان زادەی کۆمەڵێك تێگەیشتنی خراپ و بەهەڵەدا چوونە. خراپ تێگەیشتنەکە لەوەدایە کە پێیان وایە. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە کە ئاوازی وەکو ئاوازی رۆژئاواییان دا بنەین. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە یەکجار دوورە لە داواکەی ئێمەوە. ئێمە لامان عەیانە کە هونەری مۆسیقا پەیوەستە بە ژیانی هەر میللەتێکەوە. ژیانی رۆژهەڵاتیانەی ئێمە هەندێ ئاواز دەخوازێ کە جیابێ لە ئاوازە رۆژئاواییەکان. ئەمانە هەموو دروستن، بەڵام داواکەی ئێمە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی شێوازو دانان و ئەدای موسیقای رۆژئاواییە نەك خودی ئاکامە مۆسیقاییەکانی رۆژئاوا. بۆ پتر روونکردنەوەی جیاوازی ئەم دوو بانگەوازە دەتوانین نمونەیەك بێنینەوە... گەلی چین ئەمڕۆکە هەوڵ دەدەن زمانەکەیان ئاسان بکەن، پیتە زۆرەکانی بگۆڕن بەژمارە پیتێکی سادەو کەم تا ببێ بە بناغەی

نووسین.لەوەیە بۆ ئەم مەبەستە پەنا بەرنە بەر پیتی لاتینی. ئایا بەوەرگرتنی ئەم پیتانە ناوەرۆکی زمانەکەیان دەگۆڕێ؟ ئایا نووسین بەپیتی لاتینی ئەوە دەگەیەنێ کە زانست و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانەیان وەرگرتووە کە بەپیتی لاتینی دەنووسن؟ بێگومان مەسەلەی زمانە مۆسیقاییەکەی ئێمەش تا رادەیەکی یەکجار زۆر لەم حاڵەتە دەچێ. ئێمە داوای دەست پێداهێنانی رەگەزەکانی زمانی مۆسیقا دەکەین. داوای سوود وەرگرتن لەو ئەزمونە پڕە دەکەین کە بۆ خەڵکانی غەیری ئێمە لەم بوارەدا رەخساوە، هەرگیز داوامان نەکردووە کە ئاوازەکانیان وەکو خۆی وەربگرین. ئەگینا ئەمە دەبێ بەبانگەوازی وێرانکردنی هونەر نەك بوژاندنەوەی.

هەڵەکردنەکەش لەو بیرە پوچەڵەدا خۆی دەبینێ کە دەڵێ شێوازی رۆژئاوایی لە مۆسیقادا بەگوێی رۆژهەڵاتیان نامۆو نائاشنایە. ئەو بیرەی تا ئەمڕۆکەش ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی مۆسیقادا گرتووە دووبارەی دەکەنەوە، گەورەترین زیانی لە هونەری مۆسیقاو زەوقی گوێگرانمان داوە، بۆیە بە دوورو درێژی بەرپەرچی دەدەمەوە.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە رووالەتی کارەکان تا رادەیەك لە بۆچوونەکانی وان نزیکە: مەبەستم ئەوەیە کە زۆربەی گوێگرانی میسری و رۆژهەڵاتیان بەگشتی زەوق لە مۆسیقای باڵای رۆژئاوایی وەرناگرن و بگرە بەهیچ جۆرێ مەیلی ناکەن. باڵاترین سەمفۆنیایان بە (غەڵبە غەڵب) لەقەڵەم دەدەن و جوانترین گۆرانیان بە (هات و هاوار) دەزانن. ئەمە راستەو بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی باوە لە رۆژهەڵاتدا، بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو مۆسیقا رۆژئاواییە هەر تەواو بێگانەیە بەگوێی گوێگری رۆژهەڵاتی، زمانێکە تەنیا خاوەنەکەی تێی دەگاو چ کەسێکی دیکە نادوێنێ و چ کارێکیان تێناکا؟ هەرچەندە زۆربەی رۆژهەڵاتیان تام و چێژ لە مۆسیقای رۆژئاوایی وەرناگرن، بەڵام بێگومان ئەمە بیرکردنەوەیەکی پوچە.

بەرلەوەی پوچەڵی ئەم بیرکردنەوەیە روون بکەمەوە – حەزدەکەم هەر بۆ زەمینە خۆشکردن باسی دیاردەیەکی تری واقیعی رۆژهەڵاتیانەی خۆمان بکەم. هەمان ئەو واقیعەی کە مۆسیقای باڵای رۆژئاوایی پێ قووت ناچێت، توانیویەتی زەوق لە مۆسیقایەکی رۆژئاوایی رووت وەربگرێ، ئەویش مۆسیقای راقصە. ئەوەی گوێی لەو گۆرانییە باوانەی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان بگرێ" ئەو گۆرانیانەی رەواجی زۆریان لەنێو گوێگرانا بەگشتی و لە نێو وەچەی نوێدا بەتایبەتی هەیە، دەبینێ کە شەقڵی موسیقای شادی (راقص) رۆژئاوایی بەسەردا زاڵە. راستە ئەم مۆسیقایە زۆر جیاوازە لە مۆسیقای کلاسیکی رۆژئاوایی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا یەکجار دوورو جیاوازە لە شێوە تەقلیدییەکانی موسیقای رۆژهەڵاتی. هەر قەبووڵ کردن و بەپیرەوەچوونی ئەم مۆسیقایە لەلایەن جەماوەری رۆژهەڵاتییەوە، خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی زیندوی ئەوەیە کە زمانی مۆسیقا وێڕای شەقڵی ناسیونالیستی دەتوانێ سنورو کەوشەنی قەومیەت ببەزێنێ و کار لە هەموان بکات. بەم پێودانگە دوور نییە رۆژێ بێت جەماوەری رۆژهەڵاتی لە مۆسیقای کلاسیکی رۆژئاوایی تێ بگاو بەتەواوی زەوقی لێوەربگرێ.

کەواتە هۆی راستەقینە ناگەڕێتـەوە بـۆ شـەقڵی نەتـەوەیی، ئـەگینا مۆسـیقا لـە سـنورە کۆنەکـەی خۆیـدا دەمایەوەو دەرنەدەچوو، بەڵکو نەبوونی ئەزمون هۆی راستەقینەیە. با نمونەیەك بۆ ئەمـە بێنینـەوە: دیـارە کۆڵکە رۆشنبیران لەزەتێکی یـەکجار زۆر لـە رۆمانـە پۆلیسـییە سەرسـەرییەکان وەردەگـرن و بـەهیچ جـۆرێ ناتوانن زەوق لە دانراو یا لێکۆڵینەوە ئەدەبییە قوڵەکان وەربگرن، بەڵام ئایا ئەمە ئـەوە دەگەیـەنێ کـە ئـەم لێکۆڵینەوانە سەر بەجیهانێکی غەیرەز جیهانی ئەوانن و هـەتا هەتایـە لێیـان بێگانـە دەبـێ؟ بێگومـان ئەمـە هەڵەیـەکی زەقـە چـونکە هـەموو کەسـێك هـەموو کەسـێکی نیمچـە رۆشـنبیر توانـای تێگەیشـتنی قـوڵترین لێکۆڵینەوەی دەبێ ئەگەر پەنا بەرێتە بەر سادەترین چارەسەر کە ئەویش پتر خۆ رۆشنبیر کردنە. ئەوسـاکە لەزەتێکی زۆر لە نووسراوی قوڵ وەردەگرێ و پەی بە بەرتەسکی مەودای ئەزمونە کۆنـەکانی خـۆی دەبـات. هەمان شت دەربارەی مۆسیقاش دروستە" کێشـەی ئێمـە سـەبارەت بـەباڵاترین جـۆری مۆسـیقای رۆژئـاوایی کێشەی شەقڵی نەتەوەیی نییە، بەڵکو کێشەی کەمی و هەژاری ئەزمونە. خۆ ئەگـەر ئـەم مەرجـە دەسـتەبەر ببێ ئەوا دەتوانین گوێ لە هەموو چەشنە مۆسیقایەك بگرین بێ ئەوەی وابەستەیی نەتەوەیی بـبێ بەکۆسـپ بەڵام ئەوانەی دەڵێن رۆژهەڵات رۆژهەڵاتەو رۆژئاوا رۆژئاوایەو رێبازی دانانی ئەوان هەتا هەتا بۆ ئێمە بێگانـەو نامۆ دەبێ وەکو ئەو باوکەن کە دەبینێ منداڵەکانی لەسەر خوێندنـەوەی سەرسـەری راهـاتوون کەچـی هـەوڵ نـادا ئامۆژگارییـان بکـا تـا خۆیـان رۆشـنبیرتر بکـەن، بـەڵکو وازیـان لـێ دێـنێ و دەڵـێ ئـەوە جـۆری ئـەو رۆشنبیرییەیە کە لەگەڵ سروشتیان دەگونجێ. دیارە ئەمە چارەسەرێکی کۆنەپەرستانەی کێشـەکەیە. بۆیـە داواکارانی قەومیـەت بەکۆنەپەرسـت و موحافـەزەکار لەقەڵـەم دراون. کەواتـە مۆسـیقا زمانێکـە کـە سـنوری قەومیەت دەبەزێنێ. دیارە هیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان ئەم قسەیەو ئەو قسەیەی دیـدا کـە دەڵـێ مۆسـیقای هەر نەتەوەو کۆمەڵێك شەقڵی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە مۆسیقاش پەیوەسـتە بـەو واقیعـەوە کـە ئینسـان تێیدا دەژی واتە پەیوەستە بە بارودۆخی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی خۆیـەوە، بۆیـە بەرهـەمی هونـەری شەقڵی ژینگەی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە کاریگەری ئـەم بەرهەمـە تـەنیا لـە سنوری ئەم ژینگەیەدا دەمێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگـەر هونـەرێکی ئـەمین و رەسـەن و دڵسـۆز بـێ چوارچێوەی نەتەوەیی دەبەزێنێ و کاریگەریەکەی پەلوپۆ بۆ شوێنانی دی دەهاوێ. دەیان شاکاری ئـەدەبی هەن وێڕای شەقڵی ناوچەییان و وێڕای رەنگدانـەوەی بـارودۆخی تایبـەتی ئـەو کۆمەڵـەی نووسـەرەکەی تێـدا دەژی، ناوبانگ دەردەکەن و دەبن بە ئەدەبی جیهانی و کارێکی زۆر لـە خـەڵکانی سـەر بەنەتـەوەو ژینگـەی جیاواز دەکەن. کەواتە شەقڵی نەتەوەیی و ناوچەیی، موسیقا ناکا بەزمانێکی گۆشەگیر. هەموو ئینسانێکیش کە بگاتە ئاستێکی رۆشنبیری چاك دەتوانێ بەئاسانی لێی تێبگا.

بەڵام رایەکەی دی کەپێی دەچێ لەگەڵ رایەکەی ئێمەدا ناکۆك بێ" واتە وەرگرتنی شێوازە رۆژئاواییـەکان، کۆمەڵەزانایەکی پێشکەوتووخواز جاڕی بۆدەدەن و رایەکە – یان بەرواڵەت لە رایەکەی پێشو دەچـێ، بـەلام لە کروك و کاکڵدا لێی جیاوازە – ئەویش بانگەوازی گەڕانەوەیە بۆ هونەری میللی. کە دەڵێین ئەم بانگـەوازە

لە رواڵەتیا لە بانگەوازی موحافەزەکەرەکان دەچێ مەبەست لە باری خۆبەستنەوەیە بە قاڵبی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بەو حیسابەی کە ئەوە قاڵبی (نەتەوەییە). هونەری میللی (الفن الشعبی) هونەرێکە شەقڵی ناوچەیی پێوەیەو لەبارودۆخی کۆمەڵگایەکی تایبەتییەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام کرۆکی بانگەوازی خۆبەستنەوە بەهونەری میللیەوە ناکۆکە لەگەڵ بیری نەتەوەییدا، چونکە بانگەوازەکە لەسەر بناغەی ئەوباوەڕە بینا نانرێ کە بەرهەمی گەلێکی تایبەتی تەنیا لەوناوچەیەدا تێی دەگەن کە تیایدا لەدایك بووە، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕە بینا دەنرێ کە هەر هونەرێکی میللی هەرچەندە شەقڵی ناوچەیی پێوەبێ، دەکرێ لە دنیایەکی فراوانتر لەزێدی خۆی تێی بگەن. هونەر ئەگەر ناوچەیی و میللیش بێ لەراستیا هەر کارێکی جیهانی یا ئینسانییە: ئەو هونەرەی گەلێکی دیاریکراو دەیخولقێنێ وشەقڵی خۆی دەداتێ، دەتوانێ کار لە هەموو گەلانی دی بکا. بێ چەندوچون ئەم بۆچوونە دەرهەق بە هونەری میللی گەلێك دروست ترە لە بۆچوونی موحافەزەکەرەکان کە زیاد لە پێویست پێ لەسەر بایەخی (شەقڵی نەتەوەیی) دادەگرن.

ئەلهەقی ناتەبایی بانگەوازەکەی ئێمە: لێکۆڵینەوەی شێوازە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ بانگەوازی داواکارانی گەڕانەوە بۆ هونەری میللی ناتەباییەکی توند نییە. ئەوەی ئێمە بۆی تێدەکۆشین لە راستیا هەوڵدانە بۆ راست کردنەوەی واتای گەڕانەوە بۆ هونەری نەتەوەیی لە بواری موسیقادا، چونکە سوور بوونی داواکارانی بیری هونەری میللی واتە نەتەوەیی، لەسەر داواکەیان وایان لێ دەکا هەندێ جار بەهەڵە لە خودی بیرەکە بگەن. هونەری میللی هەمیشە رەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە میللەت پێیدا رۆییووە، دەبێ بە تۆمارێکی راستگۆ و مێژووی ئەو گەلە بەهەڵچوون و داچونەکانیەوە وێنە دەگرێ. بێگومان مێژووی دوورو درێژی میللیمان لە زۆربەی قۆناغەکانیدا مێژووی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە بووە کە گەلەکەمان تا ئەم نزیکانەش هەر پێوەی دەینالاند. بەراستی خەباتی دژ بەم چەوسانەوەیە بەردەوام بوو، بەڵام دیاردەی لێکدا لێکدای دیکتاتۆریەت دەرفەتی گەلی نەداوە تامی ئازادی بچێژێ و لە هونەرەکانی خۆیدا، بە ئازادیدا هەڵبلێ. ئەم حاڵ و وەزعە لە مۆسیقای میللیماندا بە ئاشکرا رەنگی داوەتەوەو پڕە لەواتای کڵۆڵی و مل کەچی، ماناکان لە ئاوازەکانیشدا رەنگیان داوەتەوەو سەیر دەکەین یەکپارچە خەم و گریانە، ئەوەندەی بۆ بەدبەختی خۆی دەکوڕوزێتەوە، ئەوەندە روو ناکاتە ژیان.

مەبەستم ئەوە نییە رەخنە لە هونەری میللیمان بگرم، چونکە ئەم هونەرە ئەمین و راستگۆ بووە لە وێنەگرتنی ئەو بارو دۆخانەدا کە میللەتەکەمان بە درێژایی مێژوو پێیدا تێ پەڕیوە، بەڵام من هەر ئەوەم بەلاوە مەبەستە کە روانینمان بۆ هونەری میللی – لە مەیدانی مۆسیقادا – روانینێکی رەخنەگرانەی بنیات نەربێ.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەو برادەرانە دەکەم کە باوەڕیان وایە دەربازبوونی موسیقای میسری ئەورۆ لەو ئاستەنگەی کە تێی کەوتووە، تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئاوازە میللییەکان دێتەدی، هیوادارم بەوپەڕی راشکاوی و ئەمینیەوە وەڵامیان بدەنەوە: ئایا هونەری میللی – هەمیشە – تۆماری ئەو رووداوانە نەبووە کە بەسەر

گەلدا هاتوون؟ ئایا ئەو ڕووداوانەی گەلەکەمان پێیاندا ڕەت بووە زنجیرە چەوساندنەوەیەکی پێکەوە گرێدراو نەبووە کە زۆردارانی داگیرکەری بێگانە یا فیودالّ و چەوسێنەران بـەکاریان هێنـاوە؟ کەواتـە پێویسـت بـووە ئەم حالّ و وەزعانە لە هونەری میللیماندا بەگشتی و لە موسیقای میللیماندا بەتایبەتی ڕەنگ بدەنەوە، ئیدی ئاوازی ئەم موسیقایە بووە بەشیوەن و گریان تەنانەت لەوحالّەتانەشا کە پێویست بەم خەمە نیە.

ئەلهەقی ئەم چەوساندنەوە دوورو درێژەی کە پێیدا ڕەت بووین – کە دەبێ بە ڕاشکاوی دانـی پێدا بنـێین – وامان لێدەکات کە هەر کاتێ بگەڕێینەوە بۆ هونەری میللیمان یەکجار سڵ بکەینەوە. لە موسیقای میللیـدا – هی دەشت و هی شار – بە ئاشکرا هەڵخڵەتاندنی چەوساوان و زۆر لێکراوان ڕەنگی داوەتەوە ئەو ئامانجـە ڕاستەقینانەی کـە دەبوایـە گـەل هـەوڵی بۆبدانایـە بەئاشـکرا شـێوێندران، گریـان و شـیوەن جێـی هانـدان و خبتینی گرتۆوەتەوە. وادێتە بەرچاو کە کێشەی هەرە گەورەی هاوڵاتی میسری کە نانی نەبووە بیخـوا، هـەر دڵداری و دووری لە دەزگیران و دلبەر بووە! فەلسەفەی پشت بەستن بەقـەدەرو بـەخت و چـارەنووس زاڵـە. گیـانی هانـدان و خـەبات دژ بـەزاڵمان دامرکێنراوەتـەوە. ئیـدی بـەوجۆرە هونـەری مۆسـیقای میللـی گشـت فاکتەرەکانی ئەو زوڵم و زۆرەی بەسەر گەلەکەمانـدا سـەپێنراوە، عـەکس دەکاتـەوە. لـە ڕاسـتیا کەڵکەڵـەی بەرگری دانەمرکاوەتەوە، هەندێ کاری هونەری ئەم شەقڵی بەرگری و تێکۆشانەیان پێوە دیارە، بـەڵام ئەمـە لەچاو لایەنە سەلبییەکەدا یەکجار کەمە.

کەواتە لەسەرمانە بەرلـەوەی بکەوینـە لایـەنگرتنی بانگـەوازی گەڕانـەوە بـۆ هونـەری میللـی لـە موسـیقادا لەخۆمان بپرسین: ئەو وەزع و حاڵانە چی بوون کە ئەم هونەرە عەکسی دەکردنەوە؟ ئەوساکە تێدەگەین کە پێویسـتە زۆر سـڵ بـین لەگەڕانـەوە – مـان بـۆ ئـەم هونـەرە، ولەوەیـە بـارودۆخی وڵاتـی ئێمـە جیـاواز بـێ لەبارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە توانیان لە ڕێگای گەرانەوە بـۆ موسـیقای میللـی ڕاپـەڕینێکی موسـیقایی بـەرپا بکـەن. هـەروەها پـەی بـەوە دەبـەین کـە ئینسـانی پاشـەڕۆژ بێگومـان ئامـانجێکی دروسـت تـر بـۆ خـۆی هەڵدەبژێرێ کە زۆر جیاوازە لەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئاوازە میللیەکان لەسەردەمی زوڵم و چەوسانەوەی ڕابردوودا گۆرانیان پێدا هەڵگوتووە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە پەیوەندی لەگەڵ ڕابوردوودا بپچڕین و هونەرێکی بـێ بـنج و بنـاوان دروسـت بکەین، چونکە هەر چۆنێ بێ شەقڵی میللی خـۆ بـەخۆ لـە هونەرمەنـددا دەردەکـەوێ ئەگـەر هونەرمەنـدێکی ڕاستگۆبێ. ئەوەی شارەزاییەکی قـووڵ و بـەرینی لـە شـێوازە دروسـتەکانی موسـیقادا هـەبێ، ناچـێ ئـاوازە ڕۆژئاواییەکان دووبارە بکاتەوە، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری شەقڵی ناوچەیی ئـەو ژینگەیـەوە کـە دەوری داوە. ئیدی ئاوازەکانی لە قالّبێکدا دادەڕێژێ کە هەموو کەسێك تێی بگاو زەوقـی لـێ وەربگـرێ. خـۆ ئەگـەر هونەرمەند بیەوێ لە ئاوازە میللییەکان بکۆڵێتەوە بێگومان ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـوودی زۆری پێدەگەیـەنێ، بەمەرجێ – وەکو گوتمان – وریـابێ لـە هەڵبـژاردنی ئـەو کەرەسـتەیەی ئـەم ئاوازانـە بـۆی گەڵاڵـە دەکـەن،

هەروەها سروشتی ئەو وەزع و حاڵە بزانێ کە ئەو ئاوازانـەی خوڵقانـدووەو لـە روانگەیـەکی رەخنـە گرییـەوە لێیان بکۆڵێتەوە.

پاش ئەم روون کردنەوانە، بـەم چەشـنەی خـوارەوە هێڵـە گشـتییەکان ئـەو هەنگاوانـەی کـە پێویسـتە لـە پێناوی بوژانەوەی هونەرێکی دروستی موسیقا لە وڵاتەکەماندا بنرێن دەست نیشان دەکـەم و ئـەو بەرنامەیـە دەخەمە روو کە پێم وایە پەیڕەوکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی پایەیـەکمان لـەنێو میللـەتانی دەوڵەمەنـدی ئـەم بوارەدا بۆ دابین بکا.

یەکەم: پێویستە بەو چاوەوە بڕوانینە مۆسیقا کە هونەرێکە لەسەر بناغەی زانستێکی ئەوتۆ بینا دەنرێ کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دوورو درێژو بێوچان هەیە. هەرچەندە ئەو زەمانە بەسەرچوو کەوا دەزانـرا هونـەر داهێنـانێکی خۆبەخۆییـە، بـەڵام ئێمـە تـا ئـەمڕۆش لەمەیـدانی مۆسـیقادا دانمـان بـەم حەقیقەتـەدا نـەناوە، هێشتاش جڵەوی ئەم هونەرە لەدەسـتی کەسـانێکە کـە تـا رادەیـەکی زۆر شـارەزاییان لەمەیـدانی موسـیقادا شارەزاییەکی خۆبەخۆییە.

دووەم: ئەگەر بەو بۆچوونە گشتییەی سەرەوە قایل بین، ئەوا لەسەرمانە ئەو بناغانە دابڕێژین کـە مـەرجی زانستی و لێکۆڵینەوە دابین دەکەن، دەبێ ئەوە بڵێین کە وەچەی موسـیقایی ئێسـتامان ئومێـدی هیچـی لـێ ناکرێ و دەبێ روو بکرێتە پێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ کە پشـت بـە بناغـە دروسـتە زانسـتییەکان ببەسـتێ، پشت بـە مەشـق کـردن و راهێنـان ببەسـتێ، پشـت بـە لێکۆڵینـەوەو کۆشـش ببەسـتێ نـەك پشـت بـەخۆیی وکۆششی تاکەکەسی ببەستێ جـا بـۆ پـەروەردەکردن و پێگەیـاندنی وەچـەیەکی لـەم بابەتـە پێویسـتە کـە: ئەنیستیتۆی گەورە بێتە دامەزراندن، خاوەن بـەهرەکان هـەر لـە قۆنـاغی یەکـەمی تەمەنیانـەوە وەربگـرێ و بەرەبەرە پێیان بگەیەنێ و پەروەردەیان بکا تا تەواو ئامادە دەکرێن. هەڵبەتە دەبـێ مامۆسـتای بێگانـە بـۆ دەرس وتنەوە لەم بابەتە ئەنیستیتویانەدا، بهێنرێ، چونکە تا هەنووکە لە وڵاتی خۆمانـدا کەسـانی وانـین چ لەمەیدانی دانان و چ لە مەیدانی ئـەدادا بـە کـەڵکی ئـەوەبێن موزیشـنێکی وا پـەروەردە بکـەن کـە لەئاسـتی جیهانیـدا بـێ. هەڵبەتـە هانـا بردنـە بـەر ئـەزمونی بێگانـەو دان نـان بـەوەیا کـە لـەم مەیدانـەدا لـە ئێمـە پێشکەوتوترن چ شەرمێکی تێدا نییە: ئێمە لە بواری ئەتۆمـدا پسـپۆڕانی بێگانـان دێنـین یـا هـاو وڵاتـی خـۆ دەنێرینە هەندەران بۆ فێربوونی نهێنیەکانی ئەتۆم – کەچی لە مەیدانی مۆسـیقادا زۆر پاشـکەوتووترین وەك لە بواری زانستە ئەتۆمییەکاندا! هەقی نییە ئەگەر پەنامان بردە بەر بێگانان لەوە بترسین کە موسـیقاکەمان شەقڵی ناوچەیی یا نەتەوەیی خۆی لەدەست دەدا، چـونکە ئـەو بێگانانـە چ شـتێکمان فێرناکـەن جگـە لـەو کەرەستەو ئامێرانەی کە لەداناندا (تالیف) بەکاریان دەهێنن، جگە لـەو زمانـەی کـە هـەربیرێکمان بـوێ پێـی داڕێژین. بێگومان وابەسـتەیی هونەرمەنـد بەژینگەیـەکی دیـاری کـراوەوە کـە هەسـت و شـادی و خەمـەکانی هونەرمەندی پێوە بەسترابێ، لەبەرهەمە هونەریەکەیدا رەنگ دەداتەوە.

سێیەم: هەرئەوەندە بەس نییە دانەری مۆسیقایی و عازف و گۆرانی بێژ بەشێوەیەکی زانستییانەی دروست پەروەردە بکەین، بەڵکو دەبێ گوێگریش پەروەردە بکەین تا ئەم هونەرە دروستە پەسەند بکاو هانی بدا. هەڵبەتە بۆ ئەم کارەش گەلێك هۆ هەن پێویستە موسیقا لە رێگای رادیۆ و دەستەبەرکردنی ریکۆردەر بۆ هەموو کەسێك، بچێتە هەموو ماڵێکەوە. خۆ سەبارەت بە رادیۆ" بێ دودڵی دەڵێم لەم مەیدانەدا درێغی کردووەو هەوڵی نەداوە ئاستی زەوقی گۆهداران بەرز بکاتەوە، ئیدی جارێ بە بیانووی بیرۆکەی شەقڵی نەتەوەییەوەو – کە پێشتر پوچەڵیەکەیمان روون کردەوە – جارێك بە بیانووی ئەوەی کە ئاستی رۆشنبیری بەشی هەرەزۆری گوێگران رێیان نادا زەوق لەم مۆسیقایە وەربگرن، وەکو ئەوەی ئەرکو پەیامی سەرەکی رادیۆ ئەوە نەبێ کە ئاستی رۆشنبیری گوێگران لە رێگای پێشکەشکردنی بەرنامەی زانستانەی وردەوە – بەرز بکاتەوە ! خۆ مەسەلەی دەستەبەرکردنی ریکۆردەر بۆ هەمووان، بەداخەوە بەهۆی زۆری گومرگەوە وای لێهاتووە کە تەنیا دەوڵەمەندان دەستیان دەکەوێ. ئیدی ریکۆردەر بووە بە یەکێك لە ئامێرەکانی سەرگەرمی حاڵبوکی لە حەقیقەتا یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەو رۆشنبیریەی دەبێ هەوڵ بدەین لەنێو گەلدا بڵاو ببێتەوە، رێك وەکو هەوڵدان بۆ بڵاو بوونەوەی کتێبان. هیچ شتێك بە ئەندازەی ئەو تاقمەی کە پێی وایە کتێبخانەی مۆسیقایی بۆ سەرگەرمییەو دەبێ تایبەت بێ بە دەوڵەمەندانەوە، زیانی لە موسیقا نەداوە. ئەگەر ئەم لەمپەرانەی دەبنە هۆی زەوق وەرنەگرتنی جەماوەری گەل لەم هونەرە ناسکە لابەرین ئەوساکە دەرگای دنیایەکی تازەمان لەبەردەم دەکرێتەوە و دەچینە ناو ئەزمونێکی هونەری ئەوتۆوە کە پێشتر هەرگیز نەمان ناسیوە، هەست و بیری وامان لەلا دەوروژێ کە پێشتر هیچ هونەرێك لەلای نەوروژاندووین.

بەڵام بەرای من هەر هەموو ئەم هۆیانە بنج بڕ نین، بەڵکو هۆیەکی دی هەیە بۆ بوژاندنەوەو پێشخستنی ئەم هونەرەو گشت هونەرێکی دی کە بەبێ ئەو هۆیە نە لێکۆڵینەوە، نەزانست، نەشارەزایی و، نە ئەزموون داد نادەن.

موسیقا وەکوو هەر هونەرێکی دی پەیوەندیەکی یەکجار پتەوی بەژیانی واقیعی خەڵکەوە هەیە تا ئەم ژیانە پڕ بێ لەسستی، نائومێدی و هەست کردن بە زوڵم، چاوەڕوانی پێشکەوتن و بوژانەوەی راستەقینە لە بواری هونەردا کارێکی بێهودەیە. ئەگەر خەڵکی لە ژیانیاندا ئامانجێکیان نەبێ، هیوایان بەپاشەڕۆژی پرشنگدار نەبێ ئەوا هونەری دروست لە ناویاندا سەر هەڵنادا، چونکە ئەو شتە لە ئارادا نابێ تا ئەم هونەرە گوزارشتی لێ بکا. بۆیە راپەڕین و پێشکەوتنی موسیقاییمان بەندە بە راپەڕین و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیمانەوە. لە رۆژێکا کە هەموو کەسێك هەست بە بوونی خۆی بکا هەست بەوە بکات کە ژیان پێشوازی لێ دەکا، هەست بەوە بکا کە لەم ژیانەدا ئامانجێکی هەیەو هاوکار لەگەڵ کەسانی دیدا هەوڵ بۆ وەدیهاتنی دەدا – تەنیا لەو رۆژەدا (کە هەموو نیشانەکان مژدەی نزیکی ئەو رۆژە دەدەن) بۆمان هەیە چاوەنۆڕی راپەڕین و پێشکەوتنی موسیقایی و هونەری دروست بکەین. ئەوساکە ئەم نەخشەیە یا پرۆژەیەی کە هێڵە گشتیەکانیمان روون

کردەوە قازانجی خۆی دەگەیەنێ، ئەو ئامێرو وەسیلەکانمان بۆ دابین دەکات، هەستە ئینسانییەکانیشمان جوانترین و سازگارترین واتاو بیرمان لەلا گەڵاڵە دەکات.